# ڕووداو
# RÛDAW

ژمارە (523) دووشەممە 2018/10/1 - 9ی ڕەزبەر 2718 (750) دینار


دایکی بەجێیهێشتووە

## منداڵێک دوو ساڵ و نیوە لە نەخۆشخانەی منداڵبوونە

**ڕووداو- هەولێر**

ئیمان لە نەخۆشخانەی ئازادیی کەرکووک لەدایک بووە و هەر لەوێ فێری قسەکردن بووە و بە هەموو کارمەندانی نەخۆشخانەکە دەڵێت "دایە"، بەڵام دایکی راستەقینەی ئیمان، هەر هەمان ڕۆژ کە ئەم لەدایک بوو، نەخۆشخانەکەی جێهێشت و ئیدی نەگەڕایەوە.

دایکی ئەم منداڵە، بەقسەی جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، تەمەنی نزیکەی 12 ساڵ بووە کە باوکی یەکەمجار دەستدرێژیی کردووەتە سەری. دوای چوار ساڵ کە لای پزیشک دەرکەوتووە دوو گیانە، ئەوە دەدرکێنێ کە باوکی و هەروەها مامیشی دەستدرێژییان کردووەتە سەری. پۆلیس (ع)ی باوکی و (ق)ی مامی ئەو کچە دەستگیر دەکەن، ئەوان ئیعتراف لەسەر تاوانەکەیان دەکەن.

لە یەکەم دانیشتنی دادگادا، ئەو کچە لەبەردەم دادوەر گوتبووی سەرەتا باوکی و دواتر مامی دەستدرێژییان کردووەتە سەری. دادوەر بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ هەردووکیان دەرکرد، بەڵام باوکی کچەکە بەر لەوەی لە سێدارە بدرێ، لە زینداندا دەمرێ. جوان حەسەن لەبارەی باوکی ئەم منداڵەشەوە دەڵێت: "دوای پشکنینی خوێن دەرکەوت کە ئیمان لە مامی (س)ە، واتە (ق) هەم مامی دایکیەتی و هەمیش باوکی".

«12

"200 هەزار ڕەگەزنامەی ساختە بۆ هەڵبژاردن ئامادە کرابوون"

2

دابەزینی بەهای تومەن کۆمپانیا ئێرانییەکان رادەکێشێتە کوردستان

8



زوبێر ڕەسوڵ

پاڤل تاڵەبانی، کاراکتەرێکی تازەی گۆڕەپانی سیاسی

18

## پارتی براوەی یەکەم و یەکێتی دووەمە

# کێ و کێ حکومەتی داهاتوو پێکدێنن؟

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی:

"هەر لایەنێک لەگەڵمان لەسەر بنەماکان هاوڕا بێت، حکومەتی لەگەڵ پێکدێنین"

3

ئەنجامی بەرایی 17%ی دەنگەکان

| | |
|---|---|
| پارتی | % 43.03 |
| یەکێتی | % 18.35 |
| گۆڕان | % 14.68 |
| کۆمەڵ | % 8.45 |
| بەرەو ئیسلاح | %7.42 |
| نەوەی نوێ | % 7 |
| لیستەکانی دیکە | %1.04 |



یاداشتنامە 14

کۆمیتەی هەرێمەکان هەڵوەشانەوە.. یان هەڵیانوەشاندنەوە ؟




ڕاپۆرت 5

سەفەرێک بۆ شارە تۆقیوەکە

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

مافیاکەی چوار وڵات لە هەولێر دەستگیر دەکرێ



کۆمەڵایەتی 13

دوو ڕاوچی ڕاوچییەک دەکوژن





## قایمقامی چەمچەماڵ: کەرکووکییەکان بۆ سەردانی خێزانی هاتبوونە چەمچەماڵ

**ڕووداو– هەولێر**

قایمقامی قـەزای چەمچەمالی سـەر بە پارێزگای سـلێمانی، ڕەتیکردەوە خەڵـکـی کەرکووک لە ڕۆژی 30ی ئەیلوول بە مەبەسـتی دەنگدان سەردانی چەمچەماڵیان کردبێ و ڕایگەیاند "خەڵکی کەرکووک کە لە چەمچەمال دەبینرێت بەمەبەستی سەردانی خێزانی هاتوون، خەڵکێـک پرۆسـەی هەڵبژاردن بە پیرۆز دەزانێـت بۆیە هاتووەتە قەزاکە."ڕەمەک ڕەمەزان، قایمقامی چەمچەمال لەمیانەی کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەڤانیدارایگەیاند:"خەڵکی کەرکووک بۆی نییە دەنگ بدات، بەڵام خەڵکی کەرکووک، کە لێرە دەبینرێت ئەوەیە لە ڕووی خێزانی خەڵکی تێکەلن و خەڵکێک بۆ سەردان هاتووە. لەوانەیە ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەیەکی پیرۆز بزانێت بۆیە هاتبێتە ئەم شارە."

## کۆمیسیۆن بە بڕیارێک ڕێگری لێکرد

# "200 هەزار ڕەگەزنامەی ساختە بۆ هەڵبژاردن ئامادە کرابوون"



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەندامێـکـی ئەنجوومەنـی کۆمیسـیارانی هەڵبژاردن هۆکاری پشـت بڕیارە لە ناکاوەکەی شـەوی پێـش هەڵبـژاردن ئاشـکرا دەکات و دەڵـێـت 200 هـەزار ڕەگەزنامـەی سـاختە لەلایەن لایەنێکی سیاسـی ئامادە کرابوون بۆ ڕۆژی هەڵبـژاردن تاوەکو دەنگی پێبدەن، بۆیە بڕیاریانـدا کە دەنگدەر دەبێ ناسـنامەی باری شارسـتانی و ڕەگەزنامەی پێبـێ، ئینجا بۆی هەبێ دەنگ بدات.

کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان شـەوی 2018/9/29 بڕیـاری دا کـە دەنگـدەر دەبێت ڕەگەزنامـەی عێراقـی و ناسـنامەی بـاری شارسـتانی پێبێـت، یـان پاسـپۆرت، یاخود کارتی نیشتیمانی، ئەگەرنا ناتوانێ دەنگ بدات، بڕیارەکـە بووە مایـەی نیگەرانیـی یەکێتی و ئەوەی بە "گەلەکۆمە" لە دژی خۆی زانی، بەڵام کۆمیسـیۆن ئەمە ڕەتدەکاتەوە کە بڕیارەکە لە دژی لایەنێکـی دیاریکـراو درابێ و هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات.

هەندرێن محەممەد، سـەرۆکی کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی لە هەرێمـی کوردسـتان بـە (ڕووداو)ی گـوت: "ژمارەیەکـی زۆر ڕەگەزنامەی عێراقیی سـاختە دروستکرابوو. کۆمیسیۆن ئەو بڕیارەی دەرکرد، تاوەکو ڕێگری لە ساختەکاری بکات".

### "200 هەزار ڕەگەزنامەی ساختە"

ئەندامێکـی ئەنجوومەنـی کۆمیسـیاران لە کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی، وردەکاریی بڕیارەکەی بـۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "دوو ڕۆژ پێش هەڵبژاردن زانیاریمان پێگەیشـت کە زیاتـر لە 200 هەزار ڕەگەزنامەی عێراقیی بەتاڵ لە شوێنێکی نزیک شـارۆچکەی کۆیە چاپکراون و بڕیـار بووە لە ڕۆژی دەنگدانـدا سـاختەکارییان پێبکرێـت، خەڵکیش لە کەرکووک و دەوروبەری هێنرابوون بـۆ ئـەوەی بـەم ڕەگەزنامە عێراقیانـە دەنگ بدەن، ڕەگەزنامەکانیش بەسـەر چەند شارێکدا دابەشـکراون، لەوانە سـلێمانی، کەلار، کفری، کۆیە، تەقتەق و چەند شوێنێکی دیکەش".

### بڕیارەکە بەمەبەست دواخراوە

ئەنجوومەنـی کۆمیسـیارانی کۆمیسـیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی شەوی پێش هەڵبژاردن شەش بڕیاری بەپەلەی دەرکرد.

قوباد تاڵەبانی، سەرۆکی لیستی یەکێتی هەر ئەو شـەوە بەیاننامەیەکـی دەرکرد و ڕایگەیاند "دەرکردنـی ئـەم بڕیارانـە تەنیـا 10 کاژێـر بەر لە دەسـتپێکردنی پرۆسـەی هەڵبـژاردن، مافـی تانەدانیشـی بۆ قـەوارە سیاسـییەکان نەهێشـتووتەوە". هەروەها گوتـی :"پێمانوایە ئەمە گەلەکۆمەیەکی ترە لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان".

ئەندامەکەی کۆمیسـیاران لەبارەی هۆکاری درەنـگ دەرکردنـی ئـەو بڕیـارەی تایبەت بە چۆنێتـی دەنگدان گوتی: "دەمانتوانی پێشـتر بڕیارەکـە بدەین، بەڵام دوامانخسـت بۆ ئەوەی سـاختەکاران کاتیـان لەبەردەسـت نەمێنـێ ناسنامەی باری شارستانیش دروستبکەن، ئەم بڕیارە بۆ پاراستنی دەنگی هاووڵاتییان بوو".

### دوو کەس دەنگیان بە بڕیارەکە نەدا

بڕیارەکـە بـە زۆرینەی دەنگـی ئەندامانی ئەنجوومەنـی کۆمیسـیاران دراوە، تەنیا دوو ئەنـدام دژ بـوون، ئەو سـەرچاوەیە دەڵێت: "لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کۆمیسـیاران بە زۆرینەی دەنگ بڕیارەکە پەسەندکرا و لە کۆی 9 ئەندامی کۆمسیاران 7 ئەندامیان دەنگیان بە بەڵێ دا و دوو ئەندامیش کە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نوێنەری مەسیحییەکان بوون، دەنگیان بە بڕیارەکە نەدا".

### "پیلانێکی گەورە بوو"

بەپێی قسەی سـەرچاوەکەی کۆمیسیۆن، ئـەوەی کـە کـراوە "پیـلان بووە و دەسـتی دەرەکیشی لەپشت بووە".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تەنیا لایەن بـوو دژی بڕیارەکـە بـوو. د.بڕیـار ڕەشـید، گوتەبێژی دەزگای هەڵبژاردنەکانی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت :"هەر زوو بە کۆمیسـیۆنمان گوت پێویسـتە بڕیارەکە هەڵبوەشـێنێتەوە، ئەگەرنا خۆی بەرپرسیار دەبێت لە ئەنجامەکانی و کەمیی ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردن". بەڵام کۆمیسیۆن گوێی لە داواکەی یەکێتی نەگرت و کاری بە بڕیارەکە کرد.

سەبارەت بە هۆکاری دژایەتی یەکێتی بۆ ئەو بڕیارە، گوتەبێژی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی گوتـی: "بەهۆی ئەم بڕیارەی کۆمیسـیۆنەوە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان نەیانتوانی دەنگ بـدەن و لەو مافەیان بێبـەش بوون، بۆیە بە کۆمیسیۆنمان گوت بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە".

## لە دەنگدانی تایبەت 2000 دەنگی هێناوە

# مونا قەهوەچی: لە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان دەنگیان پێداوم




**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

شـۆک و سـورپرایزی دەنگدانـی تایبـەت، دەنگەکانـی پارتـی چاکسـازی تورکمانی بوو، لەناو پارتی چاکسازیشـدا باس هەر باسی مونا قەهوەچییە کە یەکێکە لە پێنج بەربژێرەکەی ئەو حیزبە تورکمانییە.

بەپێـی ئەنجامـە بەراییـە نافەرمییەکانـی دەنگدانی تایبەت، لیستی چاکسازیی تورکمانی نزیکـەی 2000 دەنگـی هێناوە، ئـەوەش زیاتر بوو لە دەنگی لیسـتی بەرەو ئیسلاح کە لە سێ حیزبی ئیسلامی و سۆفییەکان پێکهاتوون.

ئەوە دوو هەڵبژاردنە ژنێک سـەرۆکایەتی ئەو لیسـتە دەکات، ئەویش مونا قەهوەچییە کە لە هەڵبژاردنی 2013 بەناوی لیسـتی پێشکەوتنی تورکمانـی بەشـدارییان کـرد و توانییان 5259 دەنـگ بهێنـن و دوو بەربژێریان سـەربخەن بۆ پەرلەمان، یەکێک لەوانە مونا قەهوەچی بوو کە 1053 دەنگی هێنا.

هەرچەندە هێشتا ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردن ڕانەگەیەنـراوە، بەڵام مونا ئەمجارەش چانسـی هەیە بۆ جاری دووەم ببێتەوە پەرلەمانتار.

مونا قەهوەچی، سەرۆکی لیستی چاکسازیی تورکمـان بـە (ڕووداو)ی گوت: "تائێسـتا هیچ داتایەکـی فەرمیـم نییە کە خـۆم چەند دەنگم هێناوە، بەڵام لیستەکەمان لە دەنگدانی تایبەتدا 1959 دەنگـی هێنا، جگە لـەو 5 بنکەیەی کە مـاوە و بەوانیشـەوە دەگاتە دوو هـەزار دەنگ، لە هەڵبژاردنی ڕابردووشـدا، پارتەکەمان 5707 دەنگـی هێنا، 1920 دەنگ بەتەنیا هی من بوو، هـۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارانەی بۆ پێکەوەژیان، هەڵوێستی نیشتمانی و پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان کردوومانن".

بـەڵام بەپێـی داتاکانی سـایتی پەرلەمان مونا قەهوەچـی لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا تەنیا 1053 دەنگی هێنابوو.

### لە هەر چوار پارێزگاکە دەنگیان پێداوین

دەنگەکانی مونا قەهوەچی و لیستەکەی تەنیا لـە هەولێر نیـن، بەڵکو لە هەمـوو پارێزگاکان دەنگیـان پێـدراوە. مونـا دەڵێـت "کارکردنـی ئێمە بۆ سـەرجەم پێکهاتەکانە بەبێ جیاوازی، ئێمـە داکۆکیکارین لە هێزەکانی پێشـمەرگە و ئاسـایش و پۆلیـس و هێزەکانـی ناوخۆ، بۆیە جگە لە تورکمانەکان، لەنێو هێزی پێشـمەرگە، ئاسـایش، پۆلیـس و هێزەکانـی ناوخـۆی هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردسـتان دەنگمان پێدراوە".

گوتیشی: "مەرج نییە تەنیا تورکمان دەنگ بە ئێمە بدەن، بەڵکو دەنگدەری دیکەشمان هەیە، وەک چۆن ئاساییە لیستە کوردستانییەکان دەنگ لە پێکهاتەی تورکمـان و پێکهاتەکانی دیکەش وەردەگرن، بەپێچەوانەش ئاساییە پێشمەرگەیەک یـان دەنگدەرێکی پێکهاتەکانـی دیکە دەنگ بە ئێمە بدات".

مونـا قەهوەچی کە تاکە سـەرۆک لیسـتی ئافرەتیش بوو لە بانگەشـەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا، لەبارەی یەکەم کاری خـۆی لەم خولەی پەرلەمانی کوردسـتان دەڵـێـت: "ئێمـە تەنیا دروشـممان نییە، بەڵکو دروشمەکانیشمان دەکەین بە کردار، لە بانگەشەی هەڵبژاردنیش گوتوومانە ئەولەویەتی کارەکانمان پەسـەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی دەبێت، چونکە لە ڕێگەی ئەم چاکسازییەوە بژێوی ژیانی خەڵک ڕێکدەخرێتەوە".

چەند لایەنێک، لیسـتی پارتی گەشەپێدانی تورکمانـی تۆمەتبـار دەکـەن بـەوەی لەلایەن پارتییەوە پاڵپشـتی دەکرێـن، بۆیە دەنگی زۆر دەهێنن، بەڵام مونـا قەهوەچی گوتی "ئەمە بۆ ناوزڕاندنی ئێمەیە، ڕێزم بۆ لیستە تورکمانییەکانی دیکـە هەیە، بەڵام ئەمڕۆ کاندیـد دیارە، من لە هەموو پرسە نیشتمانییەکان و پرسەکانی تایبەت بە بژێوی ژیانی خەڵکی کوردسـتان هەڵوێستم هەبـووە و داکۆکیم لێکـردوون، پێموانییە هیچ کاندیدێکی دیکەی لیستە تورکمانییەکان بتوانێت وەکو من خزمەت بکات و خەڵکی کوردستان لێی ڕازی بێت".

مونـا قەهوەچـی وەڵامـی ئـەو حیزبانـە دەداتەوە کە پارتی بە دەستوەردان لە کاروباری پێکهاتـەکان تۆمەتبار دەکەن و دەڵێت: "ئەوانە تۆمـەت بۆ پارتی و ئێمەش هەڵدەبەسـتن، ئەو حیزبانـە هەر خۆیان بـۆ حیزبە تورکمانییەکان لیستیان دروسـتکرد، بەڵام نەیانتوانی متمانەی خەڵک و دەنگی تایبەت بەدەسـتبهێنن، چونکە دەنگـدەری مـن تایبەتن و لەنـاو هەر حیزبێک بـن هەر دەنـگ بە مـن دەدەنـەوە، دەنگدەری مـن هۆشـیارن و دەزانن موزایـەدە و ململانێی سیاسـی بـە دەنگەکانیانەوە ناکەیـن، بۆیە من بە بەدەسـتهێنانی دەنگێکی زۆر لە هەڵبژاردنی گشـتیدا وەڵامی ئەو حیزبانە دەدەمەوە، تاوەکو بزانـن من پێگەی جەماوەریم تەنیا لەنێو دەنگی تایبەتدا نییە، بەڵکو لە هەڵبژاردنی گشتیشـدا دەنگدەرمان زۆرە".

# مافیاکەی چوار وڵات لە هەولێر دەستگیر دەکرێ



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

شـەش سـاڵ بـوو پۆلیسـی هەولێـر بەدوایـدا دەگەڕان، لە چوار وڵاتی ئەورووپاش داواکرابوو، بەڵام دواجار کەوتە داوی پۆلیسـی هەولێرەوە و دەستگیر کرا. ئەحمەد دەڵێت لە هەموو ئەو کارانەی کردوونی سـەرکەوتووە، تەنیـا لە یەک دزیدا ڕەنجبەخەسـار بووە.

ئەحمەد جەنگیز، لە دایکبووی شـاری هەولێرە. هەشـت سـاڵە لـە ئەوروپـا دەژی و وڵاتینامـەی سویسـرای هەیە، هەر لەوێش کۆلێژی پرۆگرامسازی تەواو کردووە، بەر لەوەی دەسـتگیر بکرێ، قوتابی بەشی دەروونناسی بووە لە زانکۆیەکی قوبرس.

### چۆن بوو بە مافیا؟

ئەحمەد جەنگیز کە دوای دەستگیرکردنی قسەی بـۆ (ڕووداو) کرد، دەڵـێـت کاتێک چووەتە دەرەوە، لە یۆنان بە مافیاکانی ئەو وڵاتە ئاشنا بووە. پاشان کە چووەتە سویسـرا، بەدوای مافیاکانی ئەو وڵاتەدا گـەڕاوە و خـۆی لێ نزیـک کردوونەتەوە. پاشـان پەیوەندی لەگەڵ مافیاکانی سویسرا، یۆنان، تورکیا و قوبرس و ئیتاڵیا بەستووە. جەنگیز دەڵێت: "ئەوان پلان و بیرکردنەوەی منیان زۆر بە دڵ بوو".

ئەحمـەد هەرزوو ناوبانگ پەیـدا دەکات، دەبێتە یەکێک لە مافیا دەوڵەمەندەکان و چەند هوتێلێک لە ئەوروپا دەکڕێ، کاتێکیش دەچێتە فەرەنسـا، لەوێ سەرمایەدارێک دەناسێ و کاری لەگەڵ دەکات، دواتر سـەرمایەدارەکە کچەکەی خۆی پێشـکەش دەکات، ئێستا هاوژینیەتی و منداڵێکیشی لێی هەیە.

ئەحمـەد بڕیار دەدات لە تورکیـا درێژە بە کارە مافیاییەکانی بدات و دەڵێت: "ئەوێ شوێنێکی باش بوو بۆ من، دەسـتم بە هەموو مافیاکان دەگەیشت، سەرپەرشـتیاری سـەد مافیای ئەلبانی و یۆنانی و ئیتاڵی و تورکی بووم".

ئەحمـەد پێیوایـە ئەو لـە ڕێگـەی کارەکەیەوە خزمەتـی زۆری کردووە:"چەندیـن گەنجی کورد کە بۆ گەشـت یان خوێندن دەهاتنە تورکیا و قوبرس، دەکەوتنە بندەسـتی مافیاکان، ئەگەر من نەبوومایە هەمـوو پارەکانیان لێدەسـەندرا و دەسـتدرێژییان دەکرایە سەر و پاشانیش دەکوژران".

یەکێـک لـەو گەنجانـەی ئەحمـەد لە دەسـتی مافیـاکان ڕزگاری کردووە، گەنجێکـە بەناوی کاردۆ کە بۆ خوێندنی ماستەر ڕووی لە زانکۆیەکی قوبرس کردبـوو، لـەوێ دەکەوێتـە داوی مافیایـەک، بەڵام ئەحمەد فریای دەکەوێت و ئازادی دەکات.

کاردۆ بە پۆلیسـی گوتـووە: "دوای ئەو ڕووداوە ئەحمـەد بوو بە هاوڕێم، جاروبار پارەشـی دەدامێ، بـەڵام دواتـر پێیگوتـم دەبـێ هاوکاریم بکـەی لە کوردستان، چاودێریی ماڵە دەوڵەمەندەکانی هەولێرم بـۆ بکەی. مـن گوتم ئـەو کارە ناکەم، بـەڵام ئەو پێیگوتم لە هەموو شوێنێک پیاوم هەیە، هەڕەشەی کوشـتنی دایکم و دەسـتگیرانەکەمی لێکردم، بۆیە ناچار بووم بەقسەی بکەم."

ئەحمەد لەلایەن پۆلیسـی چوار وڵاتەوە داواکراو بووە، چەند جارێکیش دەستگیرکراوە، بەڵام بەهۆی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ بەرپرسـانی پۆلیسی ئەو وڵاتانەی لێیان دەستگیرکراوە، تەنیا چەند سەعاتێک لە زیندان ماوەتەوە.

ئەحمـەد زوو زوو بـۆ دزی گەڕاوەتـەوە شـاری هەولێر، لە ماوەی ڕابردوودا 12 دزی زۆر گەورەی لە ماڵی پزیشک و بازرگانان کردووە، ئەویش لە ڕێگەی بڕینی قاسەی پارەکانیان.

لە یەکێک لە دزییەکاندا قاسەی ماڵێک دەشکێنێ کە بڕێکی زۆر دۆلار و زێڕی تێدابووە، بەڵام ئەحمەد تەنیـا زێڕەکە دەبـات. ئەحمـەد هۆکارەکەی باس دەکات و دەڵـێـت: "ڕەقەمی پـارەکان ڕیزبەند بوو، نەمبرد چونکە دەبووە هۆی ئاشـکرابوونی هەژماری بانکییەکەم".

ئەحمەد چەندین زمان دەزانێ: عەرەبی، تورکی، ئەڵمانی، فەرەنسـی، سویسـری، ئیتاڵی. لە حەوت وڵاتدا کاری مافیایی کردووە، یان هاوکاری هەبووە.

ئەحمـەد دەڵـێـت لەو کارانـەی کردوونی، تەنیا یەکجار سەرکەوتوو نەبووە، ئەویش دزییەک بووە لە یۆنان: "قاسەی ماڵی گەورە بازرگانێکی یۆنانم بڕی، 30 ملیـۆن دۆلاری تێدابـوو، بەڵام هەمووی تەزویر دەرچوو".

### چۆن ئاشکرا بوو؟

پۆلیسی هەولێر شەش ساڵ بوو بەدوایدا دەگەڕان، بەڵام دواتر توانییان لە ڕێگەی کاردۆوە دەسـتگیری بکەن، ئەویش دوای ئەوەی کاردۆ دەستگیر دەکرێ، پۆلیس پێیدەڵێت پەیوەندی بـە ئەحمەدەوە بکات و پێـی بڵێت ماڵێک هەیە بێت بیبڕێت. ئەحمەد لە قوبرسەوە بە فڕۆکە دێتە بەغدا و پاشان بە ئۆتۆمبێل دێت بۆ هەولێر، بەڵام بێ ئاگایە لەوەی ئەوە بۆسەیە و دواجـار دەکەوێتـە بۆسـەی پۆلیسـی هەولێر و دەستگیر دەکرێ.

ڕائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسـی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "شەش ساڵە بەدوای ئەو مافیایەدا دەگەڕێین، کەسێکی زۆر شـارەزا بوو، هەر کارێکی دەکـرد، شـوێنەواری لەدوای خۆی جێنەدەهێشـت تەنانـەت دوای دزییـەکان یەکسـەر کوردسـتانی جێهێشـتووە و گەڕاوەتەوە قوبرس یان تورکیا. ئـەو بـەردەوام ڕوخسـاری خۆی دەگـۆڕی بە تایبەتی ڕەنگی قژ و چاوی".

هۆگر عەزیز باسـی لەوەش کرد کە زوو زوو پزیشـک و سـەرمایەدار و بازرگانان، پەیوەندییان پێوە دەکەن و دەڵێن دزییان لێکراوە. ئەو دەڵێت: "سـێ لەو دزیانەی کـراون زۆر گەورە بـوون، دزییەکانیش لە ڕەمەزانی ئەمساڵدا کراون".

## بەپێی ئەنجامی بەرایی نافەرمیی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان:

# پارتی: 43%.. یەکێتی: 18%.. گۆڕان 14%.. کۆمەڵ 8%.. نەوەی نوێ 7% و بەرەو ئیسلاح 7%

**ئەنجامی بەرایی 17%ی دەنگەکان**

| لیست | ڕێژە |
|---|---|
| پارتی | % 43.03 |
| یەکێتی | % 18.35 |
| گۆڕان | % 14.68 |
| کۆمەڵ | % 8.45 |
| بەرەو ئیسلاح | %7.42 |
| نەوەی نوێ | % 7 |
| لیستەکانی دیکە | %1.04 |

**رووداو- هەولێر**



بانگەشەیەکی ماوە کورت و تاڕاددەیەک ئارام، هەڵبژاردنێک بە گرفتی بچووکی لێرەو لەوێ و هەندێک وردە گلەیی لایەنەکانەوە، بەڵام بەبێ کێشەی گەورە، سیمای هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بوو کە ڕۆژی 30ی ئەیلولی 2018 بەڕێوەچوو. ئەنجامە بەراییەکەشی تا ئێستا پارتی یەکەم، یەکێتی هێزی دووەمی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕانیش سێیەمە. کۆمەڵی ئیسلامی پێش یەکگرتووی ئیسلامی کەوتووە. هێزە نوێیەکەش (نەوەی نوێ) دەنگەکانی بە گوێرەی ڕاپرسی و پێشبینییەکان نەبوون و کەمتر بوون. بەڵام ئەوەی خراپ لێی قەوماوە یەکگرتووە، مەزەندە دەکرێ بەراورد بە هەڵبژاردنی 2013 کە 10 کورسی هێنابوو، کورسییەکانی بۆ نیوە کەم ببنەوە.

بەپێچەوانەی دەنگدانی تایبەت کە ڕێژەی بەشداری 90%ی تێپەڕاند، ڕێژەی بەشداری لە دەنگدانی گشتی بەو شێوەیە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا، تەنانەت تاوەکو سەعات 12ی نیوەڕۆ ڕێژەی بەشداری 15% بوو، بەڵام دوای داخستنی بنکەکانی هەڵبژاردن، کۆمیسیۆن ڕایگەیاند کە ڕێژەی بەشداری گەیشتووەتە نزیکەی 58%.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان پارتی زیاتر لە 40%ی دەنگەکانی هێناوە و پێشبینی دەکرێ سەرووی 40 کورسی ببات. ئەم حیزبە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو 38%ی دەنگەکانی هێنابوو، واتە ڕێژەی دەنگەکانی 2% زیادی کردووە.

### بەهائەددین نووری سڕ کرا

بەهائەددین نووری، سیاسەتمەدار و سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعی عێراق نەیتوانی دەنگ بدات، بەهۆی ئەوەی دەنگەکەی سڕکرابوو. بەهادین نووری لە ئەکاونتەکەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک نووسیبووی: "چووم بۆ قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کچان بەمەبەستی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمدا. پاش گەڕانێکی زۆر ئاگادار کرام کە ناوی من سڕکراوە، چونکە لەدایکبووی 1927م".

دەشڵێت کە لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا دەنگی داوە: "دیارە دەسەڵاتداران پێویستیان بەم سڕکردنە بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ناوی ساختە بخەنە نێو لیستەکە و سەرنجی کەسیش ڕانەکێشێ. ئەگەرنا بۆچی دەنگی هاووڵاتی زیندوو سڕ دەکەن و لیستی مردووەکان دەمێنێتەوە؟ ئاوەها لیستی دەنگدەرانیان پاککردووەتەوە! ئەمەش شێوەیەکی زەقە لە شێوەکانی تەزویری هەڵبژاردن!".

جگە لە بەهائەددین نووری، کەریم ئەحمەد، سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی کوردستانیش ناوی نەبوو.

ئیسماعیل خورماڵی، بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمیسیاران بە (رووداو)ی گوت: "کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ژمارەیەک ناوی سڕکردبوو کە تەمەنیان لەسەرووی 80 ساڵەوە بوو، ئیدی بەهۆی ئەوەی ناویان دووبارە بوو یان کێشەی دیکە هەبوو". خورماڵی گوتیشی: "کۆمیسیۆن پێشتر داوای کردبوو ئەو کەسانە سەردانی نووسینگەکانی کۆمیسیۆن بکەن".

**تەنیا یەکێتی گلەیی لە کۆمیسیۆن هەبوو**

ئەو ڕێکارە لەناکاوەی شەوی پێش هەڵبژاردن کۆمیسیۆن گرتیەبەر بۆ ڕێگرتن لە ساختەکاری، جێی ڕەزامەندی گشت لایەنەکان بوو، تەنیا یەکێتی ناڕازی بوو. بە جۆرێک بە "پیلانگێڕی" و "گەلەکۆمە لە دژی یەکێتی" ناوی برد.

قوباد تاڵەبانی، سەرۆکی لیستی یەکێتی هەر ئەو شەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد و ڕایگەیاند: "پێمانوایە ئەمە بۆ جارێکی دیکە گەلەکۆمەیەکی دیکەیە لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام ئیرادەی یەکێتی ناشکێندرێت".

ڕێکارەکەی کۆمیسیۆن ئەوە بوو کە دەنگدەر بە ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی، یان پاسپۆرتی عێراقی ئینجا دەیتوانی دەنگ بدات. یەکێتی ئەوەی بە سەرلێشێواندنی دەنگدەر و ئاڵۆزکردنی پرۆسەی دەنگدان ناودەبرد.

عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی لیستی گۆڕان، دوای دەنگدانی لە بنکەیەکی دەنگدان لە شاری سلێمانی، قسەی بۆ (رووداو) کرد و لەبارەی ڕێکارە تازەکانی کۆمیسیۆن گوتی: "ڕێنماییە نوێیەکانی کۆمیسیۆن هیچ ئیشکالیەتێکی نییە. ئەمە تەنیا هەنگاوێک بووە بۆ ڕێگری لە ساختەکاری، کۆمیسیۆن خۆی زانیاری وردی هەبووە، ئێمەش زانیاریمان هەبوو کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕەگەزنامە ساختەکراوە، کۆمیسیۆنیش ئەو ڕێنماییانەی بۆ ڕێگری لە ساختەکاری دەرکردووە".

هەروەها شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جووڵانەوەی نەوەی نوێ بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی بە باش وەسفکرد و گوتی: "ئێمە پێمانوایە تاوەکو زیاتر بەڵگەنامە داوا بکرێت، هاندەرێکی باشتر دەبێت بۆ ئەوەی ساختەکاری کەمبکرێتەوە و خەڵک وەک خۆی دەنگ بدات".

### سەرکردەکان چییان گوت؟

سەرکردەکان هەر لە سەعات هەشتی بەیانییەوە لە شاشەی کەناڵەکان دەرکەوتن، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کردنەوەی ناوەندەکانی دەنگدان، لە بنکەیەکی شاری هەولێر دەنگی دا.

دوای دەنگدان لە پرێس کۆنفرانسێکدا گوتی: "ئەنجامی هەڵبژاردن بەهەر شێوەیەک بێت، خەڵکی کوردستان براوەن، ئەوان دەیانەوێت لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن. بەدڵنیاییشەوە هەموومان پێکەوە دەبێت کاربکەین بۆ ئەوەی ئومێد بەخوا کوردستان لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی باشتر ببەین".

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتیش لە بنکەیەکی شاری سلێمانی لە ڕیزی دەنگدەران وەستابوو، دوای دەنگدان بە میدیاکانی ڕاگەیاند: "دەنگدان ماف و ئەرکە. هەڵبژاردن پرۆسەیەکە کوردستان بەرەو دیموکراسی دەبات".

گوتیشی: "پێموابێ ئەو هەڵبژاردنە هاوکێشەی سیاسی دەگۆڕێ".

هەر لەوبارەوە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ئەوەی لە بنکەیەکی دەنگدان لە پیرمام دەنگی دا، لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداو)دا پەیامێکی ئاراستەی لایەنە سیاسییەکان کرد و گوتی: "پەیامی من ئەوەیە لە نەتیجە هەموومان برای یەکین، دەبێت پێکەوە هاوکاربین، بێگومان میللەت بڕیار دەدات هەرکەسێک سەنگی چەندە، ئێمە هەموومان پێویستمان بە یەکدی هەیە، دەبێت هەموو بە یەکەوە بین".

سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش لە سلێمانی دەنگی دا و دوای دەنگدان ڕایگەیاند، ئەم هەڵبژاردنە بۆ سەلماندنی بوونی هەرێمی کوردستان گرنگە، هەرچەندە تێبینی لەسەر پرۆسەکە هەیە بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە، بەڵکو کاتی ئەوەیە هانی خەڵکی بدەین بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

عومەر سەید عەلی، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دوای دەنگدان، پەسنی کۆمیسیۆنی دا و گوتی: "کۆمیسیۆن بێ لایەن و سەربەخۆیە و هیواداریین ئەو بێلایەنییە بپارێزێت و هەر بڕیارێکیش بدات پابەند دەبین پێیەوە".

مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیشە بەر لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بۆچوونی پارتی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند: "هەر لایەنێک لەگەڵ پارتی لەسەر بنەماکان هاوڕا بێت، پارتی درێغی ناکا لەوەی لەگەڵیان حکومەت پێکبهێنێت".

### ڕەگەزنامەی ڕائید ئەبوبەکر ساختە بوو

کۆمیسیۆن هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی ڕێگری لە ساختەکاری بکرێ، دەنگدەران بەبێ ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی پێکەوە، یان کارتی نیشتیمانی و پاسپۆرت، بۆیان نەبوو دەنگ بدەن. کۆمیسیۆن هەر زوو هەوڵێکی ساختەکردنی ئاشکرا کرد.

ئیسماعیل خورماڵی، بڕیاردەری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان داوای لە کارمەندانی کۆمیسیۆن و سەر سندووقەکان کرد: "کەس بە ڕەگەزنامەی عێراقی کار نەکات کە واژۆی ڕائید ئەبوبەکر عەبدولڕەحمان قادر"ی لەسەرە.

**مردن لە ڕێگەی دەنگداندا**

هەندێک لە بەساڵاچووان بەپەرۆش بوون بۆ دەنگدان، لە زۆر بنکەدا لەگەڵ گەنجان نۆرەیان گرتبوو، هەندێک لەو بەساڵاچووانە بە گۆچان دەڕۆیشتن، هەندێکیشیان لەسەر عەرەبانە بوون. لە چۆمان پیاوێکی 70 ساڵە لەکاتی دەنگدان لە بنکەیەکی دەنگدان جەڵتە لێیدا و مرد.

### لە کۆیە قەوما

هەڵبژاردن بێ ئاریشە نەبوو، دوای نیوەڕۆ چوار لایەن: ((پارتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە شارۆچکەی کۆیە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایانگەیاند، لە کۆیە "ساختەکاری گەورە" کراوە و ئەنجامی هەڵبژاردن ڕەتدەکەینەوە.

هەر چوار لایەنی (پارتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لەبارەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە کۆیە ڕایانگەیاند، کادیرانی یەکێتی لە کۆیە بانگەشە دەکەن و هێزی چەکدار لەنێو بنکەکانی دەنگدان دەبینرێن، لەبەرئەوە هەڵبژاردن لەو شارە ڕەتدەکەینەوە و ساختەکاری گەورەش کراوە:

1- ژمارەیەکی زۆر لە هێزی چەکداری یەکێتی لەناو بنکەکانی دەنگدان و دەرەوەی بنکەکانن.

2- گوشار و هەڕەشە و بانگەشەی ڕوون و ئاشکرا لەلایەن کادیرانی یەکێتییەوە بۆ سەر دەنگدەران هەیە.

3- ژمارەیەکی زۆر لە ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی بۆ دەنگدان بەشێوەی تەزویر ڕێکخراوە.

4- ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە حیزبییەکانی یەکێتی لەناو وێستگە و بنکەکانی دەنگدانن".

**یەکێتی و پارتی یەکدیان تۆمەتبار کرد**

پێش تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان، پارتی و یەکێتی کەوتنە تۆمەتبارکردنی یەکدی بە ساختەکاری. مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی لەبارەی پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن هۆشداری دا و ڕایگەیاند ئەوان وەک یەکێتی هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی و مەدەنی دەگرنەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە پێشێلکاری. مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی دەڵێت: "بە بەڵگەوە دەیسەلمێنین لە سنووری بادینان و هەولێر پێشێلکارییەکی زۆر و تەزویرێکی زۆری بە بەرنامە لە ناوەندەکانی دەنگدان کراوە".

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتیش لە سلێمانی و هەڵەبجە ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هۆشداری دا کە بەهۆی ئەو پێشێلکارییانەی لەو ناوچەیە کراون، پارتی هەڵوێستی جدیی دەبێت. عەتا شێخ حەسەن، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی و هەڵەبجە، ڕایگەیاند: "هەوڵێکی جدی بۆ ساختەکاری لەئارادایە و کەشێک دروستکراوە کە ڕێز لە ئیرادەی خەڵک نەگیرێت."

**قسە دژبەیەکەکانی یەکێتی**

بەر لەوەی دەرگای بنکەکانی دەنگدان دابخرێن، سەعدی پیرە، گوتەبێژی یەکێتی ڕایگەیاند کە یەکێتی ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵ ناکات، بەڵام زۆری نەبرد قوباد تاڵەبانی ڕایگەیاند کە هێشتا زووە بۆ ئەو بڕیارە.

سەعدی پیرە بە میدیاکانی یەکێتی ڕاگەیاندبوو، جێگری سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بڕیاریان داوە هەموو ئەنجامەکە ڕەتبکەنەوە. بەڵام دواتر پیرە بە (رووداو)ی گوت: ئەو قسەی لەبارەی هەڵبژاردن لە هەموو کوردستان نەکردووە و تەنیا باسی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی لە هەولێر و دهۆک کردووە. کە بەڕای ئەو ساختەکاری کراوە.

دواتر قوباد تاڵەبانی، سەرۆکی لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە هێشتا زووە ئەنجامەکان قبوڵ بکەن، یان ڕەتبکەنەوە، دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن.

### ڕێژەی بەشداری لە دەنگدان

زۆرترین ڕێژەی بەشداری لە دەنگدان لە سنووری پارێزگای دهۆک بوو کە 61.87% بوو. لە دهۆکیش زۆرترین ڕێژەی بەشداری لە هەردوو ناحیەی ئەترووش و قەسرۆک بوو کە 74% بوو، دوای ئەویش ڕوڤیا 73% و بەردەڕەش 70%. هەروەها 60%ی دانیشتووانی سەنتەری شاری دهۆک بەشدارییان کردبوو.

لە پارێزگای هەولێر ڕێژەی بەشداری لە دەنگدان 58.58% بوو. زۆرترین ڕێژەی بەشداریش لە قەزای مێرگەسۆر و ناحیەی بلێ و بارزان بووە کە 98% بووە.

هەروەها لە هەڵەبجە ڕێژەی بەشداری 60.90% بووە و لە سلێمانیش کەمترین ڕێژە بووە کە 54.90% بووە. ڕێژەی بەشداری لە هەرێمی کوردستان بەگشتی 57.96% بوو.

بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی کە (رووداو) کۆی کردوونەتەوە، لە کۆی جیاکردنەوەی 283 هەزار و 129 دەنگ کە دەکاتە 17%ی دەنگی جیاکراوە، پارتی 121848 دەنگی هێناوە کە دەکاتە 43%ی دەنگەکان. هەروەها یەکێتی 51966 دەنگی هێناوە کە دەکاتە 18.35%ی دەنگەکان.

بزووتنەوەی گۆڕان 41569 دەنگی بەدەستهێناوە کە دەکاتە 14.68%ی دەنگەکان. نەوەی نوێ 19827 دەنگی بەدەستهێناوە کە دەکاتە 7%ی دەنگەکان. کۆمەڵ 23948 دەنگی هێناوە کە دەکاتە 8.45%ی دەنگەکان. بەرەو ئیسلاح 21010 دەنگی بەدەستهێناوە کە دەکاتە 7.42%ی دەنگەکان. هەروەها لیستەکانی دیکەش 1.04%ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە.

هەڵبژاردن تەواو بوو، بەپێی ئەنجامە بەراییەکان هیچ حیزبێک دەنگی پێویستی نەهێناوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شەڕە گەورەکە لێرەوە دەستپێدەکات. کێ لەگەڵ کێ هاوپەیمانی دەکات، ئایا دیسان حکومەتی بنکە فراوان دروست دەکرێ، یان پارتی و یەکێتی کێکەکە لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن؟

| پارێزگا | ژ. دەنگدەر | ژمارەی بەشداربووان | ڕێژەی بەشداری |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 1036419 | 607083 | %58.58 |
| سلێمانی | 1134760 | 623028 | %54.90 |
| دهۆک | 677797 | 419351 | %61.87 |
| هەڵەبجە | 66016 | 40203 | %60.90 |
| گشتی | 2914992 | 1689665 | %57.96 |

# کێ پۆستی سەرۆککۆمار یەکلایی دەکاتەوە؟

**ئەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

لە دواییــن پێشــهاتدا، وا دیارە کــە یەکڕیزی و یەکدەنگیی یەکێتی لەســەر کاندیدای ئەو حیزبە بۆ ســەرۆکایەتی کۆمــاری عێراق بەرەورووی کێشــەی راستەقینە دەبێتەوە لە کاتێکدا کە پارتی داوا دەکات بەربژێــری کورد بۆ پۆســتی ســەرۆککۆمار لەلایەن فراکسیــۆنەکانی کوردستان لە بەغدا یەکلابکرێتەوە و هێشــتا یەکێتــی دوو بەربژێــری بۆ ئەو پۆســتە هەیــە و ســەرباری ئــەوەش، دابەشــبوونێک لەنێو یەکێتیــدا ســەری هەڵداوە دەربارەی ئــەوەی لایەنە کوردســتانییەکان خۆیان یــان پەرلەمانی عێراق ئەو پرسە یەکلایی بکاتەوە.

ئێــوارەی دوێنــێ و لــە گەرمــەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانــی پەرلەمانــی کوردســتاندا، هێــرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە پەیامێکدا داوای کرد کە لە دیاریکردنی بەربژێری پۆســتی ســەرۆککۆماردا یەکڕیزیی نێــو ماڵی کورد و هاوپەیمانێتــی یەکێتی و پارتــی بپارێزرێ. هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە پێچەوانەی بەرپرســانی دیکەی یەکێتی کە هێشــتا پێداگیریی دەکەن لەسەر ئەوەی پرسەکە رەوانەی دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بکرێ، ئــەو داوا دەکات کە نوێنەرانی هێزە سیاســییەکانی کوردستان لە بەغدا ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە.

بەرپرســێکی پارتی دەڵێت ئەوان لەوە ناترســن پەرلەمــان پرســەکە یەکلایی بکاتــەوە و بەربژێری ئەوان ســەرنەکەوێ، بەڵام ترسیان لەوە هەیە کە لە پەرلەمان ئەو پۆستە لەدەست کورد دەربچێ.

پێشتر د.بەرهەم ساڵح لە وەڵامی راگەیێندراوێکی مەســعود بارزانــی، ســەرۆکی پارتــی دیموکراتــی کوردســتاندا کە داوای کردبوو دیاریکردنی بەربژێری کورد بۆ پۆســتی ســەرۆککۆمار "بۆ رای فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا" جێبهێڵرێ، ئەو لە وەڵامدا رایگەیاندبــوو کە "ئەگەر ســەرۆککۆمار نوێنەرایەتی هەموو گەلی عێراق بە کوردستانیشەوە دەکات، ئەوە پێویســتە پەرلەمانی عێراق بڕیاری کۆتایی لەســەر بدات".

گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی رەتیکردەوە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرســە تەنیا رای بەرهەم ساڵح بێت. ئەو گوتی "وەک ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی، دەمانەوێ پەرلەمانی عێراق ئەوە یەکلایی بکاتەوە".

ســەعدی ئەحمەد پیرە، دەڵێ حیزبەکەی رازییە بەو بەربژێــرەی پەرلەمانی عێــرق هەڵیدەبژێرێ بۆ وەرگرتنی پۆســتی ســەرۆکایەتی کۆمــاری عێراق. بەڵام وا دیارە لە هەڵوێستی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەددا دەربارەی ئەو پرسە گۆڕانێکی گەورە روویداوە.

هێرۆ ئیبراهیم کە هەر بەهۆی پرسی دیاریکردنی بەرهەم ســاڵحەوە بۆ ئەو پۆســتە ماوەیەکە ناچێتە کۆبوونەوەکانــی مەکتەبی سیاســی حیزبەکەشــی، پێشــتریش گوتبووی کە بەربژێــری یەکێتی بۆ ئەو پۆستە، پێویستە کەسێک بێت لە یەکێتی دانەبڕابێت.

نێچیرڤــان بارزانــی، جێگــری ســەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لای خۆیەوە رۆژی یەکشەممە هۆشــداری دا کــە بەرژەوەنــدی لــەوەدا نییە کورد بــە دوو کاندیــداوە بچنە پەرلەمان. ئــەو گوتی کە رێگەی دروست ئەوەیە بابەتەکە لەنێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان یەکلابکرێتەوە.

نێچیرڤــان بارزانی گوتیشــی: "ئەگەر تەســەور بکەن ئێمە بترسین، ئێمە ناترسین بابەتەکە بچێتە پەرلەمــان، بەڵام بۆ کورد جوان نییە بە دوو کاندید بچێتە پەرلەمان".

محەممەد حەلبووسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، رۆژی 2018/10/2ی وەک دوا وادەی هەڵبژاردنــی سەرۆککۆمار دیاری کردووە، بەڵام پێناچێت ناکۆکی نێــوان پارتی و یەکێتی، تاوەکو ئەو وادەیە کۆتایی بێــت. رۆژانە هەریەکە لە د.بەرهەم ســاڵح، د.فوئاد حوســێن، بەربژێرانــی پارتی و یەکێتی ســەرقاڵی دیــدار و کۆبوونەوەن لەگــەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی زۆرتر.

ئەندامێکی ســەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست نــاوی بڵاوبکرێتــەوە، دڵنیایە لــەوەی بەربژێــری حیزبەکــەی لەنێــو پەرلەمانی عێراق بــراوە دەبێت "یەکێتی لە دیدار و کۆبوونەوەکانی بەغدا، پشتگیریی زۆرتری لە پارتی بەدەستهێناوە، جگە لە سوننەکان، بەشــێکی زۆر لە پەرلەمانتارانی شــیعە پشــتیوانی بەربژێری یەکێتی دەکەن".

ئەو ئەندامەی ســەرکردایەتی یەکێتی، گوتیشی: "باشــترە پێــش دووی ئۆکتۆبــەر، پارتی و یەکێتی رێکبکــەون و پارتی بەربژێری خۆی بکشــێنێتەوە، ئەگەرنا ئێمە ئەو پرســە دەدەینە دەست پەرلەمانی عێراق، نەک فراکسیۆنە کوردستانییەکان".

بەڵام ئەندامێکی شاندی دانوستاندنکاری پارتی کە هاوڕێیەتی د.فوئاد حوسێن دەکات لە دانیشتنەکاندا، بەدووری زانی لایەنە عێراقییەکان پشتیوانی لایەنێکی دیاریکــراو بکەن "بە ئێمە و یەکێتیشــیان گوتووە، پێمان باشە لەسەر بەربژێرێک رێکبکەون، نامانەوێ لە نێوان پارتی و یەکێتیدا ئیحراج ببین".

رێنــاس جانۆ، هەروەها دەڵــێ: "ئێمە کە داوای ئەوەمان کردووە فراکســیۆنە کوردســتانییەکان ئەو پرسە یەکلابکاتەوە، نامانەوێ دیاریکردنی نوێنەری کــورد لەدەســت کــورد دەربچــێ، ئەگینــا د.فوئاد حوسێن لە نێو پەرلەمانی عێراق پشتیوانی بەهێزی هەیە و کاری باشی بۆکراوە".

لــەم خولــەی پەرلەمانــی عێراقــدا، پارتی 25 کورسی پەرلەمانی هەیە و لە بەرامبەریشدا یەکێتی 19 کورســی. هەشت کوردیش بەربژێرن بۆ پۆستی ســەرۆککۆمار. یەکێتــی لــەوە تێگەیشــتووە کــە بەربژێری دیکە لە کۆمەڵی ئیســلامی و نەوەی نوێ وا دەکەن تەنیا کورسییەکانی پارتی و یەکێتی ئەو بابەتە ببڕنەوە و ئەوەش بە قازانجی فوئاد حوسێن تەواو دەبێت. هەربۆیە یەکێتی سوورە لەسەر ئەوەی پرسەکە بداتە دەست پەرلەمانی عێراق، بەتایبەتیش کە یەکێک لە رکابەرە کوردەکانی د.بەرهەم ســاڵح هــەر لەنــاو حیزبەکەی خۆیــەوە هاتــووە، ئەویش دکتۆر لەتیف رەشیدە کە رەنگە دەنگی هەندێک لە یەکێتییەکان ببات.

ئەحمەد حاجی رەشــید، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە ناکرێ بارزانی لە رێگای میدیاوە رێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە رابگەیێنێ: "دەبێ کۆبوونەوەیەک رێکبخرێ و قسە لەگەڵ حیزبەکان بکرێ".

گوتیشی: "ئێمــە وەک کۆمــەڵ ناچینــە نێــو هیــچ رێککەوتنێکــی نێــوان پارتــی و یەکێتــی بۆ یەکلاکردنەوەی بەربژێر و بەربژێری خۆمان هەیە".

موســەننا ئەمیــن، پەرلەمانتــاری یەکگرتــووی ئیســلامی لە پەرلەمانی عێــراق، دەڵێ: "باشــترە پارتــی و یەکێتی خۆیــان یەکلابکەنەوە و بابەتەکە نەهێننە بەردەستی ئێمە. ئێمە کاتێک دەنگ دەدەین بە بەربژێرێک کە پارتی و یەکێتی خۆیان رایبگەیێنن ئێمە بەو رێگایە رازین".

پەرلەمانتارانی بزووتنەوەی گۆڕان رەتیدەکەنەوە نە لەنێو فراکســیۆنە کوردســتانییەکان و نە لەنێو پەرلەمانــی عێراقیش دەنگ بەو پرۆســەیە بدەن. ئاریز عەبدوڵلاش، ئەندامی ســەرکردایەتی یەکێتی دەڵــێ "دەرفەت مــاوە لەگەڵ پارتــی رێکبکەوین، ئەگەریش رێکنەکەوتین، پرسەکە دەبەینە نێو هۆڵی پەرلەمان".




> نوێنەرانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە بەغدا
>
> هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

> سەرۆککۆمار نوێنەرایەتی هەموو عێراق دەکات، بۆیە پێویستە پەرلەمانی عێراق بڕیار بدات
>
> بەرهەم ساڵح

# ئەمریکا لەترسی ئێران کۆنسوڵخانەکەی لەبەسرە دادەخات

**رووداو- هەولێر**

رۆژی 28ی ئەیلولــی 2018 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریــکا رایگەیانــد، کونســوڵخانەی وڵاتەکەی لە بەســرە دادەخــات و ستافەکەشــی دەگوازێتــەوە. وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریکا هەڕەشــەی ئەمنی بە هۆکاری ســەرەکیی بڕیارەکە ناوبرد، بە تایبەتیش ئەو هەڕەشانەی لەلایەن ئێرانەوە دێن.

مایک پۆمپیــۆ، وەزیــری دەرەوەی ئەمریکا، لە نیویــۆرک بــە پەیامنێرانــی راگەیانــد: "بەوپێیەی هەڕەشــە بــۆ ســەر ســتاف و دامەزراوەکانی ئێمە لــە عێــراق زیــادی کــردووە، بڕیــارم دا ســتافی دیپلۆماتیــک (لــە بەســرە) بــۆ شــوێنێکی دیکە بگوازرێنەوە". بەرپرســێکی باڵای کۆشکی سپی لە لێدوانێکــدا بۆ رۆژنامەی (وۆڵ ســتریت جورناڵ)ی ئەمریکــی هەڕەشــەکانی ئێرانی بە هــۆکار زانیوە. بەرپرســەکەی کۆشکی ســپی لە رێگەی کۆمەڵێک کاناڵی دیپلۆماتیکەوە هۆشــداری بە ئێران داوە کە هەڕەشەکانی تاران "مایەی قەبووڵکردن نین".

بڕیارەکــەی وەزارەتــی دەرەوە مانگێــک پێش ســەپاندنی قۆناغــی دووەمی ســزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دێ کە ئەمجارەیان دامەزراوە نەوتییەکانی ئێران دەگرێتەوە. ئامانج لەو ســزایانە ئەوەیــە نفــوزی ئێــران لــە رۆژهەڵاتی نێوەڕاســت کەمبکەنــەوە و تارانیش ناچار بکەن رێککەوتنێکی دیکە لەگەڵ ئەمریکا واژۆ بکات کە جگە لە بەرنامە ئەتۆمییەکــەی، بەرنامەی مووشــەکی بالســتیک و میلیشیاکانی ئەو وڵاتە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بگرێتەوە.

بەرپرسێکی کۆشکی سپی کە نەیویستووە ناوی ئاشــکرا بکرێ، بە رۆژنامەکەی راگەیاندووە: "خاڵی ســەرەکیمان ئەوەیە ئەگەر هێرشمان بکرێتە سەر، ئێمــەش وەڵامــان دەبێ، وەڵامەکەشــمان خێرا و کاریگەر دەبێ، بەڵام کاردانەوەی ئێمە بەرامبەر هێزە وەکیلەکان نابێ، لەبەر ئەوەی ئێران بە بەرپرسیاری هێرشەکە دەزانین".

حکومەتــی عێراق دەمودەســت لــە بڕیارەکەی وەزارەتــی دەرەوە ئاگادار کراوەتەوە، بەرپرســێکی بــاڵای حکومەتــی عێراقی بە رۆژنامەی (واشــنتن پۆست)ی ئەمریکی راگەیاند "ئێمە ئاگادار نین ئێران یان دۆستەکانی لە عێراق هیچ نیازێکی هێرشکردنە سەر دیپلۆمات یان کونسوڵخانەی ئەمریکییان هەبێ. جێگەی داخە کە ئەمریکا ئەم هەنگاوەی ناوە".

کۆنســوڵخانەی بەســرە، لە پــاڵ باڵیۆزخانەی ئەمریــکا لــە بەغــدا و کۆنســوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر، یەکێک لە سێ دامەزراوە دیپلۆماتیکەکەی واشــنتنە لە عێــراق کــە ســاڵی 2011 کرایەوە و نزیکەی 1000 کارمەندی هەبوو.

لــە مانگــی تەمــووزی ئەمســاڵەوە تاوەکــو ســەرەتاکانی ئەیلول، بەســرە و ژمارەیەک شــاری باشــووری عێــراق مەیدانــی خۆپیشــاندانی گەورە بــوون لــە دژی حکومــەت. خۆپیشــاندانەکان لــە بنەڕەتــدا بەهــۆی نەبوونــی خزمەتگوزارییــە سەرەتاییەکانەوە بوو، بەڵام دواتر رەهەندی سیاسی و جیۆپۆلیتیکیشیان وەرگرت، کاتێک ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران ئاگریان لە باڵەخانەی کۆنسوڵخانەی ئێران لە بەسرە بەردا.

ژمارەیەک فەرماندەی حەشدی شەعبی، لەوانەش مەهــدی موهەندیس، کۆنســوڵخانەی ئەمریکایان تۆمەتبار دەکرد بەوەی لە پشت هێرشەکەی لەسەر کۆنســوڵخانەی ئێران لە بەســڕە بووە. ئەمریکاش ئێران و میلیشــیا هاوپەیمانەکانی تۆمەتبار دەکات بەوەی لە پشــت هێرشــەکانی 8ی ئەیلوول بۆ سەر کۆنسوڵخانەی ئەمریکا لە بەسڕە بوون.

کاربەدەســتێکی بــاڵای حکومەتــی عێراق لە لێدوانێک بۆ (جورناڵ) رایگەیاندووە "حکومەتی عێراق خۆی بە پابەند دەزانێ ئاسایشــی هەموو دیپلۆمــات و دامەزراوە دیپلۆماتیکەکان لە عێراق بپارێزێ، هەرچەشــنە هێرشــێکیش بۆ سەر ئەو دامەزراوانە وەکو هێرش بۆ سەر حکومەتی عێراق خۆی وایە".

بەســڕە تەنیــا 170 کیلۆمەتــر لە شــوێنی هێرشــەکەی 22ی ئەیلوولی ئەهوازەوە دوورە، کە ئێران بەرپرسیارێتییەکەی دەخاتە ئەستۆی ئەمریکا، وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل. بەڵێنیشی داوە وەڵامــی هێرشــەکان بداتــەوە. هــەردوو شــارەکە شــادەماری ئابووریــی وڵاتەکانیانــن و نزیکیــان لــە یەکــدی ئەگــەر دروســتبوونی گرژی لەنێوان ئێــران و ئەمریکا زیاتر دەکات.

شــارەزایان ئەمنی و ســەرکردەکانی حەشــدی شــەعبیش ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکــەن دوای رووداوەکانــی بەســڕە و هێرشــەکەی ئەهــواز ئەگەری زۆرە میلیشــیاکانی حەشــدی شەعبی رۆڵی گەورەتریان لە ئیدارەی ئەمنی شارەکەدا پێببدرێ.

سێ بەرپرسی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریــکا بــە رۆژنامــەی (نیویــۆرک تایمــز)ی ئەمریکییان راگەیاندووە پرســی داخســتنی کۆنســوڵخانەی ئەمریــکا لــە بەســڕە مــاوەی ســاڵێکە لــە وەزارەتــی دەرەوەدا تاوتــوێ دەکــرێ، هۆکارەکەشــی بــۆ کەمکردنــەوەی خەرجییە دیپلۆماســییەکانی وەزارەتی دەرەوە دەگەڕێتەوە.

بە گوێرەی راپۆرتەکە کۆنسوڵخانەکە ساڵانە 200 بۆ 350 ملیۆن دۆلار خەرجی هەیە. بەهاری ئەمساڵ چارەنووسی کۆنسوڵخانە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریــکا خســترابووە دەنگدانــەوە و لایەنگرانــی هێشــتنەوەی دامەزراوەکــە بــە جیاوازییەکــی کەمــی دەنگــەوە بردیانــەوە. بەشــێک لــە خەرجیــی زۆری کۆنســوڵخانەی بەسڕەش بۆ دابینکردنی ئاسایشی باڵەخانەکە و دیپلۆماتەکان دەگەڕێتەوە.

> لە عێراق هێرشمان بکرێتە سەر، ئێران بە بەرپرسیار دەزانین
>
> بەرپرسێکی کۆشکی سپی



## گەڕایەوە ناو پارتی

# نەوەکەی مەلیکی کوردستان وازی لە ڕەوتی حیکمە هێنا

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

نەوەیەکــی مەلیــک مەحمــوودی حەفیــد کــە بەڕێوەبەری نووسینگەی رەوتی حیکمەی نیشتمانی سەر بە عەممار حەکیم و هاوکات جێگری ئەمینداری گشــتیی ئــەو حزبــە بوو لــە هەرێمی کوردســتان، گەڕایــەوە نێو پارتی و دەڵــێ: "بۆم دەرکەوت زیاتر لە بەرژەوەندی حیزبیی خۆیان کاردەکەن و ئەوەش بــە من قبوڵ نەدەکرا، چونکە بڕیاربوو کە هاوکار و پشتیوانی کوردستان بن".

مستەفا شێخ لەتیف، کوڕی شێخ لەتیفی حەفیدە و نــەوەی مەلیــک مەحموودە. ئــەو یەکێک بوو لەو سوپرایزانەی لە سەرەتای دەستپێکردنی ئامادەکاریی حیزبەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 12ی ئایار دەرکەوت، کاتێک وەک بەڕێوەبەری نووسینگە و جێگــری ئەمینــداری رەوتی حیکمەی نیشــتمانی لــە هەرێمــی کوردســتان دەرکــەوت، بــەڵام چەند رۆژێک پێش دەســتپێکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، شێخ مســتەفا لەگەڵ ژمارەیەک کەسی دیکە پەیوەندییان بە پارتییەوە کرد لە سلێمانی.

شێخ مســتەفا هۆکاری پەیوەندیکردنی خۆی بە ریزەکانــی رەوتی حیکمەی نیشــتمانی دەگێڕێتەوە بــۆ داواکاری و داخوازیی عەممار حەکیم، ئەمینداری گشتی رەوتی حیکمە و دەڵێ: "چەند جارێک عەممار حەکیــم خــۆی و کەســانی بنەماڵەکەی کــە پلەی بەرزیان هەیە لەنێو رەوتی حیکمەدا، داوایان لێکردم. رەچاوی پەیوەندی لەمێژینەی نێوان خێزانی حەکیم و بنەماڵــەی مەلیک مەحموود کرابوو بۆ ئەو داوایە، بۆیە ئەو بەرپرسیارێتییەم وەرگرت".

پەیوەندیی شــێخ مســتەفا بــە رەوتی حیکمەی نیشتمانییەوە، کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. تەنانەت لەنێو ئەندامانی خێزانەکەشیدا نیگەرانییەکی زۆر هەبوو کاتێک بۆ (رووداو) قسەیان کرد.

سەبارەت بە هۆکاری وازهێنانی لە رەوتی حیکمە، شێخ مستەفا دەڵێت: "لە سەرەتاوە کارەکان خراپ بەڕێوەنەدەچــوون، بەڵام دواتر ئەوەی کە دەمبینی، ئەوە نەبوو کە بەڵێنیان دابوو".

لەبــارەی نــاڕەزایەتــی خێزانەکەشــییەوە، نایشــارێتەوە ئەوان نیگــەران بــوون "خێزانەکەم و کەسانی نێو بنەماڵەکەم گوشاریان نەخستە سەرم، بەڵام پێشیان خۆش نەبوو لەوێ بم".

لە سەرەتای مانگی یەکی ئەمساڵەوە، نووسینگەی رەوتــی حیکمەی نیشــتمانی لە ســلێمانی کرایەوە و چەنــد رۆژێــک پێش دەســتپێکردنی بانگەشــەی هەڵبژاردنەکانیش، لیســتی ئەو رەوتە راگەیێندرا بۆ هەڵبژاردنــی پەرلەمانی عێراق کە ژمارەیەک کوردی پارێــزگای ســلێمانی بەربژێر بوون، بــەڵام هیچیان دەرنەچوون.

شــێخ مەحمــوودی شــێخ لەتیفــی حەفیــد کە ماوەیەکــی زۆر راوێژکاری بارزانــی بوو بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، برای گەورەی شێخ مستەفایە. سەرەتا وا بڵاوکرایەوە کە شــێخ مەحموود لە شێخ مستەفا تووڕە بووبێ، بەڵام شێخ مستەفا ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێت: "ئاساییە نیگەران بێ، بەڵام نەمزانیوە لێم تووڕە بووبێت، بەهۆی دڵسۆزی و برایەتییەوە مافی خۆیەتی نیگەران بووبێت".

شــێخ مەحموود، ناســراو بە مەلیک مەحموودی حەفیــد، کــوڕی شــێخ ســەعیدی کــوڕی کاک ئەحمــەدی شــێخی کــوڕی شــێخ مارفــی نۆدێیە. ســاڵی 1881 لەدایکبووە. لە نێوان ســاڵانی 1919 – 1922 حکومەتێکی پێکهێنا و دوو شۆڕشــی دژی بەریتانییەکان بەرپا کرد، دوو ســاڵی پێچوو تاوەکو توانییان شۆڕشــەکەی کپ بکەنــەوە. هەرچەندە لە ســاڵی 1930 جارێکی دیکە شۆڕشی بەرپا کردەوە، بەڵام دیســان لەلایەن ئینگلیزەکانــەوە کپکرایەوە، گەورەترین شــەڕی ئــەو لە دژی ئینگلیــز لە بەردە قارەمانی نزیک بازیان بووە.

مستەفا شێخ لەتیف، دەڵێ پێشتر لە نێو پارتیدا کاری کــردووە، بەڵام بەهــۆی هەندێک نیگەرانییەوە دوورکەوتووەتــەوە و ئێســتاش گەڕاوەتــەوە نێــو حیزبەکەی "من نە لە رابردوو نە ئێستاش هیچ گلەیی و نیگەرانیم لە جەنابی ســەرۆک بارزانی و بنەماڵەی بارزانــی نەبووە و نییــە، بەڵام لە مامەڵەی هەندێک بەرپرســی پارتی نیگــەران بووم، جەنابی ســەرۆک بارزانی هەمیشــە وەک مام و بــرازا مامەڵەی لەگەڵ کردووین".

گوتیشی "لەرێگای مەکتەبی سیاسی و هەڤاڵی بەڕێز کاک عارف تەیفور پەیوەندیم پێوەکرا، منیش نیگەرانییەکانی خۆمم تێگەیانــدن و دواتر بەڕێزەوە لەســەر ئــەوە رێککەوتین کە بگەڕێمــەوە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان".


مستەفا شێخ لەتیف



### بۆ جاری یەکەم بەغدام چۆن بینی؟

# سەفەرێک بۆ شارە تۆقیوەکە

**هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- بەغدا**

لە دەرگای ڤی ئای پیی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو ئەو فڕۆکەیە هەنگاومان دەنا کە لۆگۆی هێڵی ئاسمانیی عێراقی بەسەرەوە بوو. مەنزڵگەمان بەغدایە. ئەو بەغدایەی دروست ساڵێک پێشتر، لە هەمان ئەو ڕۆژەدا کە بۆ یەکەمجار سەفەرم بۆی دەکرد، بە شانازییەوە دەنگم بۆ جیابوونەوە لێی دابوو. میواندارەکانی نێو فڕۆکەکە گەنجی ریشدار و ژنی چاوڕەشی لەچکدار بوون. فڕۆکەکە وردە وردە ئامادە دەبوو بۆ فڕین و لە پەنجەرەوە دیمەنی هەولێرێکی ئاوەدان و باڵەخانەی بەرز و لە هەندێک شوێنی فڕۆکەخانەش ئاڵای کوردستانمان دەبینی. هەستی ئەوەی پاش کەمتر لە کاژێرێکی دیکە دەچینە ژێر ئەو ئاڵایانەی پار لەژێریدا بەناوی یا حوسەینەوە کەرکووکیان لێ ستاندین، مووچڕکەی بەلەشمدا دەهێنا، بەڵام پێشم گرنگ بوو بزانم ئەو بەغدایەی سەت ساڵ زۆرترە چارەنووسی ئێمەی پێوە بەستراوە، چ شتێکی عەنتیکەیە.

فڕۆکەکە بەرزبووەوە و تا دەڕۆیشت لەو بەرزاییەوە دیمەنی خوارەوە زەردتر و بێ کەند و لەندتر دەردەکەوت. ئەمە یەکەمجارم بوو بە فڕۆکە بەسەر بیاباندا تێپەڕم. بیابانێک کە لە کۆتایی هەشتاکاندا بووە گۆڕی بەکۆمەڵی ئەو هاوزمانانەی تاوانیان تەنیا ئەوە بوو کورد و بێکەس بوون. بڕیاری زیندەبەچاڵکردنیشیان لەو بەغدایەوە دەرچوو کە بۆی دەچووم.

## شارێک لەژێر تۆزدا

بەغدا لە بیرەوەریی نەوەی مندا تەنیا ئەو شوێنە نییە کە بڕیاری ئازاردانی نەتەوەکەمی داوە. بەڵکو چیرۆکی ژیان و سەربوردەی بەتامی ئەو منەوەرانەی کوردیشە کە لەوێ ژیاون. لە پازدە ساڵی ڕابردوودا کاتێک ناوی بەغدا هاتبێ دیمەنی منداڵە خوێناوییەکان و ژنە سنگ و بەرۆک دڕاوەکان و پیاوە قاچپەڕیوەکانی پاش تەقینەوە زۆر و زەوەندەکانمان هاتووەتە پێشچاو. بۆیە ئەگەر (چێشتی مجێور) و (ڕشتەی مرواری) و دەیان کتێبی دیکەشمان خوێندبێتەوە کە چیرۆکی دڵڕفێنیی بەغدایان تێدایە، هەر بیرمان کەوتووەتەوە کە بەغدای ئێستا بەغدای وێرانی و پۆخڵی و بێسەروبەرییە. ڕەنگە هەر بۆیەش بێت، ئەگەر نەشیڵێین، بەڵام کاتێک خەڵکی عەرەب لە مۆڵە جوانەکانی هەولێر دەبینین، هەستێکمان هەیە کە ئەوانە لە وێرانەیەکەوە هاتوون و لە وڵاتی ئێمە چاویان بە ژیانی شارستانی کەوتووە.

لەو خەیاڵانەدا بووم کە قایشەکان بەستران و فڕۆکەکە ئامادەبوو بۆ نیشتنەوە. لەگەڵ سووڕانەوەیدا بەسەر بەغدادا شارێکی گەورەم بینی کە نەخشەیەکی جوانی هەیە، بەڵام خانووەکانی لەژێر تۆزدا ون بوون. دروست وەک ئەو شارە شوێنەوارییانەی دەدۆزرێنەوە و بەدەیان ئارکیۆلۆژ خەریکی دەرهێنانین لەژێر تەپوتۆزی مێژوودا.

فڕۆکەکە نیشتەوە و ئاڵا سێ ئەستێرەکەی عێراق بە ئەڵڵاهوئەکبەرەکەی سەدام حوسێنەوە لەنێو فڕۆکەخانە وەدەرکەوت. بڕیار درا لەوێوە بچینە ناوچەی سەوز، کە ساڵانێکی درێژە حەشارگەی ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانی و ئەو عێراقییانەیە کە گوایە حاکمی وڵاتن. ساڵانی درێژ قاعیدە و هێزە سوننەکانی دیکە و لەدوای شەڕی داعشیش هێزە جیاوازەکانی حەشدی شەعبی بە سەرتاسەری عێراقدا تەراتێنیان کردووە و شەڕی ئەوانەیان کردووە کە بە موتڵەقی تەنیا زۆنی سەوزیان بەدەستەوەیە.

لە فڕۆکەخانەی بەغدا میوانداریی گەرموگوڕی تیمی پرۆتۆکۆڵ و خەمخۆری و دڵسۆزیی پارێزەرە کوردەکان کەمێک ئەو هەستە ناخۆشەیان گۆڕیم کە لەکاتی دابەزیندا بۆم دروست ببوو. لەبەردەرگا ئۆتۆمبێلێکی گەورە چاوەڕێی دەکردین کە قایشی خۆبەستنەوەی هەر دیار نەبوو. هاوڕێکانی دیکەم کە بینییان ئەمەم پێخۆش نییە، پێکەنین و گوتیان: "بەخێربێیت بۆ بەغدا".

## دیواری سوننەکان

لە فڕۆکەخانەوە تاوەکو ناوچەی سەوز بە ئۆتۆمبێل پازدە خولەکە. ئەو ڕێگەیە بەنێوان دوو گەڕەکدا تێدەپەڕێت کە لەدەستی ڕاستییەوە سوننەنشینە و لەدەستی چەپیشەوە شیعەن و لە هۆزەکەی هادی عامرین. دیواری بەرزی بەردین دیوە سوننەکەی لە فڕۆکەخانە دابڕیوە. یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی کوردستان بەپێکەنینەوە بیرەوەرییەکانی خۆی لەسەر ئەو جادەیە دەگێڕێتەوە: "ساڵی 2007 بوو. شەوێک گەیشتینە فڕۆکەخانە، بەڵام لەبەرئەوەی لە گەڕەکە سوننەکان نیشانشکێنی لێبوون، نەمانتوانی ئەو پازدە خولەکە ببڕین و بگەینە زۆنی سەوز. ناچار لە فڕۆکەخانە خەوتین". ئێستا ئەو ترسە نەماوە و لە دیوی نێوەوەی دیوارە بەرزەکان ئاڵا مەزهەبییەکان و وێنەکانی ئیمام حوسێن بەسەر ئۆتۆمبێل و بارەگاکانی پۆلیسی پاسەوانی فڕۆکەخانە و شوێنەکانی دیکەوەن. بەجۆرێک کە ئەگەر ئامۆزایەکی هادی عامری لە گەڕەکەکانی خۆیانەوە سەیری ئەو دیوارانە بکات، دڵنیایی وەردەگرێت کە جادەکە لە "دەستێکی ئەمیندایە".

ئەو ئۆتۆمبێلەی ئێمە دەگوازێتەوە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر و بێپاساوی هەیە. کەس بەدوامانەوە نییە و هیچ ترسێکیش هەستی پێناکرێت، بەڵام وادیارە پازدە ساڵ تەقینەوە و کوشتار و ڕووداوی لەناکاو شۆفێرە بەغدایییەکانی ڕاهێناوە کە تا دەتوانن زوو میوانەکانیان بگەیەننە مەنزڵ. ئەو بەغدایەی



دەیبینم جیاوازە لەوەی لە خەیاڵمدایە. ئەو وێرانییەی بیرم لێدەکردەوە نایبینم، بەڵام وەکچۆن لە قۆناخە جیاوازەکاندا پەردەیەکی ترس بەسەر ئەو شارەدا دراوە، ئێستاش ئەو پەردەیە هەر ماوە و تەنیا ڕەنگی گۆڕاوە.

## لە چەکی کۆمەڵکوژەوە بۆ کەپری ئاسن

لە یەکەم خاڵی پشکنینی ناوچەی سەوز، چاوم هەڵدەنگوێتە سەر تابلۆیەک کە لەسەر باڵەخانەیەکی تۆزاویی فەرامۆشکراو دانراوە و لێی نووسراوە :"بارەگای فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵی". ئەو پۆلیسی فیدراڵییەی گوایە دەستووری دەچەسپاند و حەشدی شەعبی وەک بەرگێک بەکاریدەهێنا لە ڕووداوەکانی خورماتوو و کەرکووک و ناوچەکانی دیکە و تەنانەت لە شەڕی پردێش، قەت بڕوام نەدەکرد بارەگاکەی لە شوێنێکی ئاوا پشتگوێخراودا بێت.

لە هەریەک لەو خاڵی پشکنینە زۆر و زەوەندانەی پێیاندا تێدەپەڕین، دوو پارچە ئاسن وەک کەپر لێکدراون و بە تابلۆیەکی گەورە لێیان نووسراوە "ئینجازی فیرقەی پێنجەم". ئەمەم زۆرتر وەک نوکتەیەک بۆ حاڵی ئەو سوپایە هاتەپێشچاو کە سەردەمێک "ئینجازەکەی" هەوڵدان بوو بۆ پەرەدان بە چەکی کۆمەڵکوژ و یەکێک لە سوپا بەهێزەکانی جیهان بوو، کەچی ئێستا شانازییەکەی بووەتە دروستکردنی کەپرێکی ئاسن کە ڕەنگە ئاسنگەرێکی سەنگینیش بێزی نەیەت دروستی بکات.

## قەڵای دمدمەکەی بەغدا

کە دەگەیتە نێو ناوچەی سەوز، هەستدەکەی هاتوویتە نێو قەڵای دمدم، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە ئەمەیان تەنیا یەک خانی لەپزێڕینی نییە و فرەخانە. شاری بەغدا لە دەرەوە لە خانمێک دەچێت کە هەرچەندە ماندووە و چین و چرووکی ڕۆژگار بە سیمایەوە دیارە، بەڵام هەستدەکەی لەژێر ئەو جەستە ماندووەدا، شۆخێکی نازداری سەنگین خۆی شاردووەتەوە. لە زۆنی سەوز بە شەقامەکانی و سەوزاییەکەی و کۆشکی بەرپرسە گەورەکانییەوە، سیمای شۆخە نازدارەکە دەبینیتەوە، بەڵام ئەمجارەیان ترساو و خۆپارێزە.

## فەرمانبەری کورد لە بەرگی عەرەبیدا

ڕۆژێکی کاری قەرەباڵغمان هەیە. بۆ کارێک لە هوتێلێکین و دەبێ بچینە پەرلەمان، بەڵام ئەوانەی لەگەڵمان بوون، شۆفێرە بەپەلە بەغدایییەکان هێندە زوو بردوویانن، کە لەبیریان چووە ئێمەش ببەن. کاتێک پێشمەرگەکانی پاسەوانی پەرلەمانی عێراق دەزانن بەجێماوین، دوو ئۆتۆمبێلی خۆیانمان بۆ دەنێرن و دەمانهێننە پەرلەمان. لەوێش فەرماندەکەیان و ئەفسەرەکانیان بەحورمەتەوە پێشوازیمان لێدەکەن و دەمانبەنە ژوورەوە. بۆ من باڵەخانەی پەرلەمان زۆرتر لە فەرمانگەیەکی پۆلیسی هاتوچۆ دەچێ و هیچ شتێکی وای تێدا نابینم کە هەستی ئەوەم بداتێ ئەمە باڵەخانەیەکی زۆر تایبەتیی دەوڵەتە. تەنیا شتێک کە دڵم خۆشدەکات ئەوەیە کە لەبەردەرگا لەپەنای عەرەبییەکە، تابلۆکان بە کوردیش نووسراون.

دانیشتنی پەرلەمان هەیە و هەمووان لەژوورەوەن بۆ کۆبوونەوە. لە یەکێک لە ژوورەکانی فەرمانگە میدیاییەکانی پەرلەمان تووشی گەنگەشەیەکی کۆمیدی دەبین. ئەوەی لەوێ لەگەڵمان دانیشتووە هەر بە عەرەبی قسەمان لەگەڵ دەکات و ئێمەش بەعەرەبی وەڵامی دەدەینەوە. دوایی لەپڕ پێیدەڵێم: "کورد عەرەبیش نەزانن ئاساییە". ئەو دەڵێت: "نا نا، پێویستیان پێیەتی و دەبێ خۆیان فێرکەن". بە وەڵامە لووتبەرزانەکەی کەمێک تووڕە دەبم و دەڵێم: "تۆ بۆ خۆت فێری کوردی ناکەی؟ بەپێی دەستوور هەردوو زمان وەکو یەک زمانی فەرمین و دەبێ تۆ کە لە پەرلەمانی فیدراڵی کاردەکەیت هەردووکیان بزانیت". گەنگەشەیەکی گەرم لەنێوانماندا دروستدەبێ و ئەو هەر سوورە لەسەر قسەی خۆی کە ئەو پێویستی بەوە نییە کوردی فێرببێت و کورد دەبێ خۆیان فێری عەرەبی بکەن. لەپڕ لێی دەپرسم: "تۆ ناوت چییە و لە پشکی کێ لێرەیت؟" وەڵامێکی سەیری لێدەبیستم. کاکم خۆی کوردە و کوڕی عەشیرەتێکی بەنێوبانگی گەرمیانە و لەسەر پشکی یەکێک لە حیزبە گەورەکانی کوردستانیش لە پەرلەمانی عێراقە. لەخەفەتا پێدەکەنین و کەمێک سەرکۆنەی دەکەین، بەڵام ئەو لەڕوو ناکەوێ و دەڵێت: "دەی وەڵڵا ماڵی دایک و باوکیشم لە سلێمانییە و لە ماڵی خۆمان تەنیا من کوردی نازانم!" بۆم دەرکەوت بۆچی چەند ساڵە مەڕەکانمان لە بەغدا گورگ دەیانخوات.

## گۆڕەپانەکەی سەددام و سەدای حوسەینییەکە

لە میوانخانەی سەرۆکایەتیی وەزیرانی عێراق دابەزیوین. بڕیار وایە هەڤپەیڤینەکانمان لەوێ بکەین. ئەو ژوورەی لەگەڵ هاوڕێم هیوا جەمال بۆیان داناوین بەسەر ناوچەیەکی سەوزدا دەڕوانێ. پەنجەرەکانی ژوورەکە دەکەمەوە و لە دوورەوە ئەو گۆڕەپانە دەبینم کە کاتی خۆی سەدام حوسێن مارشی گەورەی سەربازیی تێدا ڕێکدەخست. هەمان ئەو مارشانەی تێیاندا بە یەک دەست تاپڕی دەتەقاند و جگەرەیەکی چرووت بە لالێویەوە بوو. لەو ڤیدیۆیانەی لەو ڕۆژانەوە لەبیرەوەریمدان، دەنگی سەتان سەرباز و جووڵەی چەکە قورسەکان و هوتافەکان تێکەڵاو دەبن و بەغدا دەهەژێنن، بەڵام ئەمشەو هەر لە دەوروبەری ئەوێوە گوێم لە لاواندنەوەیەکی خەمگینە کە بەبۆنەی مانگی موحەڕڕەمەوە لە بڵندگۆی حوسەینییەکەوە دێت. بۆ چەند چرکەیەک هەستدەکەم گەڕاومەتەوە نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو شارەی تێیدا لەدایکبووم و هەر لە منداڵییەوە ڕاهاتبووم کە لە مانگی موحەڕڕەمدا ئەو لاواندنەوانەی تێدا ببیستم. جیاوازیی نەغەدە لەگەڵ بەغدا ئەوە بوو کە لەوێ بە ڕووکەش و بە کردەوە شیعە فەرمانڕەوا بوون، بەڵام لە بەغدا بە ڕووکەش ئەمریکییەکان و بەکردەوەش هێزە جیاوازە شیعییەکان هەمەکارەن.

دەرچوون و هاتنەوە بۆ ناوچەی سەوز وەکو هاتنە ناوەوە و دەرچوونە لە زیندان. هیچکەس بەبێ هەماهەنگی و مۆڵەت نە دەتوانێ بێتە ناوەوە و نە دەتوانێ دەربچێ. شەویش دەبێ زوو بگەڕێیتەوە و بۆت نییە بەکەیفی خۆت لەدەرەوە بمێنیتەوە.

سەرلەئێوارەیەک لەگەڵ هاوڕێیان هیوا جەمال و سەنگەر عەبدولڕەحمان و هەوراز گوڵپی دەرفەتێک دەقۆزینەوە و لە قەڵای دمدمی فرەخان دەردەچین. هەرچەندە پێویستمان بە پلانی هەڵاتن لە زیندان نییە، بەڵام پێشوەخت یەکدی دڵنیا دەکەینەوە کە شەو زوو دەگەڕێینەوە و واناکەین ڕێگەی چوونەوە زیندانمان نەدەنێ. ئەو شۆفێرەی لەگەڵمانە گەنجێکی خوێنشیرینی قسەخۆشە. شیعەی بەسڕەیە و پاسەوانی پەرلەمانتارێکی ئیسلامیی کوردستانە. ئەوکاتانەی بەرپرسەکەی کاری پێی نییە، بۆخۆی کاری شۆفێری دەکات. پێدەکەنم و دەڵێم "چۆن ئیسلامییەکی سوننە متمانەی بە تۆ کردووە؟" ئەویش پێدەکەنێ و دەڵێ: "بەخوا هەموو جارێک پێمدەڵێت ئێوەی شیعە ماڵی ئێمەتان وێران کردووە!"

شەقامەکانی بەغدا ترافیک لایتیان تێدانییە و وا دروستکراون کە پێویستیش نەبن. شۆفێرە بەپەلەکانی لەپڕ دەردەچن و هەستدەکەی ئەوەی لە جادەکەی بەرامبەرتەوە دێت، ئێستا خۆت پێدادەدات، کەچی کە دەگاتە تەنیشتت، ستۆپێک دەکات و ڕێگە دەدات بڕۆیت. وەکچۆن لە عێراقدا هەر بە قسە تەوافوق هەیە و بەکردەوە قسەی بەهێز لەسەر بێهێزە، لە بەغداش لە شۆفێریدا بە قسە یاسای هاتوچۆ هەیە و هەر سەت مەترێکیش بڕۆی ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس و سەرباز ڕاوەستاوە، بەڵام یاسای دارستان لەنێو شۆفێرەکاندا زاڵە و بەهێز مافدارترە لە بێهێز.

## ژیانی شەوانەی بەغدایییەکان

شەو درەنگە و ئێمە بە شەقامەکانی بەغدادا دەسووڕێینەوە. لە ناوچەی زەورا پارکێکی زۆر جوان دەبینین کە دارخورماکانی بەردەمی بە گڵۆپی سپی ڕازێندراونەتەوە. نێو پارکەکە پڕ لە یاریی گەورە و ڕەنگاوڕەنگە، بەڵام کەسی لێنییە. دیمەنەکە جوانە، بەڵام ترسناکە. کەمێک لەولاترەوە ترسەکە دەڕەوێتەوە. چونکە دووکان و بازاڕ قەرەباڵغییەکی گەورەی تێدایە و جموجۆڵێکی گەورە هەیە. هەموو شوێنێک چراخانە و ئەو جووڵەیەی کە هەیە تامەزرۆی ئەوەتدەکات دابەزیت و پیاسەیەک بکەیت. شۆفێرەکەمان دەڵێت ئەوەی کە دەیبینن هیچی لەدوای ڕووخانی سەدامەوە دروستنەکراوە، بەڵکو ئەوەیە کە پێشتر هەبووە، بەڵام لە هەندێک لەو دووکانە مۆدێرن و گەورە گەورانەی کە دەیانبینین، تێبینیدەکەین کە دووکانی تازەن. بۆ نموونە لە شەقامی مەنسوور مۆڵێکی گەورەی لێیە و یەکێکی دیکەش خەریکە تەواو دەبێت. ناکرێ ئەوانە هی سەردەمی سەدام بووبن. هەرچەندە هەموو شەقامەکان بە لافیتەی موحەڕڕەم تەنراون، بەڵام نێو بازاڕ و شەقامە پڕ چراخانەکانی بەغدا ژنی بە سەرپۆش و بێسەرپۆشیان لێنەبڕاوە و هەموو خەڵک لەدەرەوەن. هاوڕێیەکم دەیگوت بەغدایییەکان کولتووری ئەوەیان هەیە کە ئەگەر دینارێکیان پەیدا کرد، نیوەی بۆ خەرجیی ماڵەوە دابنێن و نیوەکەی دیکەی بۆ خەرجیی چوونەدەرەوەی شەوان. من ئەمەم لە بەغدا بینی. دیارە ئەو قەرەباڵغییەی شەوانیش وایکردووە کۆمپانیا گەورەکانیش وەک دەرفەت بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان بەکاریبهێنن. بۆنموونە هێڵی ئاسمانیی عێراقی لە فولکەیەکی گەورە بە گڵۆپ ڕێکلامێکی هەڵواسیوە و هانی بەغدایییەکان دەدات سەفەر بکەن بۆ "شمالنا الحبیب — واتە باکووری ئازیزمان". دەستەواژەیەک کە لەوەتەی عێراق هەیە بۆ کوردستان بەکاری دەهێنن و لەوەتەی عێراقیش هەیە دڵی ئەو ئازیزە دەشکێنێ!

بەغدا هەرچەندە ئەو بەغدایە نییە کە نەوەی پێش ئێمە بۆیان گێڕاوینەتەوە و باسی ژیانی شەوانەیان تێداکردووە، بەڵام ئەوەش نییە کە خۆمان لە ساڵانی ڕابردوودا لەڕێگەی میدیاوە ناسیومانە. بۆنموونە ئەبوو نەواس، کە هێشتاش دڵڕفێنیی خۆی لەدەستنەداوە و کاتێک بە شەقامە پڕ درەختەکانیدا تێدەپەڕیت و لەدەستی چەپتەوە ڕووباری دیجلە بەدرێژایی شەقامەکە هاوڕێتە، تەنیا لە مانگی موحەڕەمدا دەبێتە چۆڵەوانی و مەفرەزەکانی پۆلیس تێیدا وەک گەشتی ساروڵڵای ئێرانی دووکان بە دووکان بەدوای ئەو مەیفرۆشانەدا دەگەڕێن کە لەسەر ئەو شەقامە دووکانەکانیان کردووەتەوە. بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە بەدەیان چێشتخانەی گەورە و مۆدێرن و جوان لەسەر قەراخی ئەو ڕووبارە کراونەتەوە و ماسیی مەسگوف دەفرۆشن و قەرەباڵغیشن. لەنێو ئەو چێشتخانانەش هەم لە شەقامی مەنسوور و هەم لە کەڕادە و هەم لەسەر ڕووباری دیجلەش زۆریان هەن کە ناوەکانیان کوردین و پڕن لە میوانی کورد.

## فولکەی مام جەلال

کاتێک دەگەینە شەقامی جادریە، شۆفێرەکەمان دەڵێ: "کاکە ئەمە ناوچەی ئێوەیە و بەدەست پێشمەرگەوەیە". مەبەستی ئەو لە پاسەوانەکانی سەرۆککۆمارە. ئینجا دەڵێت: "کەمێک لەولاتر کۆشکی سەلامی لێیە و مام جەلال لەوێ دەوام دەکات". پێکەنینێکم دێتێ و هەستدەکەم شۆفێرەکە هەڵەیکردووە، بەڵام کاتێک دەگەینە فولکەکە، دەبینین ڕاستە و لە دەروازەی کۆشکی سەلام، چوار ساڵ پاش دەستبەکاربوونی فوئاد مەعسووم، هێشتاش وێنەیەکی گەورەی مام جەلال وەک سەرۆککۆماری عێراق بە دەروازەی کۆشکەکەوە هەڵواسراوە. جا نوکتەی خۆشیش ئەوەیە کە ئەو فولکەیە لەجیاتی ئەوەی ناوی فولکەی مام جەلال بێت، هەموو بەغدا بە فولکەی عەممار حەکیم دەیناسێ.

چەند ساڵێک پێش ئێستا ڕۆمانێکی هۆڵەندیم لەسەر داوای نووسەرەکەی کردە کوردی. ڕۆمانەکە ناوی "شارە تۆقاوەکە" بوو و بەسەرهاتێکی ماڵباتێکی بەغدایی دەگێڕایەوە کە ناچارن شارەکەیان و بیرەوەرییەکانیان بەجێبهێڵن و بەرەو کوردستان هەڵبێن. چیرۆکەکانی نێو ڕۆمانەکە هێندە تۆقێنەرن کە بۆ منی وەرگێڕیش ترسێکی قووڵی لە بەغدا دروستکردبوو. کاتێک گەڕامەوە هەولێر ئەو ترسەم نەمابوو و بەو هەستەشەوە ئێوارەکەی چوومە گەڕەکی بەختیاری بۆ شتومەک کڕین بۆ ماڵەکەم. لەوێ گوێم لە گفتوگۆی دوو گەنجی تەمەن بیست ساڵ بوو لەسەر کوشتنی کچێکی شۆخ و شەنگ کە ناوی تارە فارسە و چەند خولەکێک لەوەوپێش لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا کوژراوە. یەکێک لە گەنجەکان بەویدیکەی دەگوت: "برام بەغدا زۆر خەتەرە. نەدەبوایە ئەو کچە بچێتەوە". تێگەیشتم لەوەتەی بە عێراقەوە لکێندراوین، هەر هەواڵێکمان لە بەغداوە بۆ هاتبێ، پێی تۆقاوین.

> **بەغدا** لە دەرەوە لە خانمێک دەچێت کە هەرچەندە ماندووە و چین و چرووکی ڕۆژگار بە سیمایەوە دیارە، بەڵام هەستدەکەی لەژێر ئەو جەستە ماندووەدا، شۆخێکی نازداری سەنگین خۆی شاردووەتەوە

> ئەو ئۆتۆمبێلەی ئێمە دەگوازێتەوە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر و بێپاساوی هەیە. کەس بەدوامانەوە نییە و هیچ ترسێکیش هەستی پێناکرێت، بەڵام وادیارە پازدە ساڵ تەقینەوە و کوشتار و ڕووداوی لەناکاو شۆفێرە بەغدایییەکانی ڕاهێناوە کە تا دەتوانن زوو میوانەکانیان بگەیەننە مەنزڵ

> کە دەگەیتە نێو ناوچەی سەوز، هەستدەکەی هاتوویتە نێو قەڵای دمدم، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە ئەمەیان تەنیا یەک خانی لەپزێڕینی نییە و فرەخانە

## 7 وڵات داوای نووسینەوەی دەستووری سووریا دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

حەوت وڵات، لەنێویاندا ئەمریکا، بەریتانیا و سعودیە داوای بەپەلەی کۆبوونەوەی لیژنەی دەستووری سووریا بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن، بۆ ئەوەی دەستوور بنووسرێتەوە و بخرێتە دەنگدانەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاگەیێندراوێکی بەناوی حکومەتەکانی میسر، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئوردن، سعودیە، بەریتانیا و ئەمریکا لەبارەی قەیرانی سووریا بڵاوکردەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە، ئەو وڵاتانە پشتیوانی لە کۆبوونەوەی بەپەلەی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری سووریا دەکەن، ئەوەش بۆ بەرەوپێشچوونی هەوڵەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان تاوەکو لە چوارچێوەی بڕیاری 2254ی ئەنجوومەنی ئاسایش بگات بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ قەیرانەکانی سووریا.

# داعش خەلافەتەکەی دەباتە ژێر زەمین و ناو چیاکان



(فۆتۆ: AFP)

> ئەگەر هەولێر و بەغدا فەرماندەییەکی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنەکان پێکنەهێنن، سنووری دەسەڵاتی داعش فراوانتر دەبێت
>
> بەرپرسێکی دژەتیرۆری کوردستان

**ڕووداو- هەولێر**

لە تشرینی دووەمی 2017، دەنگی تەقەی دەرگا هەموو خێزانی عیمادی ڕاچڵەکاند. گوندەکەیان لە نزیک شاری حەویجە ماوەی مانگێک بوو لە دەست چەکدارانی داعش ڕزگار کرابوو، بەڵام خەڵکی ناوچەکە دەیانزانی لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای عێراق و حەشدی شەعبیدا چەکدارێکی زۆری داعش بەرەو شاخەکان ڕایانکردووە و لەوێ خۆیان حەشار داوە. عیماد داوای لە براکەی کرد دەست بداتە چەکێک و بەدوایدا بێت. ئەمە سەرەتای چیرۆکی عیماد و زۆربەی خەڵکی ناوچەکەیە کە بۆ ماڵپەڕی (ئینتەرسێپت)ی ئەمریکی دواون و باس لە گەڕانەوەی داعش بۆ گوندەکەیان دەکەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەوکات هیچکەس نەیدەوێرا لەدوای خۆرئاوابوون لە ماڵ دەربچێ، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ڕووناکیی ڕۆژ بۆ خەڵکە و شەو بۆ داعشە. عیماد و براکەی بە ئەسپایی لە تاریکیی شەوەزەنگدا هەنگاویان دەنا. عیماد پرسی "کێیە؟"، پیاوێک وەڵامی داوە: "وەرە نزیکتر". عیماد هەنگاوەکانی خاوتر کردەوە و گوتی: "چیت دەوێ؟". ئەمجارەیان وەڵام نەبوو، دوو براکە دەستیان بە تەقە کرد و مەترسییەکەیان دوورخستەوە.

عیماد کە لە ترسی داعش و هێزە ئەمنییەکانی عێراق داوای کردووە ناوی ڕاستەقینەی ئاشکرا نەکرێ، نەیدەزانی لە ڕۆژان و مانگەکانی داهاتوودا هەمان ئەو چەکدارانە دەگەڕێنەوە گوندەکەیان و داوای ئاو و خۆراک لە خەڵک دەکەن و دانیشتووانی ناوچەکە دەتۆقێنن.

### داعش لەسەر سکی گوندنشینان دەژی

نۆ مانگ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە کە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، تێکشکانی داعشی لە وڵاتەکەی ڕاگەیاند، بەڵام لەو ماوە کورتەدا داعش خۆی کۆکردووەتەوە و حاڵەتی وەکو حاڵەتەکەی عیماد ڕۆژانە لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای کەرکووک، سەلاحەدین و دیالە دووبارە دەبنەوە.

ماڵپەڕی (ئینتەرسێپت) لەگەڵ دەیان دانیشتووی سیڤیل، سەرکردەی هۆز و کۆمەڵگەکان و بەرپرسانی ئەمنی لە حەویجە، کەرکووک و توزخورماتو قسەی کردووە، هەموویان باس لەوە دەکەن کە چەکدارانی داعش بۆ داوای خواردن و خواردنەوە دێنە بەردەرگای خەڵک، تەلەفۆن بۆ خەڵکی ناوچەکە دەکەن و پرسیاری شوێنی هێزە ئەمنییەکانیان لێدەکەن، هەندێکجاریش بە ڕۆژ بەناو گوندەکاندا دەسووڕێنەوە و داوای زەکات لە نوێژکەرانی مزگەوتەکان دەکەن.

ڕێگەی نێوان کەرکووک و حەویجە پڕە لە چاڵوچۆڵ و دارتێلی کارەبای شکاو، کە داعش شەوانە بۆمبڕێژی کردوون و تەقاندوونییەوە، لە نۆ مانگی ڕابردوودا ڕفاندنی خەڵک بۆ پارە زیادی کردووە و دایک و باوکان ناوێرن منداڵەکانیان بنێرنە دەرەوە، لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکانی گوندەکان باس لە کوژرانی دڕندانەی سەرۆک هۆز و سەرکردەکانی کۆمەڵگەکانی ناوچەکەیان دەکەن.

### ئۆپەراسیۆنی دامرکاندنەوەی تووڕەیی

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، داعش خاڵێکی پشکنینی هەڵخەڵەتێنەری لەسەر جووتسایدی نێوان کەرکووک و بەغدا دانا و هەشت کەسیان لەو شوێنەدا ڕفاند و هەموویان کوشتن، هەندێک لە ڕفێنراوەکان ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بوون. عەبادی لە وەڵامی ئەو کردەوەیەی داعشدا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ 12 تۆمەتباری داعش دەرکرد و فەرمانی دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنی دژی داعشی لە هەرسێ پارێزگای سەلاحەدین، دیالە و کەرکووک دا کە بە ئۆپەراسیۆنی "تۆڵەی شەهیدان" ناوی دەرکرد.

ئۆپەراسیۆنەکە ماوەی دوو هەفتەی خایاند، تێیدا فیرقەی وەڵامدانەوەی خێرا، حەشدی شەعبی و پۆلیسی فیدراڵی بەشداربوون. ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە چەند ڕۆژێکی مانگی تەمووز لەگەڵ ئەو هێزانەدا ماوەتەوە و باس لەوە دەکات کە ئەو هێزانە تەکتیکی بێکەڵکیان بەکارهێناوە "ئۆپەراسیۆنی تۆڵەی شەهیدان هێندەی لەوە دەچوو بۆ ئارامکردنەوەی تووڕەیی خەڵک بێ، هێندە هەوڵێکی ڕاستەقینە نەبوو بۆ گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکە".

> سوننەی دژەداعش لە ترسی حەشدی شەعبی چەک دادەنێن

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق بۆ ئەو شەڕەی ئێستا ڕووبەڕووی بوونەتەوە ئامادە نین. هەرچەندە داعش لەچاو ڕۆژانی خەلافەت لاوازترە، بەڵام ئەو ڕێکخراوە خەریکە وەکو گرووپێکی هێرشبەری پارتیزانی سەرهەڵدەداتەوە و بۆ ئەمەش خاڵە لاوازەکانی حکومەتی عێراق دەقۆزێتەوە، لە کاتێکدا هێزە ئەمنییەکانی عێراقیش لەڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە کەموکووڕییان هەیە، شارەزاییان لە ناوچەکە نییە و دانیشتووانی ناوچەکەش وەکو هێزێکی باوەڕپێکراو سەیریان ناکەن.

دوو یەکەی فیرقەی وەڵامدانەوەی حاڵەتی لەناکاو بە دەیان هامەر و پیکاپ و چەکی قورس لە توزخورماتو بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە بوون. بەپێی ڕاپۆرتەکە چەکدارانی ئەو یەکەیە لەسەر گردێک جێگیرکرابوون کە بەسەر ڕووباری عوزێم و شاخەکانی کوردستاندا دەیڕوانی. ژەنەراڵ سەمەر محەممەد، فەرماندەی هێزەکان، فەرمانی پێکردبوون: "هەر بەلەمێک یان هەرشتێکتان بینی کە دەجووڵێ لێی بدەن".

گوتەبێژێکی یەکەکە بە (ئینتەرسێپت)ی ڕاگەیاندووە کە ئەو هێزانە پێش 2014 مەشقیان لە ئەمریکییەکان وەرگرتووە، بەڵام لە ساڵی 2015 و بەپێی یاسای لیهی (Leahy Law) خرانە لیستی ئەو گرووپانەوە کە بەهۆی تێوەگلانیان لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ نابێ هاوکاری و ڕاوێژی سەربازی لە ئەمریکا وەربگرن.

هێزەکانی یەکەی وەڵامدانەوە لە حاڵەتی تایبەت لە شەڕی دژی داعشدا ڕۆڵی گەورەیان بینیوە، لە ماوەی ئەو شەڕەشدا مەشق و چەکی پێشکەش نەکردوون، بەڵام کۆمەڵێک سەرچاوە بۆ ماڵپەڕە ئەمریکییەکەیان ئاشکرا کردووە کە ئەو هێزانە لە کاتی شەڕی داعشدا ڕێنمایی تەکتیکی و پشتگیریی ئاسمانی ئەمریکایان لەگەڵ بووە. پەیوەندییەکانی هێزە ئەمریکییەکان و یەکە عێراقییەکە بەردەوامە، سەمەر ئیمەیلێک پیشانی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەدات کە تێیدا فەرماندەیەکی ئەمریکی بە بۆنەی ساڵیادی ڕزگارکردنی مووسڵ پیرۆزبایی لێدەکات.

> سوپای عێراق بۆ شەڕە نوێیەکەی داعش ئامادە نییە

### عێراق بۆ شەڕی پارتیزانی ئامادە نییە

لە مانگی تەمووزی ئەمساڵ سەدان هێزی سەر بە حکومەت بە چەک و ئۆتۆمبێلی سەربازیی پێشکەوتووەوە بە ناوچەکەدا دەسووڕانەوە، بەرپرسانی هەواڵگری عێراق چاوەڕێیان دەکرد 60 بۆ 120 چەکداری داعش لەو ناوچەیە بدۆزنەوە، بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ئەزموونی سێ ساڵ شەڕی داعش نەیتوانیوە هێزەکانی عێراق بۆ ئەم قۆناغە ئامادە بکات، کە قۆناغی شەڕی پارتیزانیی داعشە.

دوای دوو ڕۆژ گەڕان بە دەشتاییەکانی ناوچەکەدا، هێزە عێراقییەکان نەیانتوانیبوو تەنانەت یەک چەکداری داعشیش دەستگیر بکەن، سەرەڕای ئەمەش سەمەر ڕایگەیاند ناوچەکە لە چەکدارانی داعش پاککراوەتەوە و بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەشی گوت "دوای ئەم ئۆپەراسیۆنەی ئەمڕۆ، دەتوانم پشتڕاستی بکەمەوە کە هیچ داعشێک لێرە نییە". جەختی لەوەش کردەوە کە پێویستە ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی "چانسی پاڵدانەوە و چالاکی تیرۆریستی بە داعش نەدەین"، بەڵام ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوام نەبوون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ تەلەفۆنێک لە قاسم ئەعرەجی، وەزیری ناوخۆی عێراق، بۆ سەمەر هات و داوای کرد یەکسەر هێزەکانیان ڕەوانەی باشووری عێراق بکەن کە تێیدا خۆپیشاندانێکی بەرفراوان لەدژی حکومەت دەستی پێکردبوو. لەگەڵ کشانەوەی دوو یەکەی ئەو فیرقەیە، جارێکی دیکە بۆشاییەکی گەورە لە توزخورماتوو و ناوچەکانی دەوروبەری دروستبوونەوە.

ئەمریکا لە ساڵی 2015ەوە نزیک 5.6 ملیار دۆلاری بۆ ڕاهێنان و پڕچەککردنی هێزە عێراقییەکان تەرخانکردووە، کە 890 ملیۆن دۆلاری لە بودجەی 2019دا داواکراوە. بەم حاڵەشەوە شارەزایان پێیانوایە سوپای عێراق نەیتوانیوە شارەزایی پێویست بۆ ئەم فۆرمە نوێیە لە شەڕی داعش پەیدا بکات.

مایکل نایتس، شارەزای کاروباری سەربازیی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەیمانگای واشنتن، لە دیمانەیەکی ماڵپەڕەکەدا دەڵێ: "کێشەکە ئەوەیە کاتێک ئێمە لە 2014ەوە بۆ 2018 هێزە ئەمنییەکانی عێراقمان دروستدەکردەوە، ئەمە بۆ ئەوە بوو بتوانن داعش لە شارەکان دەربکەن، بەڵام ئێمە ئەوانمان بۆ شەڕی دوورودرێژ و هێواشی دژە - پارتیزان ئامادە نەکردووە".

### بۆشایی هاوئاهەنگی نێوان هێزە کوردی و عێراقییەکان

هیچ شوێنێک لەو ناوچانە هێندەی چیای حەمرین شوێنێکی لەبار نین بۆ خۆکۆکردنەوەی چەکدارانی داعش. ناوچەکە بە کێشەلەسەر دادەنرێ، بەڵام لە دوای هێرشەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو وەکو ناوچەی چەکداماڵراویان لێهاتووە، بۆیەش نە لەژێر چەتری ئەمنی حکومەتی عێراق دایە و نە هێزەکانی پێشمەرگەش دەتوانن ڕاستەوخۆ چاودێرییان بکەن. پێشتر ئەو ناوچانە لەژێر چاودێریی ئەمنیی و سەربازیی هێزی پێشمەرگەدا بوون، بەڵام لەدوای ئۆکتۆبەری پارساڵەوە ئەو هێزانە کشاونەتەوە.

دلێر غازی، بەرپرسێکی دژەتیرۆری کوردستان کە پێشتر لە توزخورماتو بووە، بە (ئینتەرسێپت) دەڵێ: "هۆکاری وجوودی داعش لە ناوچەکانی ئێمە بۆ ئەو بۆشاییەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دەگەڕێتەوە". سەبارەت بە نیازی هێزە عێراقییەکانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە: "ئەوان لە پاککردنەوەی ناوچەکان جیدی نین، تاوەکو ئێستاشی لەگەڵ بێ، هیچیەک لە هێزە ئەمنییەکان پەیوەندییان بە منەوە نەکردووە بۆ ئەوەی سەبارەت بە ناوچەکە پرسیارم لێبکەن. لە کاتێکدا خۆشیان زانیارییان لەسەر ناوچەکە نییە، ئەوان تەنیا بۆ ئەوە زانیاری بە پێشمەرگە دەدەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی پێشمەرگە تەقەیان لێناکات". بە گوتەی بەرپرسە کوردەکە تاوەکو ئێستا هێزە کوردی و عێراقییەکان یەک ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیشیان لە پارێزگای سلێمانی نەکردووە.

دلێر غازی پەیامنێرەکەی (ئینتەرسێپت) دەباتە گوندی باشتەپە و دەڵێ "لێرە بەدواوە داعشی لێیە". لەو کاتەشدا بە دەست ئاماژە بۆ گردەکانی نزیک گوندەکە دەکات کە بە هێڵی جیاکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان ناسراون. باشتەپە 14 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی توزخورماتووەوە دوورە و هێزەکانی پێشمەرگە لێی جێگیرن. بە بۆچوونی بەرپرسە کوردەکە "ئەمانە پاشماوەی داعش نین، بەڵکو داعش و تەواو، هیچ گومانیشی تێدا نییە کە بە ناوچەکانی دیکەدا بڵاودەبنەوە، هەر بۆیەش دەبێ زۆر بە جیدی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ناکۆکییەکانی پاش هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دەستی هێزە کوردییەکانی بەستووەتەوە، بە جۆرێک ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە چەکدارێکی داعشیش لە دوورەوە ببینن، ناتوانن شوێنی بکەون، لەبەر ئەوەی هێزەکانی کوردستان و عێراق هەوڵدەدەن نەچنە ناو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەکدی. دلێر پێیوایە ئەگەر حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرماندەییەکی هاوبەشی ئۆپەراسیۆنەکان پێکنەهێنن، ئەوە سنووری دەسەڵاتی داعش فراوانتر دەبێتەوە.

> ئەمریکا هێزەکانی عێراقی بۆ شەڕی درێژ و هێواشی دژە پارتیزانی ئامادە نەکردووە
>
> مایکڵ نایتس

### کێشەی بێکۆتاییەکەی تایفی

حەویجە لە یەکەمین ئەو ناوچانە بوو کە لە حوزەیرانی 2014 کەوتە دەستی داعش، یەکێک لە دوایین ئەو ناوچانەش بوو کە ڕزگارکرا. بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە لە کۆتایی 2017 تەنیا سێ هەفتەی خایاند. ئوسامە شەمەری، فەرماندەی یەکێک لە لیواکانی بەدر لە حەویجە، یەکێک لە بەشدارانی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە بووە و دەڵێ "ژمارەیەکی زۆر کەمی چەکدارانی داعشمان دۆزیەوە، نیوەیان دیار نەمابوون".

بە بۆچوونی ئوسامە ناوچەکانی نزیک چیای مەکحوول لە ڕۆژئاوای حەویجە زۆر مەترسیدارن، شاخەکانی باکوور کە ناوچەی چەکداماڵراون لەگەڵ چیاکانی باشوور ناوچەیەکی ئارامیان بە داعش داوە بۆ ئەوەی بەئاسانی چەکدار و کەرستەی جەنگی پێدا بگوازێتەوە.

پێش ئۆپەراسیۆنەکەی پارساڵیش، ترسی ئەوە هەبوو هێزە عێراقییەکان دەست لە دانیشتووانی حەویجە نەپارێزن، بەڵام شەمەری جەخت لەوە دەکاتەوە زۆربەی چەکدارانی حکومەت خەڵکی ناوچەکەن، بەڵام بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە خێزانە داعشەکان لە کەمپە داخراوەکاندا نیشتەجێکراون. خەڵکی گوندەکان و پیاوانی پیری ناوچەکە بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە حەشدی شەعبی بە ئەنقەست خانووەکانی خێزانی گومانلێکراوانی داعش لەناودەبات، بۆ ئەوەی بە یەکجاری ڕێگەی گەڕانەوەیان لێبگرێ.

لە ڕۆژانی یەکەمی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەوە، یەکێک لە کێشە گەورەکانی هێزەکانی عێراق جیاکردنەوەی خێزانەکانی پەیوەندیدار بە داعش لەو خێزانانە بووە کە بێبەرین لەو ڕێکخراوە، هەر ئەمەش ناکۆکییەکی گەورەی لە نێوان خەڵکی ناوچەکە خۆیان و خەڵک و چەکدارانی حکومەتدا دروستکردووە.

دانیشتوویەکی یەکێک لە گوندەکانی نزیک حەویجە لە لێدوانێک بۆ ماڵپەڕە ئەمریکییەکە باس لەوە دەکات کە هێزەکانی بەدر برایەک و دوو ئامۆزایان بە چەکەوە دەستگیرکردووە و تۆمەتباریان دەکەن بەوەی داعش بوون. دانیشتووەکە، کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، دەڵێ ئەو سێ کەسە بەشێک بوون لە میلیشیایەکی سوننەی ناوچەکە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و بەرگری لە گوندەکە پێکهێنرابوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە دوای دەستگیرکردنی ئەو سێ کەسە هەموو دانیشتووانی گوندەکە لەو میلیشیا سوننەیە کشاونەتەوە، چونکە دەترسن ئەوانیش تووشی هەمان چارەنووسن ببن. ئەو دانیشتووە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو ئەو کارانە بۆ وەرگرتنی بەرتیلن.

### ناکارامەیی هێزە فیدرالییەکان

چەند مانگێک دوای ڕووداوەکەی تشرینی یەکەم، چەکدارانی داعش تەلەفۆنیان بۆ عیماد دەکرد، ئەو دەنگەکانی دەناسییەوە، هەندێکیان دراوسێی پێشوو و خزمی خۆی بوون. عیماد پەیوەندی بە پۆلیسی فیدراڵی و هەواڵگریی عێراقەوە کردبوو، ئەوانیش داوایان لێکردبوو لە پەیوەندییەکان بەردەوام بێ، دەنگیان تۆمار بکات و تەنانەت داواکانیشیان جێبەجێ بکات. عیماد وایدەزانی هێزە فیدراڵەکان دەیپارێزن و لە ڕۆژی خۆیدا هەڵدەکوتنەسەر چەکدارەکان و بە یەکجاری لەکۆڵیان دەکەنەوە.

بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەی (ئینتەرسێپت)دا هاتووە هەموو چاوەڕوانییەکانی عیماد پێچەوانە دەرچوون. دوای چەندین پەیوەندیی تەلەفۆنی عیماد ڕازی بوو خواردن بۆ داعشەکان بەرێ و چەکدارەکانیش لە کێڵگەکەی عیماد چاوەڕێیان دەکرد. داعشەکان داوای ئاوی ساردیان کردبوو، عیمادیش لەو لاوە شوێنی چەکدارەکانی بە پۆلیس ڕاگەیاندبوو. بە گوتەی عیماد چەکدارەکان پیس و تۆزاوی و شەکەت دیاربوون.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە چەکدارەکان داوایان کردبوو خواردنی زیاتریان لەبازاڕ بۆ بهێنێ، عیمادیش بەناچار بەقسەیکردبوون، لە هەموو ئەو ماوەیەشدا لەگەڵ پۆلیس لە پەیوەندیدا بوو، بەڵام هێزەکانی پۆلیس لە بری ئەوەی لە شوێنەکە گەمارۆی چەکدارەکان بدەن، لەسەر بانی ماڵی عیماد سەنگەریان گرت، دواجار هەموو حەوت چەکدارەکەی داعش توانیان ڕابکەن، ئەوەی بۆ عیمادیش مایەوە خێزانێکی تۆقیو و خانوویەکی نیوەسووتاو بوو.

عیماد و خێزانەکەی لە ترسی تۆڵەی داعش بڕیاریان دا بەرەو گوندی عەباسی ڕابکەن، بەڵام لە ڕێگا پۆلیس ڕێگەی لێگرتن و تەنانەت تۆمەتباریان کردن بەوەی لایەنگری داعشن و چەندین ڕۆژیش بەندکرا و دوای هەوڵێکی زۆر ئازادکرا. ئێستا خێزانەکەی عیماد لە ترسی داعش و هێزە ئەمنییەکانی داعشدا دەژین و بەردەوام شوێن دەگۆڕن. عیماد هەندێکجار تەنیا بە ڕۆژ بۆ ئاودانی مەڕەکان و زەوی و زارەکەی سەردانی گوندەکەی دەکاتەوە، لە وەڵامی پرسیارێکی (ئینتەرسێپت)یش کە ئاخۆ جارێکی دیکە هاوکاری داعش دەکاتەوە، عیماد دەڵێ: "ئەوان ئێستا زۆر بەهێز بوون، ناتوانم داواکەیان ڕەتبکەمەوە".

> داعش لە ناوچەکەمان زۆر بەهێز بووەتەوە، ناتوانم داواکاریان ڕەتبکەمەوە
>
> گوندنشینێکی حەویجە

## عوسمان ئۆجەلان، ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# ئامانجی یەکەمی پەکەکە سۆسیالیزم بوو نەک کوردایەتی



برا بچووکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستانە. لە نەوەی دووەمی ئەوانەیە کە چوونە ریزەکانی پەکەکە. ئەوان لە نێو پەکەکە بە گروپی کوردستان ناسرابوون، لە بەرامبەردا بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان و کەمال پیر و حەقی کارەر دەگوترا گروپی ئەنقەرە. عوسمان ئۆجەلان، برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستانە و ساڵانێکە وازی لە پەکەکە هێناوە. لە بەرنامەی پەنجەمۆری تەلەڤزیۆنی ڕووداوەوە شاهیدی لەسەر چەندین ڕووداو دا کە پەیوەندیدار بوون بە باکووری کوردستان و تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین
ڕووداو – هەولێر

بەشی یەکەم

**ڕووداو: ئەگەر لە گوندی ئامارا‌وە دەستپێبکەین، ئێوە خۆتان خەڵکی گوندی ئاماران، یان لە دەڤەرێکی دیکەی کوردستانەوە هاتوونەتە ئەو ناوچەیە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** باوکم لە چیای قەرەجداخ لە ناوچەی ئامەد هاتووەتە ئامارا. بەرەبابی دوو کەسین، یەکێکیان پاشناوی یلدرم و کەسەری هەڵگرتووە، ئەوەی دیکەش ئۆجەلان. ئێمە لە قەرەجداخ سەر بە عەشیرەتی میللی بووین. ئێستا بووینەتە بەشێک لە عەشیرەتی بێسکی. باب و باپیرم هەندێکیان باری ئابوورییان باش بووە، بەشێکیان وەکو ئاغا خاوەن

> لە فەلسەفەی پەکەکەدا پێکەوەژیان نییە

ماڵ و موڵکن. نێوانیان لەگەڵ بەگەکانی تورکیا باش نەبوو. بەگە تورکەکانی قەزای خەلفەت هەمیشە هەوڵیان داوە بەگ و ئاغای کورد لاواز بکەن. بەهۆی ئەو سیاسەتەوە باب و باپیری ئێمەش لاواز بوون.

**ڕووداو: زۆرجار باس لەوە دەکرێ کە دایکی ئێوە یان داپیری ئێوە تورکە.**

**عوسمان ئۆجەلان:** لە تورکیا دەڵێن خەڵکی ئەنادۆڵ مۆزایکە. لە ناوچەکەی ئێمەش تورکمان هەبوون، ئەرمەنی هەبوون، ئاشووری و کورد هەبوون. بۆیە لەو ناوچەیە هیچ ماڵباتێک بە سافی نە کوردە، نە تورکە، نە ئەرمەنە، نە ئاشوورییە. ژن و ژنخوازی زۆرە. داپیری منیش خەڵکی گوندێکی دراوسێمانە و تورکە.

**ڕووداو: زمانی قسەکردنتان لە گوند زمانی کوردییە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** بەڵێ کە منداڵ بووین، لە گوند جگە لە زمانی کوردی، زمانێکی دیکە بەکارنەدەهات.

**ڕووداو: ئەی خوێندن چۆن بوو لە گوندی ئێوە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** سیستمی ئاغایەتی لەلای ئێمە لاواز بووە. ڕێگە بە خوێندن دراوە. بەهۆی ئەوەی خەڵکی تورک لە ناوچەکەمان هەبوو، هەر زوو قوتابخانەمان بۆ دروستکراوە، بەڵام لە گوندی تورکەکان نەک گوندی کورد، بۆیە برا گەورەمان عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ خوێندن چووەتە قوتابخانەی گوندێکی دراوسێمان کە تورک بوون، دواتر لە گوندەکەی ئێمەش قوتابخانە دروستکرا.

**ڕووداو: عەبدوڵڵا ئۆجەلان برایەکی چۆن بوو بۆ ئێوە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** ئێمە گوزەرانمان زۆر باش نەبووە، باوکم جوتیار بوو. لە ماڵدا دایکم زیاتر دەسەڵاتدار بوو. فەلسەفەی ژیانی دایکم وەها بوو ڕێگەی نەدەدا هیچ کەسێک زوڵم لە منداڵەکانی بکات. بۆیە کاتێک لە نێوان منداڵەکانی ئەو و منداڵێکی دیکە شەڕ دەبوو، ئەگەر منداڵەکە لە منداڵی ئەوی بدابا، دەیگوت هەتا تۆڵەی خۆت نەکەیتەوە خواردنت نادەمێ. باوک دەسەڵاتی نەبوو منداڵ بێدەنگ بکات. بۆیە دەتوانم بڵێم منداڵی خێزانەکەی ئێمە، ئازاد بوون، بەڕێز ئاپۆش کە کوڕی گەورە بوو، ئەم دەرفەتەی دایکمی قۆستبووەوە، منداڵێکی ئازاد بوو، بەڵام من برای بچووک بووم، هەموو ئیشەکانیان بە من دەکرد، بۆیە منداڵیی ئێمە کەمێک زەحمەت بوو. محەممەد و عەبدوڵڵا لە من گەورەتر بوون، هەموو ئیشەکانی خۆیان بە من دەکرد.

**ڕووداو: ئۆجەلان لە نووسینەکانیدا دەڵێت دایکم دیکتاتۆر بوو، وابوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** من ناڵێم دایکم دیکتاتۆر بوو، ئێمەی زۆر خۆشدەویست. دایکێکی دەسەڵاتدار بوو. دەسەڵاتەکەشی بۆ ئەوە بەکاردەهێنا کە منداڵەکانی بە ئازادی بژین.

**ڕووداو: ئۆجەلان دەڵێت ئەو لە منداڵییەوە هەستی بەوە کردووە کە سیفەتی کەسی سەرۆک لەودا هەن، وابوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** باوکم دوو ژنی هێناون، لە ژنی یەکەم چەند منداڵی بوون، مردوون، تەنیا یەک کچی ژیاوە. لە ناوچەی ئورفاش ئەگەر ماڵێک کوڕیان نەبێ، وەکو ئەوە وایە ئەو خێزانە کۆتایی هاتووە. لە ژنی دووەمیشی سەرەتا دوو کچی بوون و مردوون. ئینجا منداڵی سێیەم عەبدوڵڵا ئۆجەلان بووە. ئەوکات بە لە دایکبوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان زۆر دڵخۆش دەبن. هەموو ماڵبات خزمەتی ئۆجەلان دەکەن. ئەو پەروەردە و گەورەکردنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بووە بنەمایەک بۆ داوڕۆژی ئەو. ئەوکاتەشی کە دەچووە قوتابخانەی گوندی دراوسێمان، نزیکەی 15 منداڵی لەگەڵ بوو، ئەو بەردەوام پێشنوێژی بۆ دەکردن. ئیمام و مەلای ئەوان بوو. عادەتێکیشی هەبوو سووربوو لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی. کاتێک دەچووین بۆ سەر زەوییەکانمان، کارەکانی دابەش دەکرد، ئەو بەر لە هەموومان ئیشەکانی خۆی تەواو دەکرد و دەگەڕایەوە ماڵەوە.

**ڕووداو: تۆ چیت خوێند؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** من سەرەتاییم لە گوند خوێند، پەیمانگای مامۆستایانم لە ئورفا تەواو کرد، بەڵام بەهۆی شۆڕشەوە نەمتوانی مامۆستایەتی بکەم.

ڕووداو: ئەی چۆن تێکەڵی سیاسەت بووی، تۆش هەر لە چەپەوە دەستتپێکرد؟

عوسمان ئۆجەلان: ئەوکات براقی خوێندکاران هەبوون. هەندێکیان شۆڕشگێڕ بوون، هەندێکیشیان دژی شۆڕشگێڕان بوون. ساڵی 1972 ژمارەیەک شۆڕشگێڕی تورکیا شەهید کران. لەوانە یوسف ئەسڵان و حوسێن ئینان و دەنیز.. لەسێدارەدانی ئەوان، کاریگەری لەسەر هەموو گەنجان هەبوو. خەڵک دەیپرسی ئەوان چی بوون، بۆچی لەسێدارەدران؟ ئەم ڕووداوانە کاریگەریان لەسەر کەسایەتی ئێمەش هەبوو. بێجگە لەوە ئێمە لە شوێنێک دەمانخوێند زۆرتر قوتابییەکانی تورک بوون. ئەوان حەزیان نەدەکرد هاوڕێیەتی قوتابیانی کورد بکەن. بۆ ئێمە جێی پرسیار بوو، بۆچی هاوڕێیەتی ئێمە ناکەن. ڕۆژێکیان عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لە زانکۆ دەیخوێند، جلێکی بۆ کڕیم و بۆی ناردم، منیش زۆرم پێخۆشبوو، چونکە وا تێگەیشتبووم کە جلوبەرگی منداڵانی کورد باش و جوان نەبوون، بۆیە تورکەکان هاوڕێیەتیمان ناکەن. ڕۆژێک چووم بۆ قوتابخانە، قوتابییەکی تورک هەبوو ناوی عەدنان دەنیز بوو، دواتر زانیم بووەتە فاشیست. کاتێک منی بینی، هاواری کرد سەیری بکەن بزانن کوردیش فێر بوون وەکو ئێمە جل لەبەر بکەن.

**ڕووداو: ئەوان چۆن دەیانزانی ئێوە کوردن؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** تورکییەکەمان باش نەبوو، هەر کەسێک بە کوردی قسەی بکردایە، مامۆستا سزای دەدا. بە تورکییەکی شکاو قسەمان دەکرد. ئەوان دەیانزانی کە ئێمە کوردین و فێری تورکی بووین، بۆیە هاوڕێیەتییان نەدەکردین. ئەو ڕۆژەی ئەو جلەم لەبەر کرد، زۆر پەشیمان بوومەوە. قوتابییەک هات گوتی تۆ کوردی؟ گوتم بەڵێ. گوتی لێرە چی دەکەی بۆ ناچی بۆ لای بارزانی؟ پێمگوت بارزانی لە کوێیە؟ نەیدەزانی لە کوردستانە، دەیگوت لە پاکستانە. من گریام و چوومە لای مامۆستا گوتم ئەو قوتابییە پێمدەڵێ بڕۆ بۆ لای بارزانی. مامۆستا چەند زللەیەکی لە قوتابییەکە دا، منیش زۆر پەشیمان بوومەوە. بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە، بارزانی کێیە، لە کوێیە؟ کاتێک ساڵی 1975 شۆڕش تێکچوو، ڕۆژنامەکان باسی شەڕیان دەکرد. منیش بەردەوام بەدواداچوونم دەکرد بزانم بارزانی کێیە؟ بۆیە دەڵێم وڵاتپارێزیی من سەرەتایەکی هەیە و پەیوەندی بە بارزانییەوە هەیە.

**ڕووداو: واتە بارزانی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیا هەبوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** کاریگەری لەسەر زۆر کورد هەبوو، ڕێگەی بۆ زۆر کورد دانا کە بەدوای ناسنامەی خۆیاندا بچن. سەبارەت بە خۆم دەتوانم بڵێم ئەوەی وایکرد بەدوای کوردێتی خۆمدا بگەڕێم، دەنگوباسی بارزانی بوو. هەمیشە حەزم دەکرد بگەم بە بارزانی. لەو کاتەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستی بە خەباتی سیاسی کردبوو، لەلایەک چەپ و لەلایەک کوردایەتی.

**ڕووداو: عەبدوڵڵا ئۆجەلان باسی خەباتی خۆی بۆ دەکردن؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** تا ئەوکات هەر دەهاتە ماڵ و دەردەچوو. باش لەبیرمە ساڵی 1973 هاتەوە گوند لەوێ ڕەزێکمان هەبوو، کۆمەڵێک کتێبی پێبوون هاوین لە نێو ڕەزەکەدا دەیخوێندنەوە. پاییز قسەی لەگەڵ باوکم کرد و گوتی من خۆم ئامادە دەکەم دەست بە خەباتێکی نەتەوەیی بکەم. بیرمە باوکم پێیگوت من کەسێکی موسوڵمانم و دژی کۆمۆنیزمم، بەڵام پێتدەڵێم کۆماری تورکیا کۆمۆنیزم قبوڵ دەکات، بەڵام کوردایەتی قبوڵ ناکات. بۆیە ببە کۆمۆنیست و مەبە بە کورد، کورد هیچ دواڕۆژێکی نییە، بەڵام ئۆجەلان سوور بوو لەسەر دەستپێکردنی بزاڤێکی نەتەوەیی.

**ڕووداو: ئەوکات هیچ ڕێکخراوێکی کوردی نەبوون؟ ئۆجەلان دەیویست ڕێکخراوێک دروست بکات، خۆی سەرۆکی بێ؟**

> داپیری ئۆجەلان تورکە

> لە نێو خێزانەکەماندا دایکم دەسەڵاتدار بوو

> ئۆجەلان پێشنوێژی بۆ منداڵانی گوند دەکرد

> باوکم بە ئۆجەلانی دەگوت کورد هیچ دواڕۆژێکی نییە

> جەمیل بایک داوای لە کەمال پیر کردبوو کەسیرە بکوژێ

**عوسمان ئۆجەلان:** ئەوکات ڕێکخراوی (DDKD) هەبوو، ڕێکخراوێکی کوردی بوو، بەڵام زۆر سیاسی نەبوو، زۆرتر کولتووری بوو. ئۆجەلان دەیویست ڕێکخراوێکی سیاسی دابمەزرێنێ و خەباتی بۆ بکات.

**ڕووداو: بەڵام ئەوکات زۆرتر مەسەلەی چەپ زاڵ بوو لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** ئەوکات لە تورکیا چەپ مۆدێل بوو، ئەگەر کەسێک هەڵوێستی لە دژی دەوڵەت وەربگرتایە، پێویست بوو ببێتە چەپ. کێ زۆرتر چەپ بووایە، ئەو قبوڵکراوتر بوو. لەلایەکی دیکەش ئەوکات لە باشووری کوردستان بزاڤی نەتەوەیی تووشی شکست بووبوو. ئەویش وایکرد کە چەپ پێش بزاڤی نەتەوەیی بکەوێ.

**ڕووداو: تۆ یەکەمجار تێکەڵی کام گروپ و ڕێکخراو بووی؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** زۆر گروپ دروست بوون، لەوانە شۆڕشگێڕانی چەپ، ڕێگای شۆڕشگێڕان، ڕووناهی. بەڵام یەکەم گروپ کە باسی مەسەلەی کوردی هێنایە پێش گروپی ڕووناهی بوو، سەرۆکەکەی دۆغو پەرینچەک بوو کە ئێستا سەرۆکی پارتی وەتەنە. ئێستا پارتێکی نەتەوەپەرستی تورکە.

**ڕووداو: لە نێو ئەو ڕێکخستنە کورد هەبوون؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** بەڵێ هەبوون. ئەوان لە نووسینەکانیان باسی کێشەی گوندنشینان و کێشەی کوردیان دەکرد. دەیانگوت کورد بەشێکن لە تورکیا، ئەوکات بەرنامەی ئەوان بۆ ئێمە زۆر گرنگ نەبوو، ناو گرنگ بوو. نزیکەی ساڵێک لەگەڵ ئەوان کارمان کرد، بەڵام ساڵی 1975 گروپی ئاپۆچی (گروپی شۆڕشگێڕانی کوردستان) تازە خۆی ڕێکخستبوو، چووینە نێو گروپی ئاپۆچی.

**ڕووداو: گروپی ئاپۆچی کێ بوون؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پێویستە باسی سێ کەس بکرێ: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، حەقی کارەر و کەمال پیر. ئەوانە بەڕاستی دامەزرێنەری پەکەکەن. دەتوانم بڵێم بە پێشەنگی کوردێک، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دروستبوو، عەبدوڵڵا ئۆجەلانی کورد، حەقی کارەری لاز و کەمال پیری جۆرجی. ئەو سێیە هاوڕێیەتییەک بە ناوی شۆڕشگێڕی لە ئەنقەرە دروست دەکەن. بڕیار دەدەن بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەناوی کورد دروست بکەن. ئەو بزووتنەوەیە سەرەتا بە ئاپۆچی ناسرابوون، دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان.

**ڕووداو: کەواتە پەکەکە لە ساڵی 1978 دامەزرا؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** خەبات لە ساڵی 1975 دەستپێکرد و 1978 بوو بە پارتی. واتە ئەو سێ ساڵە ئامادەکارییەکی فیکری و ئایدیۆلۆژی کراوە.

**ڕووداو: لە نێو ئەدەبیاتی پەکەکە بەو سێ کەسە دەڵێن گروپی ئەنکەرە. ڕاستە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** بەڵێ، بەڵام خەڵکی دیکەش هەبوون، لەوانە خەیری دورمووش، مازن دۆغان. دوران کاڵکان، عەلی حەیدەر قەیتان و جەمیل بایک و..... وەک دەزانن پەکەکە سەرەتا دوو گروپ بوو، گروپی ئەنقەرە و گروپی کوردستان. گروپی ئەنقەرە زۆرتر بە خەباتی ئایدیۆلۆژییەوە سەرقاڵ بوون. ئەوانەی کوردستانیش زۆرتر گروپێکی نەتەوەیی بوون و خەباتی سیاسییان دەکرد.

**ڕووداو: لەمێژووی پەکەکەدا زۆر باسی کەسێک دەکرێ بەناوی پیلۆت نەجاتی، دەگوترێ ئەو کەسە میت بووە، میت ویستوویەتی لە ڕێگەی ئەوەوە پەکەکە کۆنترۆڵ بکات؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** ساڵانی حەفتا کە گروپی شۆڕشگێڕی دروست دەبن. هەواڵگریی تورکیا خۆی دەخزێنێتە نێو هەموو گروپەکان. لە نێو پەکەکەشدا هەوڵی میت هەبوو. یەکێک لەوانە پیلۆت نەجاتییە کە خەڵکی ئاگری بوو. دەرچووی ئەکادیمیای سەربازی بوو، دەبێتە فڕۆکەوان. ئاپۆ سەرەتا دەیزانی کەسێکی مەترسیدارە، میت دەیویست لە ڕێگەی نەجاتییەوە کۆنترۆڵی پەکەکە بکات، ئۆجەلانیش دەیویست بەهۆی نەجاتییەوە هێرشی دەوڵەت بۆ سەر کورد ڕابگرێ. هەردوولا دەیانویست پیلۆت بۆ خۆیان بەکاربهێنن. بەڵام کاتێک لە ساڵی 1978 پەکەکە دادەمەزرێ، ئۆجەلان پەیوەندی لەگەڵ پیلۆت دەپچڕێنێ. چیدی ڕێگە نادات کاریان لەگەڵ بکات.

**ڕووداو: باسی کەسێکی دیکەش دەکەن، ئەویش کەسیرە ئۆجەلانە (هاوژینی ئۆجەلان) دەڵێن خێزانەکەی سەر بە دەوڵەت بوون، ڕاستە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** ڕاستە، ئەوان خەڵکی دێرسیمن، باوکی کەسیرە (عەلی یلدرم) پیاوی ئیستخبارات بوو، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کەسیرەش کاری بۆ دەوڵەت کردووە. کەسیرە کەسێکی زیرەک و تێگەیشتوو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ژن بوو، هێرشیان دەکردە سەری، چونکە پەکەکە ئەوکات هێزێکی پێشکەوتوو نەبوو، ژن لە نێو پەکەکەدا هەبوون، بەڵام قەدەغەکارییان لەسەربوو.

**ڕووداو: ئەی کەسیرە چۆن شووی بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان کرد؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** لەبەر ئەوەی ئەوکات کۆمەڵگە بەشداربوونی ژنی لە خەبات بە شتێکی ئاسایی نەدەبینی، بۆ ئەوەی کەسیرە لەو ڕووەوە ئازادبێ، ئۆجەلان هاوسەرگیرییەکی شکڵی لەگەڵ کرد. واتە بەڕاستی نەبوو. کەسیرەش هەر ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەی دەویست بۆ ئەوەی درێژە بە خەباتی خۆی بدات. بەڕاستی ئافرەتێکی چالاک و تێگەیشتوو بوو، لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە پێگەیشتوو بوو، بەڵام چواردەورەکەی حەزیان لێنەدەکرد. بە تایبەتی جەمیل بایک.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** چونکە دەترسا بەهۆی ئەو هاوسەرگیرییەی لەگەڵ ئۆجەلان پێگەی بەرزببێتەوە و پێگەی ئەوان لەق بکات، بۆیە هێرشی دەکردە سەر. جەمیل بایک بۆ خۆی دەڵێت داوام لە کەمال پیر کرد کەسیرە ئۆجەلان بکوژێ. ئەوە تاوانە، پێویستە جەمیل بایک لەسەر ئەوە دادگایی بکرێ.

**ڕووداو: کەسیرە بۆچی وازی لە پەکەکە هێنا؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پێشکەوتنی کەسیرە شوێنی زۆر کەسی تەنگ کردبوو، بۆیە هەر کەسێک بە جۆرێک پروپاگەندەی بۆ دەکرد و دژایەتی دەکرد، دژایەتیکردنی کەسیرە گەیشتە قۆناغێک کە یەک چارەسەر لەبەردەم ئۆجەلان مایەوە، ئەویش پچڕاندنی پەیوەندی بوو لەگەڵی.

**ڕووداو: واتە ئۆجەلان بەدڵی خۆی وازی لە کەسیرە نەهێنا؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** نەخێر، لەژێر کاریگەری دەوروبەر بوو. من لێرەوە دەڵێم کەسیرە سیخوڕی دەوڵەت نەبوو، کەسێکی شۆڕشگێڕ بوو. پێویستە ڕێزی لێبگیرێ.

**ڕووداو: کە پەکەکە دامەزرا، حیزبی دیکەی کوردی هەبوون؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** زۆر حیزبی دیکە پێش پەکەکە دروستبوون، لەوانە پارتی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا. پاش پەکەکە ڕزگاری و کوک و کاوە دروستبوون. پەکەکەش سەرەتا بەناوی شۆڕشگێڕانی کوردستان دامەزرا، لە نێو خەڵک بە ئاپۆچی ناسرابوو. هەموو ئەو حیزبانە بەرنامەی تایبەت بە خۆیان هەبوو، هەندێکیان لەگەڵ خەباتی سیاسیدا بوون، هەندێکیشیان چەکداری، بەڵام پەکەکە لە هەموویان زیاتر دەیگوت بەبێ چەک سەرکەوتن بەدەست نایەت.

**ڕووداو: ئێوە نەوەی دووەمی پەکەکە بوون لە کوردستان، کێ بوون ئەوانەی لە کوردستان خەباتیان دەکرد؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** زۆر بوون، لەوانە ساڵح کامدار، خەلیل چاوگون. مەعسووم کۆرکماز، عەگید، جومعە تەک، ئەوانە قارەمانی سەرەتایی بوون. ئێستا لە نێو پەکەکە بەڕێز موراد قەرەیڵان ماوە، عەبدولڕەحمان چادرچی ماوە. هەندێکیشیان لە دەرەوەی پەکەکەن، لەوانە من، نیزامەددین تاش. خەلیل ئاتاش. ئەوانەی زۆرتر لە نێو پەکەکەدا خەباتیان کردووە، گروپی دووەمین، ئەوانەی کوردستانن. ئەوەی پەکەکەی بەهێز کرد گروپی کوردستان بوو.

**ڕووداو: بەڵام گروپی کوردستان لە کۆنگرەی یەکەمی پەکەکە بەشدار نەبوون؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** نەخێر، ئەوانەی بەشداربوون گرووپی ئەنقەرە بوون، زۆربەیان لە ئەنقەرە قوتابی بوون.

**ڕووداو: لەوێ باسی دەوڵەتی کوردی کرابوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** لەوێ زۆرتر باسی سۆسیالیزم کرابوو، بە چ ڕێگایەک بگەین بە سیستمێکی سۆسیالیستی، کورد چۆن خزمەتی ئەم سیستمە بکات. ئامانجی یەکەم سۆسیالیزم بوو، نەک دروستکردنی کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات.

**ڕووداو: بۆچی پەکەکە ئەوکات شەڕی کوردی دەکرد؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە دەیویست لە ڕێگەی چەکەوە بگاتە ئامانجەکانی، جا ئەوکات هەندێک لە بەکرێگیراوانی دەوڵەت کە زۆرتر ئاغا بوون، ڕێگر بوون لە خەبات، بۆیە پەکەکە بە پێویستی زانی ئەوانە بداتە لایەک.

**ڕووداو: ئەوکات چەکتان هەبوو؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە خەباتی خۆی بە دابینکردنی چەک دەستپێکرد، ڕێنمایی سەرەتایی ئەوە بوو کە دەبێ هەر کەسێک چەکێک پەیدا بکات. ماوەیەکی زۆر ئیشم کرد، لە گوند هەندێک نیسکم فرۆشت، تا توانیم دەمانچەیەک بکڕم.

**ڕووداو: ئەوکات خەڵکێکی زۆر هەم لە پەکەکە هەمیش لە حیزبە کوردییەکان تیرۆرکران، بۆچی؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** پەکەکە سەرەتا تەماشای ڕاست و چەپی نەدەکرد، هەر کەسێک ئاستەنگی بۆ دروستکردبا، لە دژی دەوەستایەوە، تەنانەت ئەوانەشی کە لەنێو پەکەکە ئاستەنگیان دروست دەکرد. پەکەکە لەسەر ئەو فەلسەفەیە دروستبووە. لە فەلسەفەی پەکەکەدا پێکەوەژیان نییە.

**ڕووداو: تۆش بۆ خۆت یەکێک بووی لەوانە؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** من سیاسەتی پەکەکەم دانەناوە، سیاسەتی پەکەکە لە کۆنگرەی یەکەم دانراوە. ئێمە سەرەتا ئەو سیاسەتەمان قبوڵ کرد،

> ئۆجەلان ناچار کرا کەسیرە تەڵاق بدات

چونکە پێمانوابوو بەبێ شەڕی چەکداری هیچ شتێک بەدەستناهێنین. توندوتیژیی دەوڵەت وای کردبوو کە جگە لە چەک شتێکی دیکە هەڵنەبژێرین.

**ڕووداو: بەڵام ئەوکات لە تورکیا هەڵبژاردن هەبوو، پەکەکە بەشداری هەڵبژاردنی کرد، وابزانم لە باتمان دەنگی هێنا.**

**عوسمان ئۆجەلان:** ڕاستە، بەڵام ئەوە بە بەرنامە نەبوو، برادەرێک بەناوی ئەدیب سۆڵماز بوو بە سەرۆکی شارەوانی، نزیک بوو لە پەکەکە. پەکەکە دەیگوت خەباتی یاسایی لەگەڵ خەباتی چەکداری ناگونجێ، بۆیە خەباتی یاسایی ڕەتکردەوە. زۆری نەبرد میت ئەدیب سۆڵمازی کوشت.

ڕووداو ئابووری
ژمارە (523) - دووشەممە 2018/10/1






## هێڵی ئاسمانیی سعودیە گەشتەکانی بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر دەستپێدەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2018/10/1 کاژێر 9ی سەرلەبەیانی هێڵی ئاسمانیی سعودیە گەشتەکانی بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دەستپێبکاتەوە. تەلار فایەق بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێوەدەوڵەتیی هەولێر بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕایگەیاند، لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەوڕۆز مەولوود وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بەوەکالەت، پێشوازی لەو گەشتە دەکرێت کە لە شاندێکی تایبەتی شانشینی سعودیە پێکدێت. فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر یەکێکە لە گرنگترین فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە دەیان فڕۆکە لەو فڕۆکەخانەیە هەڵدەستن و دەنیشنەوە.

### سەرمایەی ئەمساڵی وەبەرهێنان دوو ملیار و 382 ملیۆن دۆلار بووە

# وەبەرهێنەرانی کوردستان روو لە پرۆژەی پیشەسازی دەکەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت وەبەرهێنەران ڕوویان لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کردووەتەوە، بەو هۆیەشەوە ئەمساڵ 35 پرۆژەی وەبەرهێنان بە سەرمایەی دوو ملیار و 382 ملیۆن دۆلار مۆڵەتیان وەرگرتووە.

دەستەی وەبەرهێنان کە یاساکەی لە ئابی 2006 دەرچووە، تاوەکو ئێستا مۆڵەتی وەبەرهێنانی بە 924 پرۆژە داوە، بەڵام 107 پرۆژەیان بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان، مۆڵەتەکانیان هەڵوەشێنراوەتەوە. ئێستا سەرمایەی وەبەرهێنان گەیشتووەتە 49 ملیار و 407 ملیۆن دۆلار.

بەپێی داتاکانی دەستەی وەبەرهێنان ساڵی زێڕینی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەڕووی قەبارەی سەرمایەوە 2013 بووە کە گەیشتە 11 ملیار و 111 ملیۆن دۆلار، بەڵام دواتر بەهۆی بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغدا و دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعش، قەبارەی وەبەرهێنان کەمی کرد، بە جۆرێک ساڵی ڕابردوو کەمترین سەرمایە لە وەبەرهێنان خەرج کراوە کە تەنیا 712 ملیۆن و 461 هەزار دۆلار بووە، بەڵام لە 9 مانگی ڕابردوودا جارێکی دیکە پرۆژەکانی وەبەرهێنان جووڵەیان تێکەوتووە.

سەربەست خدر مەنتک، بەڕێوەبەری فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری لە دەستەی وەبەرهێنان دەڵێت: "بەهۆی نەمانی شەڕی داعش، ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا و باشبوونی باری دارایی هەرێمی کوردستان، لەسەرەتای ئەمساڵەوە جووڵە کەوتووەتەوە نێو پرۆژەکانی وەبەرهێنان، لەو ماوەیەدا مۆڵەتمان داوەتە 35 پرۆژە کە سەرمایەکانیان دوو ملیار و 382 ملیۆن دۆلار بووە".

پرۆژەکانی ئەمساڵ هەمەجۆرن، بەڵام زۆرترین پرۆژەیان لە سێکتەری پیشەسازی و گەشتیاری و بازرگانی بوون، پشکی شێری سەرمایەی وەبەرهێنانی 35 پرۆژەکەش بەر پیشەسازی کەوتووە کە نزیکەی 87%ی کۆی سەرمایەی پرۆژەکان پێکدێنێ.

35 پرۆژەکە بریتین لە: 10 پرۆژەی پیشەسازی، 8 پرۆژەی گەشتیاری، 8 پرۆژەی بازرگانی، 3 پرۆژەی فێرکردن، 3 پرۆژەی تەندروستی، 2 پرۆژەی نیشتەجێکردن و یەک پرۆژەی وەرزشی.

گەورەترین دوو پرۆژەی پیشەسازی کە ئەمساڵ مۆڵەتیان لە وەبەرهێنان وەرگرتووە، پرۆژەی پاڵاوگەی بازیانە لە سلێمانی کە سەرمایەکەی 1 ملیار و 450 ملیۆن دۆلارە، هەروەها کارگەی قیر و بەرهەمهێنانی بەرهەمە نەوتییەکانی لاناز لە هەولێر کە سەرمایەکەی نزیکەی 300 ملیۆن دۆلارە.

لە پرۆژە گەشتیارییەکانیش گەورەترین پرۆژە کە ئەمساڵ مۆڵەتی وەرگرتووە پرۆژەی گەشتیاری پارک لاندە کە سەرمایەکەی 35 ملیۆن و 658 هەزار دۆلارە، لەپرۆژە بازرگانیشەکانیش پرۆژەی کۆگای شینافاهینی نەوتییە لەدهۆک کە سەرمایەکەی 21 ملیۆن و 850 هەزار دۆلارە.

لەساڵی 2012 بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران مۆڵەتدان بە پرۆژەکانیی نیشتەجێبوون وەستاوە، بەڵام ئەمساڵ بەسەرمایەی نزیکەی 146 ملیۆن دۆلار لەهەولێر و سلێمانی مۆڵەت بەدوو پرۆژەی نیشتەجێبوون دراوە، کە بریتین لەپرۆژەی MNW TOWER لە هەولێر و بەهەشتی کەلار لە سلێمانی.

پێشتر وەبەرهێنەرانی بیانی پشکی شێریان لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەردەکەوت، بەڵام سەربەست خدر دەڵێت وەبەرهێنەری بیانی هێشتا ڕۆڵیان نییە لە هەڵسانەوەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، لە سێ ساڵی ڕابردوودا تەنیا یەک پرۆژە دراوەتە وەبەرهێنەرانی بیانی، ئەویش پرۆژەی کارگەی دهۆک ستیلە بۆ بەرهەمهێنانی ئاسن کە خاوەنەکەی وەبەرهێنەرێکی کوێتییە.

سەربەست خدر دەڵێت: "سەرجەم پرۆژەکانی ئەمساڵ خاوەنەکانیان وەبەرهێنەری خۆماڵین".

لەڕووی زۆری ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و سەرمایەوە، پارێزگای هەولێر پشکی شێری بەرکەوتووە، لە 817 پرۆژە کە کاریان تێدا کراوە 361 پرۆژە بە سەرمایەی 27 ملیار و لە سنووری ئەم پارێزگایەن.

لەڕووی ژمارەوە زۆرترین پرۆژەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر لەساڵی 2010 تۆمارکراوە کە 63 پرۆژە بووە، بەڵام لەڕووی سەرمایەوە ساڵی 2013 ساڵی زێڕینی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە لەهەولێر کە لەو ساڵەدا بەسەرمایەی نزیکەی 5 ملیار و 542 ملیۆن دۆلار سەرمایەگوزاری کراوە.

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی هەولێر، دەڵێت "ئەمساڵ 17 پرۆژەی وەبەرهێنان بەسەرمایەی زیاتر لە 459 ملیۆن دۆلار لە هەولێر مۆڵەتیان وەرگرتووە، زیاتر لە 10 پرۆژەش ئامادەن بۆ پێدانی مۆڵەت. پێشبینی دەکەین تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ژمارەی پرۆژەکان بگاتە 35 پرۆژە، ئەمە لەکاتێکدایە ساڵی ڕابردوو تەنیا 10 پرۆژە و لەساڵی 2016 تەنیا 12 پرۆژە مۆڵەتیان وەرگرتووە.

بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر، زۆرترین مۆڵەتی پرۆژەی وەبەرهێنان لە سێکتەری پیشەسازیدا بووە 94 پرۆژەیە، دوای ئەویش پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بە 79 پرۆژە دێت، پلەی سێیەمیش بەر پرۆژە گەشتیارییەکان کەوتووە کە 74 پرۆژەیە.

سامان عارەب دەڵێت: "دوای ئەوەی لە ساڵی 2012 بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران مۆڵەتدان بە پرۆژەی نیشتەجێبوون وەستا، وەک هاندانێک حکومەت بڕیاری دا ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان لە سێکتەرەکانی پیشەسازی، گەشتیاری، کشتوکاڵ، بازرگانی بکرێت، ئەمەش ئەنجامێکی دڵخۆشکەری هەبوو، بە جۆرێک سەرمایەگوازی لەو چوار کەرتەدا گەیشتە 15 ملیار و 274 ملیۆن دۆلار".

لە 17 پرۆژەکەی هەولێر کە ئەمساڵ مۆڵەتیان وەرگرتووە، 5 پرۆژەی پیشەسازی و 6 پرۆژەی گەشتیاریان تێدایە. پرۆژە گەشتیارییەکان بریتین لە چوار کۆمەڵگەی گەشتیاری و دوو هۆتێل. پرۆژە پیشەسازییەکانیش بریتین لە کارگەیەکی قیر، چاپخانەیەکی مۆدێرن، کارگەیەکی دروستکردنی مەوادی کیمیاوی، کارگەیەکی دروستکردنی ڕەف و دیکۆر، کارگەیەکی تەجمیعی موبەریدە و دروستکردنی پوشی موبەریدە و مەڕمەڕی دەستکرد.

محەممەد جەلال، خاوەنی کارگەی ئەلجەواهیر بۆ دروستکردنی موبەریدە و پوشی موبەریدە و مەڕمەڕی دەستکرد و کەلوپەلی بیناسازی دەڵێت "75%ی پرۆژەکەمان تەواوبووە، بۆ ئەمساڵ دەستمانکرد بەدروستکردنی پوشی موبەریدە نزیکەی 1 ملیۆن سێت پوشی موبەریدەمان دروستکرد، ئامێرەکانیشمان بۆ دروستکردنی موبەریدە ئامادەیە، دەتوانین ڕۆژانە 500 موبەریدە دروست بکەین".

سەرمایەی پرۆژەکەی محەممەد جەلال 3 ملیۆن دۆلارە و لەسەر ڕووبەری 5 دۆنم لە نزیک گوندی تیماری گەورە لە شاری هەولێر دروستدەکرێت.

محەممەد جەلال، گوتی: "لەهەموو شارەکانی عێراق بەهۆی بەرزی کوالێتی پوشی موبەردەی کارگەکەمان، فرۆشمان هەیە، بۆ دروستکردنیشی پشت بەداری کوردستان دەبەستین، بۆیە لەگەڵ ژمارەیەک جوتیار لە خەلیفان و شەقڵاوە و چۆمان گرێبەستمان کردووە بۆ کڕینەوەی دارەکانیان، 75%ی بەرهەمەکەشمان بۆ شارەکانی عێراق هەنارده دەکەین".

**پشکی شێری سەرمایەی وەبەرهێنانی 35 پرۆژەکەی ئەمساڵ بەر پیشەسازی کەوتووە کە نزیکەی 87%ی کۆی سەرمایەی پرۆژەکان پێکدێنێ**




سەرمایەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 49 ملیار و 407 ملیۆن دۆلار (فۆتۆ: ڕووداو)

**قەبارەی وەبەرهێنان بەپێی ساڵ لەڕووی سەرمایەوە**

| ساڵ | سەرمایە بە ملیۆن دۆلار |
|---|---|
| 4/2006 | 438.308 |
| 2007 | 3.829.835 |
| 2008 | 2.112.267 |
| 2009 | 3.689.915 |
| 2010 | 5.712.469 |
| 2011 | 3.365.432 |
| 2012 | 6.120.905 |
| 2013 | 11.111.295 |
| 2014 | 3.877.366 |
| 2015 | 3.959.011 |
| 2016 | 2.095.839 |
| 2017 | 712.461 |
| 9/2018 | 2.381.957 |
| کۆی گشتی | 49.407.060 |

# دابەزینی بەهای تومەن کۆمپانیا ئێرانییەکان ڕادەکێشێتە هەرێمی کوردستان



361 کۆمپانیای ئێرانی مۆڵەتی کارکردنیان لە هەرێمی کوردستان وەرگرتووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو کۆمپانیا ئێرانیانەی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، هەر لە ئێستاوە خۆیان بۆ قۆناغی دووەمی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ئامادە کردووە. ئەوان ترسیان لەوە هەیە پارەکانیان بلۆک بکرێ، بۆیە زۆر بە کەمی پارە لە بانکەکانی کوردستان دادەنێن.

لەدوای کشانەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کە بە ڕێککەوتنی (5+1) ناسراوە، ئەمەریکا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ئێران زیاتر گۆشەگیر بکات، ئەویش لە ڕێگەی گەمارۆی ئابووری کە قۆناغی یەکەمی لە شەشی ئابی ڕابردوو دەستپێکردووە و گەمارۆ خراوەتە سەر کەرتی ئۆتۆمبیل و زێڕ و مادە کانزاییە بە بەهاکانی دیکە، قۆناغی دووەمیش کە بڕیارە لە 2018/11/5 دەستپێبکات، گەمارۆ دەخرێتە سەر کەرتی نەوت و بانکی ناوەندیی ئێران.

کاریگەریی قۆناغی یەکەمی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران هەر زوو دەرکەوت، دراوی ئێرانی بەهای خۆی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەدەست دا، بە جۆرێک کۆتایی هەفتەی ڕابردوو نرخی یەک دۆلاری ئەمریکی لە 20 هەزار تمەنی ئێرانی نزیک بووەوە.

ئیبراهیم مەحمود جەمالی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاریانوپۆیا بۆ کاروباری بیناسازی، دەڵێت: "هەرچەندە هێشتا عێراق و هەرێمی کوردستان بە فیعلی پابەندی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران نەبوون، بەڵام گەمارۆکە لەئێستاوە کاریگەری لەسەر کارەکانی ئێمە هەبووە، خەڵک وەک پێشتر کارمان ناداتێ".

ترسی جەمالی لەو ڕۆژەیە کە عێراق پابەندی بڕیارەکانی ئەمریکا لە دژی ئێران ببێ. جەمالی دەڵێت: "ئەگەر عێراق بە قسەی ئەمریکا بکات، ئەوە لێرە کێشەی بانکیمان بۆ دروست دەبێ".

ئیبراهیم جەمالی و هاوکارەکانی حیسابیان بۆ ئەو ڕۆژە کردووە. ئەو دەڵێت: "بەشێک لەو کۆمپانیا ئێرانیانەی لقیان لە هەرێمی کوردستان هەیە پارەکانیان نانێرنەوە ئێران. هەروەها لە ترسی بلۆککردنی حیسابەکانیان وەک پێشتر پارە لە بانکەکانی هەرێمی کوردستانیش دانانێن".

کۆمپانیاکەی ئیبراهیم جەمالی، باڵەخانە و کۆگای ساردکەرەوەی دەرمان دروست دەکات، جەمالی دەڵێت: "بەهۆی دابەزینی نرخی تومەن و ئەو شڵەژانەی لە بازاڕەکانی ئێران دروستبووە، بەشێکی زۆر لە کۆمپانیاکانی ئێران هەوڵدەدەن لە دەرەوەی ئێران کار بدۆزنەوە، بەڵام زیاتر ڕوو لە کازاخستان و جۆرجیا و وڵاتانی دیکە دەکەن، زۆر کەم ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، چونکە بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان باش نییە و کاریان دەستناکەوێ".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان، سێ هەزار و 213 کۆمپانیا و لقی کۆمپانیای بیانی لە هەرێمی کوردستان هەن، لەم ژمارەیەش 361 کۆمپانیایان ئێرانین.

بەپێی داتاکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، تا ساڵی 2009 تەنیا 129 کۆمپانیای ئێرانی لە هەرێمی کوردستان هەبوون، بەڵام لە 8 ساڵی ڕابردوودا 230 کۆمپانیای دیکە لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، ئەمساڵیش دوو کۆمپانیای دیکە تۆمار کراون.

شێخ ئاراس ڕەئووف، بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان بەوەکالەت لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "دوای دابەزینی نرخی تومەن، ژمارەیەکی زۆر کرێکار، پیشەوەر، کارگە و کۆمپانیای ئێرانی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، تەنانەت ئەو کۆمپانیا ئێرانیانەی پێشتر کوردستانیان جێهێشتبوو گەڕاونەتەوە".

شێخ ئاراس بەدووری دەزانێ گەمارۆکانی ئێران کاریگەری لەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران هەبێ. چونکە دەڵێ: "ئەمریکا دەیەوێ عێراق لە بوارەکانی نەوت و کانزاکان و بەرهەمە نەوتییەکان ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئێران نەکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئێمە لەگەڵ ئێران زیاتر لە بواری خۆراکە، بەپێی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش نابێت ڕێگری لە ئاڵوگۆڕی خۆراک بکرێ، بۆیە ئەگەر عێراق پابەندی بڕیارەکەی ئەمەریکاش بێت، ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان لەگەڵ ئێران هەر دەمێنێ".

بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە، ژمارەیەک کۆمپانیای ئێرانی کوردستانیان جێهێشت، بەڵام شێخ ئاراس دەڵێت ئەو کۆمپانیایانە وردە وردە دەگەڕێنەوە کوردستان، تەنانەت بەرنامەیان هەیە ژمارەیەک کارگەی گەورە لە بواری بیناسازی و خۆراک بهێننە کوردستان.

شێخ ئاراس گوتی: "لەدوایین کۆبوونەوەمان لە دیوانی وەزارەت لەگەڵ کونسوڵ و بەشی بازرگانیی کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر، ئێرانییەکان گوتیان دەمانەوێ لەداهاتوودا زیاتر لە بواری وەبەرهێنان کار بکەین، تەنانەت گوتیان توانای کۆمپانیاکانمان هیچیان کەمتر نییە لە کۆمپانیا تورکییەکان، بۆیە لەداهاتوودا هانی زیاتری کۆمپانیاکانمان دەدەین لە هەرێمی کوردستان کار بکەن".

لەکۆی 361 کۆمپانیای تۆمارکراوی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان 194 کۆمپانیایان لە هەولێر تۆمارکراون کە دەکاتە 53.7% تێکڕای ئەو کۆمپانیا ئێرانیانەی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن.

ئەو کۆمپانیا ئێرانیانەی لە هەولێر تۆمارکراون، زیاتر لە بواری بەڵێندەرایەتی، بیناسازی، ڕاوێژکاریی ئەندازیاری، بازرگانیی گشتی، خزمەتگوزاریی گواستنەوە و خۆراک کار دەکەن. تەنیا یەک کۆمپانیای ئێرانی لە هەولێر لەبواری نەوتدا کار دەکات.

پشتیوان مستەفا وەرتی، بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکانی هەولێر دەڵێت: "بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە ئێران هەیە، ژمارەیەک کۆمپانیای ئێرانی سەردانیان کردووین بۆ کردنەوەی لقی کۆمپانیاکانیان لە هەولێر، بەڵام زۆربەیان کارەکانیان ڕاگرتووە، چاوەڕێی کاردانەوەی بەشی دووەمی گەمارۆکانی ئەمەریکان بۆ سەر وڵاتەکەیان، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە لەگەڵ پابەندبوونی عێراق، مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی ئێرانیش لەکوردستان ڕابگیرێت".

پشتیوان وەرتی، گوتیشی: "تائێستا هیچ ڕێگرییەک نییە بۆ تۆماری کۆمپانیای ئێرانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئێرانییەکان، بەڵام بێگومان دوای پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە گەمارۆکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، هەندێ کۆمپانیا بەتایبەت ئەوانەی لەبواری نەوت و کانزا و بانک کار دەکەن گرفتیان بۆ دروست دەبێت".

**ئێرانیەکان بەنیازن ژمارەیەک کارگەی گەورە لە بواری بیناسازی و خۆراک بهێننە کوردستان**

**بەڕێوەبەری گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان بە وەکالەت**

پێشتر نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: "هەرێمی کوردستان بۆ پابەندبوون بەگەمارۆکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران، لەچوارچێوەی بڕیارەکانی حکومەتی عێراق هەنگاو دەنێت و پابەندی بڕیارەکانی عێراق دەبێت".

دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "هەرچەندە ئامارێکی دروستمان نییە لەسەر قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، بەڵام بەگوتەی ئێرانییەکان ساڵانە بایی 6 ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بێگومان پابەندبوونی عێراق بەگەمارۆکانی ئەمەریکا کاریگەری لەسەر ئەم ئاڵوگۆڕە دەبێت، بەڵام پێمانوانییە زیانەکە زۆر بێت، چونکە ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئێمە لەگەڵ ئێرانییەکان زیاتر لە بواری خۆراکە".

# بازاڕی نەوت... شەڕی کیشوەرەکان لەسەر ئێران



کاردۆ کەمال

هەفتەی رابردوو سەرجەم ئەندامانی رێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە پابەندی رێککەوتنەکە و پەیوەندییە بازرگانییەکانیان بن لەگەڵ ئێران. ئەمە لەکاتێکدایە ئەمریکا هەڕەشەی لە وڵاتان و کۆمپانیا بیانییەکان کردووە هەر لایەنێک مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات، ئەوە بازاڕی ئەمریکای لێ قەدەغە دەکرێت. لەدوای کۆبوونەوەکەش، بەریتانیا و چین و فەرەنسا و ئەڵمانیا و رووسیا و ئێران راگەیەندراوێکیان بڵاوکردەوە کە کار دەکەن بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی نوێ، بۆ ئەوەی مامەڵە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئێران بەردەوام بکەن، بەتایبەتیش رێگەی نوێ بۆ پارەدان و کردنەوەی کەناڵی نوێ بۆ چوونی سەرمایە بۆ ناو ئێران بدۆزنەوە.

ئەم کەناڵە نوێیانە دەبێت توانای رووبەڕووبوونەوەی گەمارۆکانی ئەمریکای هەبێت لەسەر ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا سەرەڕای سووربوونیان لەسەر بەردەوامبوونی کڕینی نەوت لە ئێران و بەردەوامبوونی مامەڵە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئێران، بەڵام لەهەمانکاتدا ناتوانن یاسا داراییەکانی یەکێتیی ئەوروپا بشکێنن، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆئەوەی بەردەوامبوونی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران بەو شێوەیە نابێت کە حکومەتی ئێران چاوەڕێی دەکات.

لەم خاڵەدا، یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ هەر یەکە لە چین و رووسیا دەوەستن کە داوا دەکەن مامەڵەی بازرگانی و کڕینی نەوت لە ئێران بەردەوام بێت، بەڵام سەبارەت بە نرخی نەوتی ئێران و ئەو بڕە نەوتەی کە لە ئێرانەوە هەناردە دەکرێت و شێوازی گواستنەوەی بۆ وڵاتان، لەلایەن ئەندامانی رێککەوتننامە ئەتۆمییەکەوە هیچ باسێکی لێ نەکەوتەوە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ئێران بەرهەمهێنەرێک و هەناردەکارێکی نەوتە دەکرێت لەلایەن چەند کڕیارێکی ئەورووپی و ئاسیاییەوە پشتی پێ ببەسترێت، بەتایبەتیش کە ئەو کڕیارانە پاڵپشتی ئێران دەکەن.

دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە ئەو وڵاتانەی پشتگیریی ئێران دەکەن گرنگییەکی زۆریان هەیە، نەک لەبەر ئەوەی خاوەنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانن، بەڵکو بەهۆی ئەوەی بەشدارییەکی زۆریان لە ئابووریی جیهاندا هەیە. ئێران نەوتێکی زۆری بە کڕیارانی دەفرۆشت، هەر ئەمەش رۆڵی ئەوی لە بازاڕی نەوتدا گەورە کردبوو.

لەلایەن ئۆپێکەوە، سعودیە زۆر نەکەوتە ژێر داواکاریی ئەمریکا کە ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی بەرز بکاتەوە بە مەبەستی دابەزاندنی نرخی نەوت، چونکە سعودیە بەبێ رووسیا ناتوانێت هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێنێتەوە، هەر بۆیە بە هەماهەنگی لەگەڵ رووسیا توانییان نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت بگەیەننە سەرووی 80$.

لەگەڵ ئەوەشدا تا دێت گوشارەکانی ئەمریکا لەسەر سعودیە زیاد دەکات بۆ ئەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دابەزێنێ، ئەم گوشارانەش بوونە هۆکاری ئەوەی کە رۆژی هەینی رابردوو کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی سعودییە ناسراو بە ئارامکۆ رابیگەیەنێت کە خستنەڕووی نەوت بە بڕی 600 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا زیاد دەکەن، پاساوی سعودییەش بۆ ئەم بڕیارە ئەوە بوو کە کەمکردنەوەی خستنەڕووی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەهۆی گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر کەرتی نەوتی ئێران، ناسەقامگیری لە بازاڕی نەوتدا دروست دەکات، ئەمەش کێشە بۆ بەرهەمهێنەران و کڕیارانی نەوت دروست دەکات، بەڵام هاوکێشەکە ئەوەمان پێناڵێت، بەڵکو پێماندەڵێت کە بابەتەکە پەیوەندی بە سەقامگیربوونی بازاڕی نەوتەوە نییە، هێندەی پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە هەیە. پرسیارەکەش لێرەدا ئەوەیە ئەمریکا بۆ نایەوێت نرخی نەوت بەرز ببێتەوە لەکاتێکدا خۆشی یەکێک لە بەرهەمهێنەرانی نەوتە؟

دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەم بابەتەوە هەن، یەکەمیان لەکاتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ سەرووی ئاستەکانی 80$ بەرهەمهێنەرانی نەوتی بەردینی ئەمریکا ناچار دەکات نەوتەکەیان بە نرخێکی هەرزانتر بە کڕیارەکان بفرۆشن، خاڵی دووەمیشیان ئەوەیە کە بەرزیی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دەبێتە هۆکاری ئەوەی کارگەکانی ئەمریکا بە نرخێکی گرانتر کەرەستەی خاویان دەستبکەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری گرانبوونی نرخی ئەو کاڵایانەی لە ئەمریکا بەرهەم دێن، ئەوکات خەڵکی ئەمریکا دەبێت پارەیەکی زیاتر خەرج بکەن بۆ ئەوەی هەمان ئەو کاڵایانەیان دەستبکەوێت کە پێشتر بە نرخێکی هەرزانتر دەستیان دەکەوت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی رێژەی هەڵاوسان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی رێژەی هەڵاوسانیش بانکی فیدراڵی ئەمریکا ناچار دەبێت رێژەی سوودی بانکی بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی رێژەی هەڵاوسان دابەزێنێ، لەگەڵ بەرزکردنەوەی رێژەی سوودی بانکیش، بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرز دەبێتەوە. بە بەرزبوونەوەی بەهای دۆلاریش، دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەند باجی زیاتر بەسەر هاوردەکردنی کاڵا و شمەک لە چین و یەکێتی ئەوروپا بسەپێنێت، هیچ سەرکەوتوو نابێت، چونکە بەهۆی بەرزیی بەهای دۆلارەوە، ئەو کاڵایانەی کە لەناو ئەمریکا دروستدەکرێن، هێشتا نرخیان گرانترە لەو کاڵایانەی هاوردە دەکرێن. بەم شێوەیەش بەرزیی بەهای دۆلار کێشە بۆ ئەو شەڕە بازرگانییە دروست دەکات کە ترەمپ بەرپای کردووە، هەر بۆیە ئەمریکا دژی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتە.

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە چەند رۆژی رابردوودا هاوکاتە لەگەڵ دابەزینی بەرچاوی دراوی وڵاتە تازە گەشەکردووەکانی وەک هیندستان، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە هەرچەند بەهای رووپیەی هیندی دابەزێ، ئەوەندە تێچووی هاوردەکردنی نەوت لەلایەن هیندستانەوە زیاتر دەبێت، ئەمەش رەنگە بەشێک لە کڕیارانی هیندستان ناچار بکات ئەگەر نرخی نەوت بە بەرزی بمێنێتەوە، ئەوا نەوت لە ئێران بە نرخێکی هەرزانتر بکڕن، کەواتە بۆ ئەوەی ئەمریکا رێگری بکات لە بەقاچاخ کڕینی نەوتی ئێران، دەبێت نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان دابەزێت.

لەکۆتاییدا شارەزایانی بواری وزە پێیانوایە گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر کەرتی نەوتی ئێران، زیانەکانی زۆر لەوە زیاتر دەبێت کە لەسەرەتای گەمارۆکاندا پێشبینی دەکرا.



کۆمپانیای ئارامکۆی سعودی بڕیاری داوە 600 هەزار بەرمیل نەوت زیاتر بخاتە بازاڕەوە (فۆتۆ: رووداو)

# هێرشەکەی ئەهواز چ باندۆرێکی لەسەر بازاڕی نەوت دەبێت؟

رووداو- هەولێر

هێرشەکەی هەفتەی رابردووی ئەهواز، ناوەندی پارێزگای خوزستان لە باشووری رۆژئاوای ئێران، دەشێ کاریگەریی گەورە لەسەر گۆڕانکارییە خێراکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێ، بە تایبەتیش پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو. شارەزایەکی ئەمریکی پێیوایە یەکێک لەو خاڵانەی لە ماوەی 10 رۆژی رابردوودا لەبیرکراوە، کاریگەرییەکانی ئەو هێرشەیە لەسەر پیشەسازی و بازاڕی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

سیمۆن هێندەرسن، شارەزای کاروباری کەنداو لە پەیمانگای واشنتن، لەوبارەیەوە دەڵێت، ئێران دەتوانێ هێرشەکەی رۆژی شەممە 22ی ئەیلول وەکو هێرشێک بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی خۆی لێکبداتەوە کە بە جومگەیەکی سەرەکی ئابووریی ئێران دادەنرێ، ئەمەش رەنگە وای لێبکات "دامەزراوە نەوتییەکانی وڵاتانی دیکە بە ئامانجێکی رەوا بزانێ".

لە هێرشەکەی ئەهوازدا بە هێرشبەرەکانەوە 30 کەس کوژران و نزیکەی 70 کەسیش بریندار بوون. هەر یەکە لە بەرگریی نەتەوەیی ئەلئەحواز و داعش لە دوو راگەیەندراوی جیاوازدا بەرپرسیارێتی هێرشەکەیان گرتە ئەستۆ. بەڵام سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەڵێنی داوە تۆڵەی هێرشەکە لە سعودیە، ئیماراتی عەرەبی، ئیسرائیل و ئەمریکا بکاتەوە، لە کاتێکدا بەرپرسانی باڵای تاران حکومەتی ریاز و ئەبوزەبی بە هاوکار و پشتیوانی دارایی بکەرانی هێرشەکە دەزانن و بەڵێنی "سزای قورس"یان داوە.

ئێران، سعودیە و ئیمارات سێ بەرهەمهێنەری سەرەکیی نەوتی کەنداون و زۆرینەی ئەو نەوتەی لە کەنداو بەرهەم دێ و بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕێ بەرهەمی نەوتی ئەو سێ وڵاتەیە. تاوەکو هەفتەیەک لەمەوبەر شەڕی نەوتی دوو وڵاتە عەرەبییەکە لەگەڵ ئێران لەسەر سیاسەتەکانی نەوتی ئۆپێک و بەرزکردنەوە یان دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی رێکخراوەکە چڕببوونەوە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە بڕیارە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵەوە سزاکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوتی ئێران بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام هێرشەکەی 22ی ئەیلول بۆ سەر نمایشێکی سەربازیی لە ئەهواز دەتوانێ رەهەندێکی نوێ لە شەڕەکەدا بکاتەوە.

ساڵی رابردوو، محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە، لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا گوتی: "هەوڵ دەدەین شەڕەکە لەلای ئەوان بێت، واتە لە ناوخۆی ئێران، نەک لە ناو سعودیەدا"، ئەمە گۆڕانێکی گەورەیە لە سیاسەتی سعودیە بەرامبەر ئێران، لەبەر ئەوەی لە یەک دەیەی رابردوودا بەشێکی زۆری ململانێکانی ئەو دوو وڵاتە لەسەر خاکی وڵاتێکی سێیەم (عێراق، سووریا، یەمەن، بەحرەین) بووە. هێندەرسن پێیوایە شەڕێکی لەو جۆرە نەک هەر بۆ سعودییەکان و بن سەلمان ئاسان نابێ، بەڵکو خاڵە لاوازەکانیشیان زیاتر دەردەخات.

دوو رۆژ دوای هێرشەکەی ئەهواز، وەزیرانی نەوتی ئۆپێک و 10 وڵاتە هاوپەیمانەکەی (لەسەرووی هەمووشیانەوە رووسیا) لە جەزائیر کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا سعودیە لە ژێر گوشاری ئەمریکا بە نابەدڵی هەوڵی رازیکردنی ئەندامانی ئۆپێکی دەدا ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بکەنەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. سعودییەکان، سەرەڕای نارەزایەتی ئێران، بەنیاز بوون داوا لە ئەندامانی رێکخراوەکە بکەن ئاستی بەرهەمهێنان بە رادەی 500 هەزار بەرمیلی دیکە لە رۆژێکدا بەرز بکەنەوە، هەرچەندە بە بۆچوونی ئەوان نەوتی پێویست لە بازاڕەکاندا هەیە و پێویست بە بەرزکردنەوەی بەرهەمی رۆژانە ناکات.

تاوەکو هەفتەی رابردووش نیگەرانییە سەرەکییەکانی بازاڕی نەوت کە نرخی گەیاندووەتە 80 دۆلار، بریتی بوون لەوەی کەرتی نەوتی ڤەنزوێلا، مەکسیک و لیبیا کێشەیان تێدایە، لەلایەکی دیکەوە سزا نەوتییەکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی وزەی ئێرانیش بەڕێوەن، بەڵام لە دوای هێرشەکەی پارێزگای خوزستان، مەترسییەکی دیکەش روو لە بازاڕەکانی نەوت دەکات، ئەویش دروستبوونی کێشەیە بۆ کەرتی نەوتی سعودیە کە گەورەترین هەناردەکاری نەوتی جیهانە.

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە پێیوایە دروستبوونی گرژی لە کەنداو و کاریگەرییەکانی لەسەر کەرتی نەوتی سعودیە رەنگدانەوەی کارەساتباری لەسەر بازاڕی نەوتی جیهان دەبێ کە قەرەبووکردنەوەی کارێکی ئاسان نابێ. هێندەرسۆن پێیوایە ئەگەر ئێران بتوانێ شوێنپەنجەی خۆی لە هێرشی سەر پیشەسازیی نەوتی سعودیە بشارێتەوە، ئەوە ریاز هیچ بیانوویەکی کۆنکریتی بەدەستەوە نامێنێ بۆ ئەوەی بەرپەرچی بداتەوە.

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا، ئەوە دووەم هێرشە کە دەکرێتە سەر ئێران، هێرشەکەی یەکەمیان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە دانەنا. بەڵام لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی رابردوودا زۆر فاکتەری نوێ هاتوونەتە ئاراوە بۆ ئەوەی زەمینەی دەستکردنەوەی ئێران دروستبکەن، کە گرنگترینیان کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە و گەڕانەوەی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا بۆ سەر جومگە ئابوورییەکانی ئێرانە و دەکرێ کاریگەری لەسەر کاردانەوەی ئێران بەرامبەر هێرشەکان هەبێ، بە تایبەتیش لە کاتێکدا تاران هەست دەکات هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ جڵەوکردنی نفوزی وڵاتەکەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت "گۆڕینی رژێم" دەستپێکردووە.

> ئێران هێرشەکەی ئەهواز بە هێرشی وڵاتانی کەنداو بۆ سەر کەرتی نەوتی خۆی دەزانێ
>
> شارەزایەک لە پەیمانگای واشنتن

لەبەر ئەم فاکتەرانەیە کە سیمۆن هێندەرسن دەڵێ: "دەشێ هەموو شتەکان لە کۆنترۆڵ دەربچن". لەوانەش پێکدادانی سەربازی لە کەنداو، دروستکردنی بەربەست بۆ گواستنەوەی نەوت لە کەنداوەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان و گواستنەوەی شەڕەکان لە وڵاتە داڕووخاوەکانی وەکو سووریا و یەمەنەوە بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە نەوتییەکان. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هێرشەکەی ئەهوازی بە "تیرۆریستی" لە قەڵەم داوە، بەڵام گوتارەکەی سەرۆکی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەریخست سیاسەتی کۆشکی سپی (ئەگەر بە رواڵەتیش بێ) بەرامبەر ئێران نەگۆڕاوە.

ئەگەر ئێران هێرشەکەی ئەمجارە بە جدی وەربگرێ و وەکو بوارێک بۆ تۆڵە و ناردنی پەیامێکی توند بۆ هەموو ناوچەکە بەکاربهێنێ، ئەوە دامەزراوە نەوتییەکانی وڵاتانی کەنداو یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکان دەبن، لەو حاڵەتەشدا کاریگەریی هێرشەکەی ئەهواز لە باشووری رۆژئاوای ئێرانەوە تاوەکو رۆژهەڵاتی چین درێژ دەبێتەوە.



لە هێرشەکەی ئەهوازدا 30 کەس کوژران و 70 کەسیش بریندار بوون

هونەری
رووداو
ژمارە (523) - دووشەممە 2018/10/1

## سینەم بەدرخان لە کلیپێکدا دەردەکەوێت

**هیوا سەلاح- رووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی ژەنیاری باکووری کوردستان، رەوشـەن چەلکەر، نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆی بەناوی کراسێ تە بڵاوکردەوە کە سـینەم خان بەدرخان تێیدا دەردەکەوێت و گۆرانییەکە دەڵێتەوە. رەوشـەن بە (رووداو)ی گوت: "گۆرانی کراسێ تە، لەلایەن هونەرمەندانی کۆچکردووە، ئایشە شان و محەممەد عارف جزراوی گوتراوە، بەڵام من بەشێوازێکی تازە کاری دابەشکردنم بۆ کردووە و دووبارەم کردووتەوە". رەوشەن دەشڵێت: "لەم کلیپەدا کچی میر جەلادەت ئالی بەدرخان، پەرەنسیسی کوردان، سینەم خان بەدرخان ئامادەبووە، ئەو شانازییەکی مەزنی بە ئێمە بەخشی".



### شەریف قەیران بۆ (رووداو):

# ئەلبوومێکی گۆرانی بە کوردی و تورکی بڵاودەکەمەوە

**داوا لە پەرلەمانتارانی نوێ دەکەم کار بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان بکەن**



شەریف قەیران، یەکێکە لە هونەرمەندە دیارەکانی باکووری کوردستان کە ئێستا لە ئیستەنبوڵ دەژی، پلان دادەنێت بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەلبوومێکی گۆرانی بە زمانی کوردی و تورکی بڵاوبکاتەوە، لە شاری هەولێریش یەکێک لە گۆرانییە تورکییەکانی کلیپ دەکات. قەیران ئێستا کۆمپانیایەکی داناوە و دەڵێت کار بۆ هونەرمەندانی کورد و تورک دەکات. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی کارە هونەرییەکانی دەکات.

**دەرباز یونس**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: کار بۆ ئەلبوومێکی گۆرانی دەکەیت، دەتوانیت زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم ئەلبوومە بدەی؟**

**شەریف قەیران:** بەڵێ ئەلبوومێکی گۆرانیم لەبەردەستە کە لە 13 تراک پێکهاتووە، بەشێک لە هونەرمەندانی کورد و تورک کاریان تێدا کردووە، ئەلبوومەکە بەهەردوو زمانی کوردی و تورکییە، ئێستا لە دوایین قۆناغەکانیدایە و لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە.

**رووداو: ئاوازت بۆ چەندین هونەرمەند داناوە، دەتوانی باس لە ئەزموونی کاری دانانی ئاواز بکەیت؟**

**شەریف قەیران:** بەڵێ، ئاوازم داوەتە چەندین هونەرمەندی کورد و تورک، لەوانە مەحسون قرمزگوڵ، بەردان ماردینی، زەکەریا عەبدوڵڵا و چەندین هونەرمەندی دیکە، بەراستی ئاوازدانان بۆ هونەرمەندانی دیکە کارێکی قورسە، چونکە هەر هونەرمەندێک بە سەلیقە و بە جۆرێک مەبەستیەتی کارەکانی بڵاوبکاتەوە.

**رووداو: ئێستا تۆ کۆمپانیایەکی پرۆداکشنت لە ئیستەنبوڵ داناوە، کار بۆ کێ دەکەیت و کارەکانی ئەم کۆمپانیایە چی دەبن؟**

**شەریف قەیران:** کاری پرۆداکشن و بەرهەمهێنانی هونەری بۆ هونەرمەندانی کورد و تورک دەکەم، بۆ نموونە ئێستا کاروان کامیل لە تورکیایە خەریکم چەند کارێکی نوێی بۆ دەکەم. رۆژانە هونەرمەندانی دیکەش سەردانی ئیستانبوڵ دەکەن و کاریان بۆ دەکەم.

**رووداو: تۆ چەندین کاری هونەریت بۆ زەکەریا عەبدوڵڵا کردووە، کاری دەرهێنانی کلیپیشت لە باکووری کوردستان بۆ کردووە، ئێستا تا چەند ئاگاداری ئەو هونەرمەندەی؟**

**شەریف قەیران:** راستییەکەی زەکەریا هاورێ و برادەرێکی خۆشەویستی منە، بەداخەوە کە کاری هونەری ناکات، ماوەیەکە ئاگام لێی نییە، نازانم خەریکی چییە، بەڵام زەکەریا هەمیشە برای منە و هیوادارم دەست بەکاری هونەری بکاتەوە، چونکە ئەو هونەرمەندە هەواداری زۆری هەیە و پێویستە بەردەوام بێت.

**رووداو: لەگەڵ چەندین هونەرمەند دوێتت هەیە. لە ئەلبوومە نوێیەکەت گۆرانیی دوێتت دەبێت؟**

**شەریف قەیران:** بەڵێ لەم ئەلبوومەش گۆرانیی دوێتم دەبێت.

**رووداو: ئەلبوومە نوێیەکەت گۆرانیی سۆرانی تێدایە؟**

**شەریف قەیران:** بەداخەوە، گۆرانیی سۆرانی تێدا نییە، بەڵام حەز دەکەم لە داهاتوودا گۆرانیی سۆرانیش بڵێم.

**رووداو: پەیوەندی نێوان هونەرمەندانی باکووری کوردستان و باشووری کوردستان چۆنە؟ بۆ نموونە تۆ باست کرد ئێستا کاروان کامیل لای تۆیە؟**

**شەریف قەیران:** بەگشتی پەیوەندییەکی زۆر باش هەیە، من هاورێیەتی زۆرم لەگەڵ زۆرینەی هونەرمەندان هەیە، هەمیشە حەز دەکەم کاریان بۆ بکەم و هاوکارییان بکەم، هونەرمەندانی کورد هەمووی برا و کەسوکاری یەکدین و پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوانماندا هەیە.

**گۆرانییەکی تورکی لە هەولێر کلیپ دەکەم**

**رووداو: ماوەیەکی زۆرە نەهاتوویتە باشووری کوردستان، هۆکار چییە؟**

**شەریف قەیران:** بەنیازم بێم، لە ماوەیەکی نزیکدا دێم گۆرانییەکی تورکی لە هەولێر کلیپ دەکەم، دەمەوێ بڵێم هەولێر زۆر خزمەتی منی کردووە، گۆرانیشم هەیە بەناوی هەولێر، بۆیە دەمەوێت خزمەتی هەولێر بکەمەوە و کار لە هەولێر بکەم.

**رووداو: بەنیازیت کۆنسێرتی گۆرانی لە هەولێر بکەی؟**

**شەریف قەیران:** بەڵێ سەردانی هەولێر دەکەم و پلان بۆ کۆنسێرتیش دادەنێم.

**رووداو: هونەرمەندانی باشووری کوردستان هەمیشە گلەیی لە بارودۆخی ژیانیان دەکەن، دەڵێن کە داهاتیان لە کارە هونەرییەکانیان دەستناکەوێت، ئەمە لە تورکیا چۆنە؟**

**شەریف قەیران:** لە تورکیا پێچەوانەیە، هونەرمەندان لێرە داهاتی باشیان بەهۆی کارەکانیانەوە دەستدەکەوێت، هەروەها بۆ هەر بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی و کۆنسێرت قازانجی باش دەکەن، چونکە لێرە یاسایەک هەیە مافی هونەرمەندان دەپارێزێت و بەرگرییان لێدەکات، هیچ کەسێک ناتوانێت دەست بۆ مافی هونەرمەندان بەرێت، یاخود بەرهەمەکانیان کۆپی بکات.

باشکردنی ژیانی هونەرمەندان پێویستی بە یاسایەکی باش هەیە، لە هەموو دونیاش ئەم یاسایە هەیە، بەڵام بەداخەوە لە باشووری کوردستان نییە، دەبێت ئەم کارە بە یاسا رێکبخرێت.

**رووداو: رۆژی 30ی ئەیلول، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، بەرێزێر و کاندیدەکان دروشمی جۆراوجۆرییان بڵاوەکردەوە، تۆ ئێستا پەیامت بۆ ئەو کاندیدانە چییە کە دەرچوون و دەچنە پەرلەمان؟**

**شەریف قەیران:** من وەک شەریف قەیران داوایان لێدەکەم کار بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان بکەن، یاسایەک لە پەرلەمان دەربچێت کە رێگر بێت لە کۆپیکردنی بەرهەمی هونەرمەندان، هەروەها یاسایەک دەربچێت کە هونەرمەندەکان بتوانن لە رێگەی بەرهەمەکانیانەوە ئەو کاتەی لە دەزگاکانی تەلەڤزیۆن و رادیۆکان بڵاودەکرێنەوە داهاتێکیان دەستبکەوێت، ئەمە ژیانی هونەرمەندان دەگۆرێت و ئەرکی حکومەتیش ئاسان دەکات، بەهۆی ئەم یاسایە چیدی هونەرمەند پێویستی بە هاوکاریی حکومەت نابێت.

**ئاگام لە زەکەریا عەبدوڵڵا نەماوە**

**کۆمپانیاکەم کار بۆ هونەرمەندانی کورد و تورک دەکات**

### مادلین مەتەر، خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی بۆ (رووداو):

# لەگەڵ ئاوازدانەرانی کورد قسە دەکەم بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکی کوردی

مادلین مەتەڕ ناوێکی دیاری گۆرانی و میوزیکی لوبنانییە. ساڵی 1972 لە خێزانێکی مەسیحی لە بەیروتی پایتەختی لوبنان لەدایکبووە. ساڵی 2001 یەکەمین گۆرانی خۆی بڵاوکردەوە و دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. هەر بە گۆرانیگوتن نەوەستا. بەڵکو پێی خستە نێو بواری نواندنیش. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت حەز دەکات سەردانی کوردستان بکات و گۆرانیش بە زمانی کوردی بڵێت.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

**رووداو: هیچ لە بارەی کوردستانەوە دەزانی؟**

**مادلین:** بەداخەوە تاوەکو ئێستا بۆم رێکنەکەوتووە سەردانی بکەم، بەڵام لەبارەی ئەوێ زۆر شتیان بۆ باس کردووم، بەخۆشحاڵییەوە لە کاتێکی زۆر نزیکدا دێمە کوردستان.

**رووداو: ئەی زانیاریت لەسەر هونەری کوردی هەیە؟**

**مادلین:** مەخابن هیچ زانیارییەکم لەسەر هونەری کوردی نییە، بەڵام هەر گۆرانی و میوزیکێکی خۆش بێت، گوێی بۆ دەگرم، ئەگەر لە وشەکانیش تێنەگەم. چونکە میوزیک زمانێکی جیهانییە و سنوورەکان کاڵ دەکاتەوە، میوزیک زمانی رۆحە و مەوداکان کورت دەکاتەوە.

**رووداو: ئامادەی گۆرانی بە زمانی کوردی بڵێی؟**

**بەهۆی دەنگی دایکمەوە بووم بە گۆرانیبێژ**

**مادلین:** هیچ شارەزاییەکم لە میوزیکی کوردیدا نییە، بەڵام ئەگەر گۆرانییەکی خۆش هەبێت، بێگومان دەیڵێم، دەتوانین ئاڵوگۆڕی کولتووری لە نێوان کوردستان و لوبنان بکەین. لەو سەردانەم کە بەنیازم بۆ کوردستان بیکەم، لەگەڵ ئاوازدانەری کورد گفتوگۆ دەکەین بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانییەکی کوردی.

**رووداو: سەردەمی منداڵی خۆتت لەبیرە، چۆنت بەسەر برد؟**

**مادلین:** منداڵیی من وەکو هەموو منداڵانی لوبنان ژیانمان لەنێو شەڕ و مەینەتی بەڕێکرد، ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر من جێهێشتووە، بەڵام کەسایەتیی بەهێزکردووم، ئێستا هەموومان ئاشتی و ئارامیمان دەوێ.

**رووداو: بۆچی رووت لە کاری نواندن کرد؟**

**مادلین:** لەمێژە بەهرەی دەنگخۆشی و نواندنم هەبوو، بەڵام زیاتر کاری گۆرانیگوتنم خۆشدەوێت، چونکە من لە رێگەی دەنگی دایکم، عاشقی گۆرانیگوتن بووم، دایکم دەنگی زۆر خۆش بوو، بۆیە چوومە کۆنسەرڤاتوای نیشتیمانیی لوبنان و چوار ساڵ گۆرانیی رۆژهەڵاتیم خوێند، لەبەر ئەوە بە گۆرانیگوتن هاتمە نێو دونیای هونەر. پاش ئەوەی لەم بوارە خۆم سەلماند، هاتمە نێو بواری نواندن، لەبیرمە محەممەد سبکی، بەرهەمهێنەری میسری پەیوەندی پێوەکردم بۆ ئەوەی بەشداری لە فیلمێکدا بکەم، یەکەمین فیلمیشم بەناوی (اخر كلام) بوو، بەڵام هەمیشە کاری گۆرانیگوتنم بەلاوە خۆشتر بووە، بۆیە بەشداریم لە فیلم زۆر کەمە.

**رووداو: ئامانجەکانت لە بواری سینەما هاتنەدی؟**

**مادلین:** بێگومان نەخێر، هێشتا زۆر زووە، من تەنیا دوو فیلمم هەیە، هێشتا رێگایەکی زۆرم لەپێشە بۆ کاری سینەمایی و هێنانەدی ئامانجەکانم. من لەو باوەڕەدام کە لە هونەردا هەمیشە هەموو ئامانجەکانت ناپێکی، چونکە هەرچەند کاری باش بکەی، دواجار خەڵک داوای زیاتر دەکات.

**گۆرانییەک بە شێوەزاری عێراقی تۆمار دەکەم**

**رووداو: لە کارە هونەرییەکانی خۆت رازی؟**

**مادلین:** لە خودا بەزیاد بێت کارەکانم زۆر باش و سەرکەوتوون، بەڵام هێشتا ناڵێم خەڵک سەت لە سەت لە کارەکانم رازین، بەڵام من لە هەموو کارەکانم رازیم، چونکە هەڵبژاردەی خۆمن.

**رووداو: چ پەیامێکت هەیە کە دەتەوێت لە رێگای هونەرەوە بیگەیەنیت؟**

**مادلین:** زۆر پەیامم هەن کە دەتوانم لە رێگەی هونەرەوە بیانگەیێنم، چونکە هونەر مینبەرێکە لەم رێگایەوە خەڵک پەیامەکانیان پێدەگات، ئێمە گۆرانی بۆ خۆشەویستی و ئاشتی دەڵێین، خەڵک هونەرمەندەکانی زیاتر لە سیاسییەکان خۆشدەوێت، من هەمیشە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلی خۆم بووم، لە کاتی شەڕی عێراق بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان رەتیانکردەوە سەردانی بەغدا بکەن، بەڵام من سەردانی بەغدام کرد و گۆرانیم گوت، چونکە ئێمەی لوبنانی شەڕ وماڵوێرانیمان دیوە، هەست بە ئازارەکانی گەلانی دیکە دەکەین، هەمیشە لە ریزی گەل دەمێنینەوە.

**رووداو: دوایین پرۆژەت چییە؟**

**مادلین:** بڕیارە گۆرانییەکی دیکە بەشێوەزاری عێراقی تۆمار بکەم، هیوادارم بە دڵی هەموو هەوادارانم بێت، دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە زۆر خۆشحاڵ دەبم کۆنسێرت لە کوردستان بکەم.



**سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەم**

**گۆرانیم بەلاوە گرنگترە لە نواندن**










ئۆفیسی سەرەکی: سەدەف پلازا، 100 مەتری، تەنیشت پاسەپۆرتی هەولێر
لقی دووەم: هەولێر، 60 مەتری، نزیک بەرزە پردی عەنکاوە



## لە کەلار ئافرەتێک دەکوژرێ

**رووداو- کەلار**

لە شارۆچکەی کەلار ئافرەتێکی تەمەن 23 ساڵ دەکوژرێ و پۆلیسیش دوو کەس بە تۆمەتی کوشتنی ئەو ئافرەتە دەستگیر دەکات. رائیدی مافپەوەر عەلی جەمال قدووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان رایگەیاند "رۆژی 2018/9/27 لەسەرشەقامی پشدینەی قەزای کەلار ئافرەتێک بەناوی (ش،ع،م ) لەدایکبووی 1995 بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە هێنرایە بەشی فریاکەوتنی شەهید هەژار و دواتر گیانی مرد". هەر دوای رووداوەکە پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی کردەوە. رائید عەلی جەمال دەڵێت "دوو کەس لەسەر رووداوەکە دەستگیر کراون. پۆلیس دەستی بەلێکۆڵینەوەی ورد کردوە لەسەر چۆنێتی و هۆکاری رووداوەکە. تەرمی ئافرەتەکەش بە مەبەستی پشکنین رەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کراوە".

### دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر لەدایک بووە و هێشتا لە نەخۆشخانەیە

# کچێکی بێسەرپەرشت لە بەغدا و سلێمانی جێگەی نابێتەوە

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

ئیمان لە نەخۆشخانەی ئازادیی کەرکووک زمانی پژا و بە شادیەی گوت دایە. ئەو رۆژە هەموو کارمەندەکان بۆ بێدایکیی ئیمان گریان. تەنانەت کاتێک بۆ ئەم راپۆرتە قسەم لەگەڵ شادیە، بەرپرسی بەشی منداڵە ناکامەکانی نەخۆشخانەکە کرد، ئیمان بە منیشی دەگوت دایە، بەڵام (س) دایکی راستەقینەی ئیمانە کە دەمێکە خۆی لە کچەکەی ونکردووە، نەک من و شادیە.

جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە لەکاتی لەدایکبوونی منداڵەکە لە نەخۆشخانە بووە، بە (رووداو)ی گوت: "ئیمان رۆژی 2016/2/2 لە نەخۆشخانەی ئازادی لەدایکبوو. دایکی تەنیا لەکاتی لەدایکبوونەکە منداڵەکەی بینی. داوام لێکرد شیری بداتێ، بەڵام رازی نەبوو، دوای چەند کاژێرێک بەبێ منداڵەکە نەخۆشخانەی بەجێهێشت و ئیتر نەگەڕایەوە. زیاتر لە دوو ساڵ و نیوە ئیمان هەر لە ژووری منداڵانی نەخۆشخانە ماوەتەوە".

(س) تەمەنی نزیکەی 12 ساڵ بووە کە باوکی یەکەمجار دەستدرێژیی کردووەتە سەری، بەڵام دوای چوار ساڵ رۆژێکیان تووشی ژانی گورچیلە دەبێ، دایکی دەیبات بۆ نەخۆشخانە. دوای پشکنین پزیشکەکە دەڵێت گورچیلەی کێشەی نییە، بەڵام کچەکەت دووگیانە، ئەویش لەوێدا ئەو نهێنییە دەدرکێنێ کە چوار ساڵ بوو لە هەمووانی شاردبووەوە، ئەوەش دەدرکێنێ کە جگە لە باوکی، مامیشی دەستدرێژی کردووەتە سەری. پۆلیس (ع)ی باوکی و (ق)ی مامی (س) دەستگیر دەکەن، ئەوان دەستبەجێ ئیعتراف دەکەن کە چەند جارێک دەستدرێژییان کردووەتە سەر (س).

### باوکی لە زیندان دەمرێت

بەگوتەی جوان حەسەن، لە یەکەم دانیشتنی دادگایی باوک و مامیدا، (س) لەبەردەم دادوەردا گوتبووی سەرەتا باوکی و دواتر مامی دەستدرێژییان کردووەتە سەری، بۆیە دادوەر بریاری لە سێدارەدانی بۆ هەردووکیان دەرکرد، بەڵام باوکی (س) بەر لەوەی لە سێدارە بدرێ، لە زینداندا دەمرێ.

### منداڵەکە لە مامیەتی

جوان حەسەن لەبارەی باوکی منداڵەکەشەوە بە (رووداو)ی گوت: "دوای پشکنینی خوێن دەرکەوت کە ئیمان لە مامی (س)ە، واتە (ق) هەم مامی دایکیەتی و هەمیش باوکی".

بەڵام پارێزەری (ع) و (ق) رەتیدەکاتەوە کە ئیمان کچی (ق) بێت و دەڵێت: "دادگا بریارێکی نادادپەروەرانەی داوە، چونکە لە دووەم دانیشتنی دادگا (س) لە قسەکانی پاشگەز بووەوە و گوتی پەیوەندی لەگەڵ گەنجێک هەبووە و لەو دووگیان بووە. کوڕەکە هەڕەشەی لێکردووە کە نابێت کەس بە پەیوەندییەکە بزانێت و سیناریۆی بۆ داناوە کە بڵێت لەلایەن باوک و مامییەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر".

پارێزەر حەسەن داود جبووری سەبارەت بە پشکنینی خوێنەکەش گوتی: "بڕوامان پێی نییە، چونکە دادگای بەغدا شەش جار داوای کرد (ق) و (ع) بۆ پشکنینی DNA ببرێنە بەغدا، بەڵام دادگای کەرکووک رەتیکردەوە و تەنیا خوێنەکەیان بۆ ناردن، ئێمە پشکنینەکە بە بەتاڵ دادەنێین، چونکە لەکاتی گواستنەوەی، خوێنەکە تێکدەچێ".

بەڵام بەگوتەی پزیشکێکی پسپۆڕ، گواستنەوەی خوێن نەک تەنیا لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، تەنانەت ئەگەر بۆ وڵاتێکی دیکەش بنێردرێت رێگەی تایبەتی خۆی هەیە و هیچ کێشەیەکی نییە".

گوتیشی: "ئەگەر لە پشکنینەکاندا دەرکەوت 23%ـی کرۆمۆسۆمەکان هاوشێوەی یەک بوون، ئەوا منداڵەکە هی خاوەن خوێنەکەیە".

### دەیانەوێت منداڵەکە بفرۆشن

(س) و خانەوادەکەی دوای دادگایی باوکی و مامی کەرکووکیان بەجێهێشتووە. هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی منداڵەکەی بەخێو نەکات، بەڵام بەگوتەی جوان حەسەن، (س) ئامادەیە منداڵەکەی بفرۆشێت "چەند جارێک هەوڵیداوە ئیمان بفرۆشێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنی گەیشتووەتە زیاتر لە دوو ساڵ و نیو، تا ئێستا منداڵەکە نەفرۆشراوە، لە دوا پەیوەندی نێوان (س) و پارێزەرەکەی باسی ئەوە کراوە کە بەنیازن ئیمان بە ماڵێک بفرۆشن".

### بەغدا ئیمانی ناوێت

بەهۆی نەبوونی خانەی بێسەرپەرشتان لە کەرکووک، هێشتا ئیمان لە نەخۆشخانەی ئازادیە و لەلایەن کارمەندانی نەخۆشخانەکەوە چاودێری دەکرێت. جوان حەسەن دەڵێت: "جارێک دادگا بریاری گواستنەوەی دا بۆ خانەی بێسەرپەرشتانی بەغدا و بردیان، بەڵام هەر هەمان رۆژ بە بیانووی نەبوونی شوێن ناردیانەوە بۆ نەخۆشخانەی ئازادیی کەرکووک و پێیاندەڵێن ببەن بۆ خانەی بێسەرپەرشتان لە مووسڵ یان هەولێر یان سلێمانی".

جوان حەسەن گوتیشی: "دوای رووداوەکانی 16ـی ئۆکتۆبەر کەیسی ئیمانیش سەختتر بووە، چونکە ئێستا سەرۆکی دادگای کەرکووک دەڵێت نابێت ئەو کەیسە بجوڵێندرێت تاوەکو دایکی بەتەواوی دەستبەرداری دەبێت یان وەریدەگرێتەوە".

عومەر گوڵپی، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی سلێمانی سەبارەت بە کەیسی ئیمان بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە ئامادەین هەموو منداڵێک کە بێسەرپەرشت بێت وەریبگرین، پێشتریش چەند منداڵێکی ساوامان لە هەولێر و کەرکووکەوە بۆ هاتووە، بەڵام کەیسی ئیمان بەهۆی ئەوەی هێشتا لە دادگایە و یەکلانەبووەتەوە، بۆیە ئێمە بەبێ بڕیاری دادگا ناتوانین وەربگرین".



بەپێی پشکنینی خوێن دەرکەوتووە مامی، لە هەمان کاتدا باوکیشێتی

# بە دەرمانی قەڵاچۆکردنی مێروو خۆی کوشت



شاکار نیو قوتوو دەرمانی قەڵاچۆکردنی مێرووی خواردبووەوە

**رووداو- قەڵادزێ**

خێزانەکەی هەمیشە شانازییان بەوە دەکرد کە کچەکەیان ئەمساڵ لە زانکۆ دەردەچێ و ساڵی داهاتوو وانەی کیمیا بە قوتابیان دەڵێت، بەڵام شاکار بە دەرمانێک کە پێکهاتەکەی کیمیایی بوو، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

رۆژی 2018/9/19 کچێکی تەمەن 22 ساڵ بەناوی (شاکار.م) دانیشتووی گەڕەکی راپەڕین لە قەڵادزێ، بە دەرمانی قەڵاچۆکردنی مێروو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. شاکار ئەمساڵ دوا ساڵی خوێندنی بوو لە زانکۆ، خوێندکاری بەشی کیمیا بوو.

(رووداو) پەیوەندی بە باوکی شاکارەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوو لەسەر ئەو رووداوە قسە بکات و تەنیا گوتی: "هیچ کێشەمان نەبووە، شاکار کچێکی زۆر ژیر بوو، خوێندکاری قۆناغی چواری زانکۆ بووە لە بەشی کیمیا، لەدوای رووداوەکە هیچی لەدوای خۆی بەجێنەهێشتووە".

پۆلیس دۆسیەی بۆ رووداوەکە کردووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری خۆکوشتنی ئەو کچەی بۆ روون نەبووەتەوە.

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین رایگەیاند "رۆژی 2019/9/22 کچێکی تەمەن 22 ساڵ لە قەڵادزێ بەخواردنی دەرمانی دژەمێروو خۆی کوشت، دوای ئەوەی تەرمەکەی لە نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزە بەڕێکرا بۆ سلێمانی، دواتر لە سلێمانی رادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی ئەو کچە، رائید شۆڕش گوتی: "ئەو کچە لەدوای خۆی هیچ بەڵگەیەکی بەجێنەهێشتووە بۆ سەلماندنی هۆکاری رووداوەکە، بەڵام رووداوەکە گوماناوییە و ئەگەری هەیە کێشەیەکی تایبەت و ئاڵۆز وای لێکردبێت خۆی بکوژێت".

گوتیشی: "هەرچەندە هێشتا سکاڵا لەسەر کەس تۆمار نەکراوە و کەسیش دەستگیر نەکراوە، بەڵام رەنگە لە داهاتوودا بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئیجرائات لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێ کە بوونەتە هۆی خۆکوشتنی ئەو کچە".

هەر دوای خۆژەهرخواردکردنەکە، شاکار گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژەهرەکە کاریگەر بوو، شاکاریش بڕێکی زۆری لێ خواردبوو، بۆیە دکتۆرەکان نەیانتوانی رزگاری بکەن و هەر لە نەخۆشخانە مرد.

عەلی قادر، بەرپرسی بەشی فریاکەوتنی خێرا لە نەخۆشخانەی گشتیی شەهیدانی قەڵادزێ بە (رووداو)ی گوت: "ئێوارەی 2018/9/19 کچێک گەیەندرایە بەشی فریاکەوتن کە دەرمانی دژە مێرووی خواردبوو، سەرەتا تەندروستی زۆر خراپ نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا، لە ناکاو باری تەندروستی تێکچوو، ئاو بە چاویدا دەهاتە خوارەوە و لە هۆش خۆی چوو، ئەوەندەی نەبرد مرد".

هەر لەوبارەوە دکتۆر سەردار عومەر، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ گوتی: "کاتێک تەرمەکە گەیەندرایە بەشی پزیشکی دادوەری و پشکنین و توێکاری بۆ کرا، دەرکەوت نیو قوتوو دەرمانی قەڵاچۆکردنی مێرووی خواردبوو، دەرمانەکە زۆر کاریگەرە، هەر بە خواردنی نیو کەوچک، مرۆڤ دەکوژێ".

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "خۆکوشتنی شاکار پەیوەندی بە مەسەلەی هاوسەرگیرییەوە هەبوو، خێزانەکەی ویستوویانە بەشووی بدەن، ئەویش رازی نەبووە، بۆیە خۆی کوشتووە. تەنانەت کە هێنایان بۆ نەخۆشخانەش لەوێ لە نێو خێزانەکە بوو بە دەنگەدەنگ، بەڵام زوو کۆتاییان پێ هێنا".

بەڵام باوکی شاکار رەتیکردەوە خۆکوشتنی کچەکەی پەیوەندی بە مەسەلەی هاوسەرگیرییەوە هەبێ.

### دوای کاراکردنەوەی هێڵەکە کێشەی 10 ژن چارەسەر کراوە

# (119).. هێڵە گەرمەکەی ژنان کارا دەکرێتەوە

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

شانیا، تەمەن 25 ساڵ، ماوەی سێ مانگە لەگەڵ ئالان، تەمەن 28 ساڵ کە دوکاندارە، هاوسەرگیرییان کردووە و ژیانێکی ئارام و بێ کێشە دەژیان، بەڵام ماوەی مانگێکە ژیانی شانیا کەوتووەتە مەترسییەوە، بەهۆی خۆشەویستە کۆنەکەی (عەلی) کە پێنج ساڵ پێش ئێستا پەیوەندییان هەبووە.

عەلی کە ناوی خوازراوی خۆشەویستەکەی شانیایە، سەفەری کرد، بەو هۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ شانیا نەما، بەڵام دواتر عەلی هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە و نامانە دەکات کە لەکاتی پەیوەندییەکەیاندا ئاڵوگۆڕیان کردوون.

شانیا کە بە گوتەی خۆی چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بە (رووداو)ی گوت: "دوو ساڵ لەمەوبەر دەستگیرانی کوڕی مامم بووم، عەلی پێیگوتم ئەگەر لە دەستگیرانەکەت جیانەبیتەوە دەیکوژم و وێنە و سناپەکانت کە پێشتر بۆ منت ناردووە، هەموویان بڵاو دەکەمەوە، بۆیە بە ناچاری لە ئامۆزاکەم جیابوومەوە".

عەلی کە ژنی هێناوە و باوکی منداڵێکیشە، هەر بەوەندە واز لە شانیا ناهێنێ، بەڵکو نامەی بۆ دەنێرێ و پێیدەڵێت کە ناهێڵێ بە هیچ شێوەیەک شوو بکات، بەڵام شانیا گوێ بەو هەڕەشانە نادات و دوای جیابوونەوەی لە ئامۆزاکەی، لە رێگەی خوشکە گەورەکەیەوە کەسێک بەناوی ئالان دەناسێت کە دراوسێی ماڵی خوشکەکەیەتی، دوای ئەوەی ئالان دەبینێ، بڕیار دەدات شووی پێ بکات.

بەڵام شانیا لەو شووکردنەش چانسی نەبوو، چونکە برا و باوکی دژی شووکردنەکەی بوون، ئەوان وا تێگەیشتوون کە شانیا بەبێ هۆکار لە ئامۆزاکەی جیابووەتەوە. لەلای ئالانیش گوتوویەتی کەیفی بە ئامۆزاکەی نەدەهات بۆیە لێی جیابووەتەوە. ئەو دەڵێت: "من ژیانم لە دوولاوە وێرانە، هەم لای ماڵی باوکم هەم لای ئالان، من راستییەکەم بە ئالان نەگوتووە کە بەهۆی هەڕەشەی خۆشەویستە کۆنەکەم لە ئامۆزاکەم جیابوومەتەوە، تەنیا پێمگوتووە خۆشمنەدەویست".

راگەیاندنی هێڵی گەرم بۆ ئافرەتان، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، هیوایەکی بە شانیا بەخشی، توانی لەڕێگەی ئەم هێڵەوە دەردەدڵی خۆی بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بکات و ئێستا خەریکن کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکەن.



شانیا دەڵێت: "هیچ کەسێک نەبوو هانای بۆ ببەم، دووجار ویستم خۆم بسووتێنم، بەڵام بۆئەوەی ئالان و ماڵی باوکم قسەیان نەیەتە سەر دەستم نەچووە گیانی خۆم، کاتێک ئەو هێڵە راگەیەنرا توانیم ئەو ترسەی دڵم بگەیەنم، عەلی بە سزای خۆی دەگات بەبێ ئەوەی ئالان بزانێ".

هێڵی گەرمی (119) لە 2016/3/3 کراوەتەوە. بیرۆکەی ئەم هێڵە هی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتانە. ئەوکات بە هاوکاریی رێکخراویUNFPA مەشق و راهێنان بە ستافێکی 36 کەسی لە هەرێمی کوردستان کرا.

ئاری ڕەفیق، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بە (رووداو)ی گوت: "دوو ساڵ لەمەوبەر ئەم پرۆژەیەمان راگەیاند، بەڵام بەهۆی دۆخی کوردستان، سستییەک لە هێڵی گەرمدا هەبوو، ئێستا جارێکی دیکە هێڵەکەمان کارا کردووەتەوە، توانیومانە بە ماوەیەکی کەم کێشەی 10 ژن لە رێگەی ئەو هێڵەوە چارەسەر بکەین".

سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، ئاری گوتی: "هەندێک لە کێشەکان تەنیا بە رێنمایی کەسەکە چارەسەرکراون، هەندێکیشیان لە رێگەی نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان".

تێچووی دانانی هێڵی گەرمی (119) نزیکەی 150 هەزار دۆلار بووە. ئاری دەڵێت: "تێچووی پرۆژەکە هەروەها مەشق و راهێنانی ستافی پرۆژەکەش لەلایەن سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان (UNFPA) دابینکراوە".

ئێستا هێڵە گەرمەکەی فریاکەوتنی ئافرەتان لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان کارایە و بۆ ماوەی 24 سەعات کراوەیە، پەیوەندیکردن بە هێڵەکە بەخۆڕاییە و هاووڵاتیان دەتوانن لە رێگەی ژمارەی کۆمپانیاکانی ئاسیا و کۆرەک و زێن پەیوەندی بە هێڵەکەوە بکەن.

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان داوا لە هەموو ئەو ژنانە دەکات کە لەژێر هەڕەشەو مەترسیدان لە هەر کاتێکدا بوو پەیوەندی بەم هێڵەوە بکەن، بۆئەوەی دەستبەجێ هاوکاری بکرێن.

ئاری ڕەفیق داوای لە ژنانی کەرکووکیش کرد کە ئەوانیش دەتوانن پەیوەندی بە هێڵەکەوە بکەن، ئەوان ئەگەر پێویستیان بە رێنمایی هەبوو، لە رێگەی هێڵەکەوە رێنماییان دەدەنێ، ئەگەریش راستەوخۆ کێشەکەیان چارەسەر نەکرا دەتوانن سەردانی نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان بکەن، هەر ئافرەتێکیش لە کەرکووک یان لە شارەکانی دیکەی عێراق مەترسی لەسەر ژیانی هەبوو، دەتوانن پەنا بۆ شەڵتەرەکانی هەرێمی کوردستان ببەن.



## بەلەم گەنجێک دەکوژێ

**ڕووداو– دووکان**

گەنجێکی تەمەن 23 ساڵ لە کاتی مەلەکردن لە دەریاچەی دووکان، بەلەمێک لێیدەدات و بەو هۆیەوە دەمرێ.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە "ڕۆژی 2018/9/28 لەدەریاچەی دوکان گەنجێکی تەمەن 23 ساڵ گیانی لەدەستدا" بە گوتەی پۆلیس گەنجە تەمەن 23 ساڵانەکە دانیشتوی ناحیەی پیرەمەگروون بووە، لە کاتی مەلەکردن بەلەمێکی نێو دەریاچەکە لێیداوە و بەو هۆیەوە بریندار بووە، بەڵام دوای ئەوەی گەیەنراوەتە نەخۆشخانە مردووە". بنکەی پۆلیسی پیرەمەگرونەوە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، شۆفێری بەلەمەکەش لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە ڕاگیراوە.

# پیاوێکی تەمەن 70 ساڵان خۆی دەسووتێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

(ج) جگە لەوەی قاچێکی لەدەست دابوو، تووشی نەخۆشیی دەروونیش هاتبوو. نەیدەتوانی جارێکی دیکە لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێ و کار بکات و پێویستی بە کەس نەبێ، بۆیە دواجار لە نێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و کۆتایی بەو ژیانە زەحمەتەی هێنا.

ڕۆژی 2018/9/12 پیاوێکی تەمەن 70 ساڵ بەناوی (ج.ع) و دانیشتووی گەڕەکی پەنجا عەلی لە شاری کەرکووک، لە نێو ماڵەکەیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و هەر لەوێش مرد.

پۆلیس دەڵێت دۆسیەیان بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، چاوەڕێی بڕیاری دادوەرن بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ کەسوکارەکەی بکەن. عەقید هەڤاڵ بەرزنجی بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە لە سەنتەری شاری کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەوکاتەی پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، پیاوەکە مردبوو، کەسوکارەکەشی گوتیان نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە". عەقید هەڤاڵ گوتیشی: "پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، کەیسەکەمان ڕەوانەی دادگا کردووە تاوەکو دادوەر بڕیار بدات گوتە لە کەسوکارەکەی وەربگیرێ".

(ج.ع) تەنیا دوو کچی هەیە، کەسوکارەکەی جەخت لەوە دەکەنەوە کە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی سووتاندووە، ئەگەرنا کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە.

(س. و) کە کەسێکی نزیک لەو پیاوەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "پیاوێکی لەسەرخۆ و هێمن بوو، خاوەنی ئیشی خۆی بوو، بەڵام تووشی نەخۆشی بوو، بەو هۆیەوە قاچێکی بڕایەوە و کەوتە نێو جێگا".

(ج.ع) زۆر هەوڵیداوە لەلای پزیشک چارەسەری قاچەکانی بکات و ئامادە بووە هەموو سەروەتەکەی بدات بەو مەرجەی بتوانێ جارێکی دیکە بە قاچەکانی خۆی بڕوات، بەڵام پزیشکەکان پێیانگوتبوو کە چارەسەری نییە. (س) دەڵێت: "(ج) بەردەوام گلەیی لە حاڵی خۆی هەبوو، دەیگوت لە خۆم بێزارم و دەمەوێ هەستمەوە سەرپێ. هەر ئەو بێزارییە وای لێکرد کە تووشی نەخۆشیی دەروونی ببێ".

ئەو خزمەی (ج) ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان هەمیشە ترسی ئەوەیان هەبووە، (ج) بەڵایەک بەسەرخۆی بهێنێ، ترسەکەشیان لە جێگەی خۆیدا بوو، دواجار (ج) ئاگری لە خۆی بەردا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

(س) باسی ڕۆژی خۆسووتاندنی خزمەکەی کرد و گوتی: "پەیوەندییان پێوەکردم کە (ج) لە ماڵەوە نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە. هەرچەندە تەمەنی زۆر بوو، بەڵام لەو بڕوایەدا نەبووم ئاگر لە خۆی بەربدات".





# لە ژوورەکەی خۆیدا بە دەمانچەی براکەی، خۆی کوشت

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– هەولێر**

بەڵێن بە کەسوکارەکەی گوتبوو کە دەچێتە ژوورەکەی خۆی دەنوێ، بەڵام زۆری نەبرد دەنگی گوللەیەک لە ژوورەکەیەوە هات، کاتێک دەچن دەبینن لەنێو خوێندا کەوتووە. ئەوان ئێستا دەیانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەستبکەوێ کە کوڕەکەیان بۆچی خۆی کوشت؟

شەوی 2018/9/4 گەنجێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی (بەڵێن .م) دانیشتووی قەزای بنەسڵاوە، لەنێو ماڵەکەیدا بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیسی بنەسڵاوە لە ڕووداوێکی خۆکوشتن ئاگادار کرانەوە، دەستبەجێ گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و لەلایەن پۆلیسی بەڵگە و تاوان پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ کەیسەکە کرایەوە. دەرکەوت ئەو گەنجە بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی گەنجەکەش، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی: "دادوەر بڕیاری دا گوتەی کەسوکارەکەی وەربگیرێ، قسەیان لەگەڵ کراوە، بەڵام ئەوان دەڵێن نازانین بۆچی خۆی کوشتووە".

نزیکەی مانگێک بەسەر ڕووداوی خۆکوشتنی ئەو گەنجەدا تێپەڕیوە، هێشتا کەسوکارەکەی بۆیان ڕوون نەبووەتەوە بەڵێن بۆچی خۆی کوشت.

(ر، م) کە برای بەڵێنە، بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم لە ژیانیدا نەیگوتووە کێشەم لەگەڵ کەس هەیە، کوڕێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، بەڵام تێکەڵی هیچ کەسێک نەدەبوو، ئاواتم دەخواست ڕۆژێک براکەم بە زەردەخەنەوە ببینم، بەڵام قەت پێنەدەکەنی".

بەڵێن شەش برای هەن و پێنجیان پێشمەرگەن. (ر)ی برای دەڵێت هەر کاتێک لە دەوام دەهاتنەوە، دەچوون چەکەکانیان لە ماڵی باوکیان دادەنا، چونکە منداڵی وردیان هەیە و ترسیان هەبووە دەستکاری چەک بکەن، بەڵام دواجار براکەیان هەر بەو چەکانە چوو کە ئەوان ترسیان لێیان هەبوو.

(ر) دەڵێت: "زۆر پەشیمانین کە چەکەکانمان لە ماڵی باوکم دادەنا، ئەگەر وانەبووایە ئێستا بەڵێن لەگەڵ ئێمە دەبوو".

بە گوتەی (ر) بەڵێنی برای ئەو شەوە لە دەرەوە بووە، دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە ماڵەوە بە دایکی گوتووە دەچێتە ژوورەکەی دەخەوێ، بەڵام دوای پێنج خولەک، هەر لە ژوورەکەیدا بە دەمانچەی یەکێک لە براکانی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

بەڵێن لە هەموو براکانی بچووکتر بووە، ئەمەش وایکردووە زیاتر لە براکانی دیکەی نازی هەڵبگیرێ و هەرچی پێویستی بێ بۆی دابین بکرێ. تەنانەت کاتێک وازی لە قوتابخانە هێناوە، کەس ڕێگری لێنەکردووە و باوکی پێیگوتووە چیت پێ خۆشە ئەوە بکە.

(ر) سەری سوڕماوە لە خۆکوشتنی براکەی و دەڵێت: "نازانین بۆچی خۆی کوشت، لە هیچ شتێکی کەم نەبوو، نەمانزانیوە کێشەشی لەگەڵ کەس هەبووبێ".

بەڵێن دوای وازهێنان لە قوتابخانە، لە دوکانێکی سەرتاشی کاری کردووە، براکانی دوای ڕووداوەکە چوونەتە شوێنی کارەکەی و ناو هاوڕێکانی، بۆ ئەوەی سەرەداوێکی هۆکاری خۆکوشتنی براکەیان دەستبکەوێ، بەڵام هاوڕێکانیشی وەکو براکانی سەریان سوڕماوە و دەڵێن بەڵێن هیچ کێشەی نەبووە و قەتیش باسی خۆکوشتنی نەکردووە.

ئەوەی زیاتر ئەو ڕووداوە تاساندوویەتی دایکی بەڵێنە، چونکە بەڵێن تاکە کوڕی بوو کە لەگەڵی دەژیا، شەش کوڕەکەی دیکەی ژنیان هێناوە و لەگەڵ دایک و باوکیان ناژین.

(ر) دەڵێت: "باوکم و دایکم تا ئێستاش باوەڕ ناکەن کە بەڵێن خۆی کوشتووە، بە تایبەتی دایکم بەو ڕووداوە زۆر تاساوە، چونکە تەنیا بەڵێن لەگەڵ ئەو دەژیا، زۆر زۆری خۆشدەویست، نزیکەی مانگێک بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە و هێشتا هیچ قسەیەک ناکات".

# بۆ ڕاو چوو ڕاوچی کوشتیان

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

سامان هەر کاتێک لە دەوام دەگەڕایەوە، شەوان دەچووە دەوروبەری ناحیەکەی بۆ ڕاو، بەڵام شەوێک نەگەڕایەوە و شەوی دواتر تەرمەکەی دۆزرایەوە. دوای دۆزینەوەی تەرمەکە، پۆلیس دوو ڕاوچی بە تۆمەتی کوشتنی دەستگیر کرد.

شەوی 2018/9/21 تەرمی پیاوێکی تەمەن 39 ساڵ، بە ناوی سامان ساڵح، دانیشتووی ناحیەی هیرانی سەر بە قەزای شەقڵاوە لە نێوان هەردوو گوندی دۆرێ و گەرۆتە دۆزرایەوە. کەسوکارەکەی دەڵێت سامان بۆ ڕاوکردن چووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە، دواتر پۆلیسیان لە ونبوونی ئاگادار کردووەتەوە.

عەمید محەممەد حەمەدئەمین، بەڕێوەبەری پۆلیسی شەقڵاوە بە (ڕووداو)ی گوت، ڕۆژی 2018/9/22 بنکەی پۆلیسی هیران ئاگادار کرایەوە لە دیارنەمانی هاووڵاتییەک بەناوی سامان ساڵح کە پێشمەرگەیە و خێزاندارە، سەعات هەشتی شەوی پێشووتر لە ماڵ دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە.

دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەستیپێکرد، دەرکەوت تاوەکو سەعات 10:20 خولەکی شەو مۆبایلەکەی کراوەتەوە، بەڵام دواتر وەڵامی خێزانەکەی نەداوەتەوە. دوای گەڕانێکی زۆر شەوی دواتر پۆلیس تەرمەکەی دۆزییەوە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی شەقڵاوە دەڵێت: "بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، سامان چوار گوللەی بەرکەوتووە و بەو هۆیەوە مردووە".

سامان ساڵح، خاوەنی چوار منداڵ بوو، زوو زوو دەچوو بۆ ڕاو، ئەو شەوەش هەر بۆ ڕاو چووەتە دەرەوە. سامی ساڵح کە برای گەورەی سامانە، بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم زیاتر لە 10 ساڵە پێشمەرگەیە، ئەو کاتانەی دەوامی نەبووایە، زوو زوو بۆ ڕاو دەچووە دەوروبەری هیران، شەوی 2018/9/21 چەکەکەی هەڵگرتووە و لە ماڵ دەرچووە، بەڵام ئەو شەوە نەگەڕایەوە".

کەسوکارەکەی چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ دەکەن، وەڵام ناداتەوە، بۆیە ڕۆژی دواتر پۆلس ئاگادار دەکەنەوە. سامی گوتی: "ڕۆژی 2018/9/22 تەرمەکەیمان لەنێوان دۆرێ و گەرۆتە دۆزییەوە".

برا گەورەکەی سامان دەڵێت دوای ڕووداوەکە ئاشکرا بووە کێ براکەی کوشتووە، بەڵام چاوەڕێی لێکۆڵینەوە دەکەن دۆسیەکە یەکلا بکاتەوە. سامی ساڵح دەڵێت: "کە تەرمەکەیمان دۆزییەوە، شوێنی برین بە سەرییەوە دیار بوو، چەند گوللەیەکیشی لێدرابوو، بەڵام نازانین گوللەکان هی چ جۆرە چەکێکە و بۆچی لێیدراوە، چونکە براکەم کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووە".

دوای ڕووداوەکە پۆلیس دوو کەسی دەستگیرکردووە کە ئەوانیش ڕاوچین و خەڵکی هەمان ناوچەن. سامی دەڵێت: "دیارە هەر ئەو شەوەی براکەم بۆ ڕاو ڕۆیشتووە، ئەوانیش لەو شوێنە بوون".

سامی ڕەتیکردەوە کە بنەماڵەکەیان کێشەیان لەگەڵ ئەو دوو کەسە هەبووبێ و گوتی: "ئەوان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئێمە و براکەمدا نەبووە، خەڵکی ناوچەکەش هەموویان شایەتی دەدەن کە براکەم کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە و هەمووان خۆشیانویستووە، تەنانەت ئەو دوو کەسەش کە دەستگیرکراون براکەمیان زۆر خۆشدەویست، بۆیە ئێمە سکاڵامان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە و پۆلیس خۆی دەستگیری کردوون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکات، ئێمەش چاوەڕوانی یاساین".

ئەوەی کەسوکاری سامانی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە دوای ئەوەی ڕاوچییەکان تەقەیان لێکردووە، چوونەتە سەر سەری، بەڵام لە ترسان هەڵاتوون و ڕزگاریان نەکردووە، سامی دەڵێت "دیارە ڕاوچییەکان بۆ ڕاوە بەراز چوون، براکەشم کەوتووەتە نێو کەمینی ئەوان، کاتێک جوڵاوە ئەوان تەقەیان لێکردووە، دڵنیام کە بەئەنقەست تەقەیان لێ نەکردووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە هەردوو کەسەکە دوای ئەوەی تەقەیان لێکردووە، چوونەتە سەر سەری، دواتر بەجێیانهێشتووە".

سەبارەت بە هەڵوێستی کەسوکاری دوو ڕاوچییەکە، سامی گوتی: "دوای ڕووداوەکە هەندێک لە کەسوکاری دەستگیرکراوەکان هاتنە لای ئێمە، بەڵام ئێمە پێمانگوتن سامان کوڕی حکومەتە و ئەوان بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ئەگەر پشتگوێی بخەن، خۆمان ڕێگای دیکە دەگرینەبەر، بەڵام نامانەوێت بگاتە ئەوە".

بەڕێوەبەری پۆلیسی شەقڵاوە دەڵێت لە لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە کە کوژراوەکە کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە، بەڵام دوو کەس بە ناوەکانی (ب.ح) لەدایکبووی ساڵی 1986 و (م. ع) لەدایکبووی ساڵی 1951، بە بڕیاری دادوەر بەپێی ماددەی 405 لە یاسای سزادانی عێراقی لەلایەن پۆلیسەوە ڕاگیراون.

عەمید محەممەد حەمەدەمین دەشڵێت: "تۆمەتبارەکان یەکێکیان چەکی تاپڕ و ئەوەی دیکەیان چەکی کلاشینکۆفی پێبووە، چەکەکانمان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوانی هەولێر کردووە بۆ لێکۆڵینەوە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە".



پۆلیس دوو ڕاوچی بە تۆمەتی کوشتنی سامان دەستگیر کردووە

# کۆمیتەی هەرێمەکان هەڵوەشانەوە.. یان هەڵیانوەشاندنەوە ؟

## پەراوێزێکی کورت بۆ پێشەکییەکەی مەلا بەختیار بۆ کتێبی: (ئازاد هەورامی.. کەرکوکییەکی کوردستانی)


مامۆستا جەعفەر

### بەشی یەکەم

### پێشەکی

ناوەنـدی مێـژووی (ی. ن. ک) لە 2018/8/31 کتێبی (ئازاد هەورامی... کەرکوکییەکی کوردستانی) (1) بڵاوکردەوە. مەلا بەختیار کە پێشـەکی بۆ ئەم کتێبە نووسـیوە، لەبن ناونیشانی (ئازاد هەورامی.. گەشـاندنەوەی ژیلەمـۆکان) کۆمەڵێـک پرسـیاری وروژانـدووە و هەنـدێ لاپـەڕەی زانـراو و نەزانراوی ژیانی سیاسی ئازاد هەورامی هەڵداوەتەوە و تیشکی خسـتووەتە سـەر یـەک دوو وێسـتگەی مێـژووی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

وێڕای سوپاسی بێپایانم بۆ پشتیوانی لەم جۆرە پرۆژە بچوک و سـادانە، دەمەوێ خۆم بەڕاشکاوانە ئەوە بنووسم کە هەرچی من لێرەدا دەینووسم، تەنیا خۆم بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆ دەگرم. جگە لە قەڵەمەکەم، هیچ کەس و لایەنێک سادەترین پشکی بەرپرسـیارێتی وەبەرشـان ناکەوێت.. کارێکی باش و ڕەوایـە ئەگـەر چین و توێژە سیاسـییەکانی ئەم کۆمەڵە، بەسەر تارمایی ڕابردوودا باز بدەن و مێژوو وەکو خۆی بنووسـرێتەوە و چەواشەکاری و خاتری ریشی فلان و فیساری تێدا نەبێت. من نە دەمەوێ بە قەڵەم و نووسین، تۆڵە لە زنجیرە درامای پیلانگێڕی و پاشقولگرتن بکەمەوە، نە مۆتەکە ترسناک و ڕیویە گەڕەکانی ڕابردوو نەفرەتباران بکەم. ئەوە بەشـێکە لە جەنجاڵیی مێژوو، ئەو مێژووەش نە دەگەڕێتەوە، نە دەشاردرێتەوە و زوو بێت یان درەنگ ڕاستییەکان دەردەکـەون. تاریکەشـەو چەنـد قایمیش بێـت، ناتوانێت ڕووناکی مۆمێک بشارێتەوە!

واتـە: بابەتـی نووسـینەکەی مـن: یـەک دوو (تێزە)*یـە کە مـەلا بەختیار لە پێشـەکییەکەدا دەسـتی لەسـەریان داگرتووە. ئیدی هەڵوێسـت و تێگەیشتنی ئەوسای من، ئەگەر لەناو تەپودووکەڵی ڕووداوەکانـدا بوویـم، یـان لە دەرەوەی ڕەشـماڵی ڕووداوەکان، هیـچ دەورێکـی ئەوتـۆ ناگێڕێـت! ڕووداوەکـە تەمەنی چل سـاڵ بێت یان سـەدو چل ساڵ، پەیوەندی بەمنەوە نییە، با من بەدرێژایی ئەو ماوەیە بۆچوون و هەڵوێستی خۆمم هەبووبێت، یان نەبووبێـت! هەڵوێسـت و کار و خەباتـی من، ئەوە پاژێکن لە پاژەکانی گەشـتی ژیان و یادەوەرییەکانم کە هەمووی لە بەرگی دووەمی کتێبی (تالیتۆس) دا نووسراون (دەستنووسی بیرەوەریەکانمە دەربارەی ڕووداوە گرنگەکانـی 1977 ــــ 1982) و هـەوری و ئاڵووالـی بیـرەوەری و کاری زانسـتی و ئەکادیمی پێکەوە تێهەڵکێش ناکرێت.

### کارکردن لەسەر ڕابردوو

گەلانی پێشکەوتوو لەسەر هەر خاڵ و قۆناخێکی ڕابردووی خۆیان، ئەوەندەی تووکی سەریان، لەسەر وێسـتگە گرنگ و یەکلاکەرەوەکانـی ڕابردوو کاریان کـردووە. ئەمـەش نهێنـی سـەرکەوتنی ئەوانە. تا لەسەر کەندولەندی ڕابردوو، بەشێوەیەکی زانستی و تێروتەسـەل کار نەکرێت، کۆشک و تەلاری داهاتوو بەڕوونـی نابینرێت، هەڵنگوتن بەسـەر هەڵنگوتندا دێـت، ملشـکان بـەدوای ملشـکاندا دێت، هێشـتا هـەر نازانرێت هەڵە و پەڵەکان بـۆ ڕوویانداوە و بۆ نەمانتوانیوە خۆمانی لێ بپارێزین!

لـە کۆمەڵـی ڕۆژاوادا؛ کوڕێک یـان کیژێک پاش جیابوونـەوە و تەڵاق و تەڵاقـکاری، زۆرجار بۆ لای دکتـۆری دەروونـی و کەسـانی پسـپۆڕ و شـارەزا دەچن: چارەسـەریان دەکەن و کـۆرس و ڕاهێنانی دوورو درێژیـان بـۆ دەکرێت بۆ ئەوەی بەسـەر ئەو ئەزموونە تاڵەدا زاڵبن. مرۆڤ ئەگەر لەسەر ڕووبەری ئەو ئەزموونە، بەشێوەیەکی عەقڵانی کار نەکات، هەر یەکسەر شووی کردەوە، یان کوڕەکە ژنی هێنایەوە، تووشـی هەمان ئەزموونی پێشـوو، بەدیوێکی تردا دەبێتەوە.

ڕۆشـنبیر و نووسـەر و مێژوونـووس و سیاسەتناسـانی ئۆروپـی، لەسـەر هـەر قۆناخێک و لەسـەر هەر دیاردەیەکی سیاسـی و کۆمەڵایەتی هەزاران لێکۆڵینەوە و شـیکاری زانسـتییان هەیە. ئێمەی کورد، هەر زۆر ترسنۆک و کڵۆڵ و دەست و پێ سپین. تا ئێستا ناوێرین بە چاوێکی ڕەخنەگرانە، ڕووداوەکانی سـەد ساڵ لەمەوپێش هەڵسەنگێنین. ناوێرین ڕاستیەکان دەربارەی کۆماری کوردسـتان بخەینە ڕوو، نەوەک قەلەڕەشـێک لێمان بقرێنێت و شەمشەکوێرە لێمان وەدەنگ بێت.

لەم ڕۆژانەدا ناسـیاوێک باسی هۆکار و کاردانەوە و هەلومەرجـی دووبەرەکی و ڕۆژانی پێش کۆنگرەی شەشەمی (پ. د. ک)ی بۆ دەکردم. ئەو کاتی خۆی چەند جارێک مەلا مستەفا بارزانی و برایم ئەحمەد و مام جەلالی بینیبوو. پێشنیازی کۆنگرەیەک کرابوو (شەشـەم) کە ئەندامانی (م. س) و سەرکردایەتی و بارزانـی هەمـوو پێکـەوە بەشـداربن. بارزانی بە ڕاشـکاوانە ئەو جۆرە کۆنگرە هاوبەشەی بە ناڕاست زانیـوە: "بـۆ ئەم جـۆرە کۆنگرەیە مـن ناچم! من مەعلوماتم هەیە: ئیبراهیم ئەحمەد (200) کەس بۆ خۆی دەهێنێت.. مام جەلال (200) کەس دەهێنێت، عومەر دەبابە (200) کەس دەهێنێت.. من یاریەکەی ئەوان باش دەزانم.. من بڕیار دەدەم کێ بەشداری لە کۆنگرەی شەشەم بکات.."

لێرەدا مەبەست هەڵسەنگاندن و شیکاری بیروڕای بارزانـی نییە. من دەمەوێ ئـەوە بڵێم: پەنجاوچوار سـاڵ بەسـەر جیابوونەوەی باڵـی (م. س) و باڵی بارزانی- دا تێدەپەڕێت، بەڵام هێشـتا کاری زانستی و ئەکادیمـی لەسـەر ئـەو ڕووداوە نەکـراوە، شـەپۆلی تووڕەیـی و جوێنباران و بەرد گرتنە یەکتر زاڵ بووە، ئـەوەش هیچ سـوودێک بە ڕاستی و چارەنووسی نادیاری گەلی کوردستان ناگەیەنێت!

پاش پەنجاو چوار سـاڵ، لەناو هەندێک هێزی سیاسی کوردستاندا، بە هەمان لۆجیک و تێڕوانین و ڕستەسازی باسی کۆنگرەگرتن دەکرێت. سەیرە! دوای پەنجاو چوار ساڵ، چەندین جیابوونەوە و لێکتـرازان و لەتبـوون ڕوویانـداوە، هەر هەمووی دووبارەبوونەوەی تراجیدیای یەکەم جیابوونەوەیە کە لە هەمـوو ڕووێکەوە، ئەزموونێکـی زۆر خراپ بوو، شوێنەواری نەرێنی تا ئەمڕۆش نەسڕاوەتەوە. کەچی نووسەر و سیاسەتناس و مێژوونووسان، کاریان تەنیا خۆڵادان و پووش بەسـەرداکردنی زۆربەی ئەزموونە تاڵەکانـی گەلـی کوردە و ئێمەش تا دێت تووشـی هەڵنگوتن و سەرەنگرێبوون و هەڵدێران دەبینەوە و هیچ لە وانە و پەندەکانی مێژوو فێر نابین.

### دەستاودەستی سەرکردایەتی

لەم نووسینەدا جێی ئەوە نابێتەوە لەسەر هەموو (تێزە)کانـی مەلا بەختیـار بنووسـم، چونکە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت. شاسوار جەلال (ئارام) لە ڕۆژی 1978/1/31 شەهید دەبێت. شاسوار یەکێک بووە لە ئەندامانـی (کۆمیتەی هەرێمەکان) کە ئەم چوار هاوڕێیە بوون (شاسـوار جەلال ـ ئارام، ئازاد هەورامی، سالار عەزیز، مەلا بەختیار).

کۆمیتەی هەرێمەکان: بریتی بوو لە کۆمیتەیەک کە نوێنەری هەرێمەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە (کملک) پاش مانگی ئەیلوولی 1975 پێکیانهێنابوو. ئەوەش دوای ئـەوەی سـەرکردایەتی کۆمەڵە بـەرەو ئێران ڕۆیشتبوون و لەسەر سنوور گیران و 1976/1/1 بە دەستبەسەری ڕادەستی ڕژێمی بەغدا کرانەوە.

ئەم کۆمیتەیە ڕێکخستنەکانی گرتەوە، نەیهێشت ڕووخـان و داوەریـن و پەرتەوازەیـی لـە ریزەکانی کۆمەڵەدا ڕووبدات، لەماوەی کەمتر لە شەش مانگدا زەمینەی بۆ خەباتی چەکداری و شـەڕی پارتیزانی خۆش کرد.

### مەلا بەختیار دەنووسێت:

"شوێنگرتنەوەی شـەهید ئارام، لەو باسانە بوو لەناو خۆماندا هەڵوێسـتەمان لەسەر دەکرد. من لە قەراخەوە، پێش ئەوەی بگەمە سەرکردایەتی، نامەم بـۆ مام جـەلال نووسـیبوو، کـە دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی شـەهیدبوونی ئارام، دێمە سـەرەوە و کۆبوونـەوەی فـراوان بکەیـن و کاک نەوشیروان بکەینە سکرتێری کۆمەڵە. مام، ناوەڕۆکی نامەکەی زۆر بەدڵ بوو. لە کۆبوونەوە فراوانەکەشدا باسی کرد و ئاراستەی بۆچوونەکانیشی هەر بۆ ئەوە بوو، کاک نەوشیروان ببێتە کەسی یەکەمی کۆمەڵە. کاک نەوشـیروان، لە کۆبوونەوەکەدا، لە هەموومان باشـتر لێکدانـەوەی بـۆ دۆخەکە، بـۆ کۆمەڵە، بۆ یەکێتی، بۆ ململانێکان و کێشەکان هەبوو. میتۆدی قسەکردنی زانسـتیانە بوو. گەرچی گوتارخوێنێکی کارامـە نەبوو، وەکو مام. ئێسـتاش، دوای ڕووداوە ناڵەبارەکانیـش کە بیر لەو بڕوایـەم دەکەمەوە، لەو زەمـان و زەمینەیەدا، فێڵ لەخۆم ناکەم، پاشـگەز نەبوومەتـەوە لەو بڕیارانەی داومـن.. گەرچی لەدوا ئەنجامیشدا، باجە هەرە قورسەکەی من داومە..."

پێشـەکی دەبێ ئەوە بنووسـم، هەر کەسـێک، زانابێـت، یـان نـەزان، ئـەم دێڕانـەی سـەرەوەی بنووسیبایە، زۆر ئاسایی و سروشتی بوو، بەڵام مەلا بەختیار تۆ بۆ؟

دەتـەوێ پەیامێکی سەرسـوڕهێنەر بگەیەنیت؟ دەتـەوێ بە خوێنەر بڵێیت: من پیاوێکی لێبوردە و دڵاوا و دلۆڤانم و لەسەر ڕێبازی نازەبروزەنگی مەسیح و غانـدی و مانـدێلا و مارتـن لوتەر کینـگ دەڕۆم! خوێنەری ئازیز دێڕە نەنووسراو و نەبینراوەکانی پشت دێڕە نووسراوەکان دەخوێنێتەوە. خەڵک ئەوەندەی

برا براتر و لە دۆست دۆسـتتر و هەتا سەر ئێسک یەکترتـان خۆشدەویسـت و بۆ یەکتـر دەتوانەوە؟ هەردووکتان شەم و پەروانە بوون و بەبێ پرس و ڕای یەکتر پەنجەتان بە ئاودا نەدەکرد و موو بە بەینتانا نەدەڕۆیشت؟ ئەگەر نێوانتان ئەوەندە خۆشبووبێت و نەینووسـیت، ئەوە ئەو نووسینەت ڕاستگۆیی خۆی لەدەست دەدا! ئەم گەزو جاوە دەبێ بۆ بۆنەی تر و کات و سەردەمی تر هەڵبگیرێت.

لە قووڵایـی ئەشـکەوتەکانی بنهۆشـەوە **، گرەوت لەسەر ئاشتکردنەوەی بزاڤی گۆڕان کردووە، لەملاشەوە دەتەوێت مژدەی دڵخۆشکەر پێشکەشی جەمـاوەری یەکێتی بکەیت و خۆت وەک پەپوولەی سەیری کردەوە دەکات، نیو ئەوەندە سەیری قسە و گوتار ناکات. هەزاربار شـوکر، زۆربەی سیاسیەکان قسەکانیان هەر زۆر جوانە، دەیان ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرزیش دوایان دەکەوێت. کردەوە و ئەدای سیاسیش لەناو دڵـی کۆمەڵانی خەڵکدا جێگـەی دەبێتەوە و دەچەسپێت.

بە چوار ڕستەی زەرد و سوور، کەس نابێتە دڵاوا و دڵفراوان و تۆلەرانس. دەزگای ڕاگەیاندنی گەورەی ئەم وڵاتە ویستیان بە دەهۆڵ و زوڕنا و دابەشکردنی شیرینی و دەمچەورکردن، کەسێک وەکو پەپوولە و غاندی و ماندێلا وێنا بکەن، نە کەس بڕوای پێکردن و نە دڕکەکان گوڵیان گرت.

دەتـەوێ بەخوێنەر بڵێیت: تۆ و نەوشـیروان لە

کارە درێوەکانی دەسـەڵاتدارانی ئەمڕۆی عێراق و تەقینەوەی گەندەڵیی ئیداری و ئابووری و سیاسـی وای کـردووە، خەڵـک ڕەحمـەت بۆ گۆڕی سـەدام بنێرێت. سەدام ناتوانێت خۆی جوان بکاتەوەو کارە ناشیرین و کرێتەکانی سپی بکاتەوە. ئەوە دەسەڵاتی سیاسـی ئەمـڕۆی عێراقـە، خەڵک ناچـار دەکات ڕەحمەت بۆ شەیتانیش بنێرن.

### ئایا نووسین ئامانجە؟

نووسـین ئامانج نییە! نووسەرێکی ئاسایی وشە و ڕستە، بەسەر کاغەزدا بەبێ هۆ ناباڕێنێ. نووسین جۆرێکی گرنگە لە جۆرەکانی بەرپرسیارێتی. کەسێک ئاشـتی و ئاشـتەوایی و سـاڕێژکەری دڵی بێنەوا و دڵشـکاوان بناسـێنێ، ئەوە مافـی خۆتە و کارێکی باشە.

لەم ڕۆژگارەدا هەرچی دەبینی سەیرو سەمەرەیە، هەروەکو ڕووناکبیرانیش دەڵێن: (پارادۆکس)ە! تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەندێ جار کەسانێک پیشاندەدەن، ڕەحمەت بۆ گۆڕی سـەدام حوسـێن ڕەوانە دەکەن! زۆرکەس دیاردەکەیان بەلاوە سەیرە: هەروەکو ئەوەی ئەم سـەدام حوسێنە دڕەندەترین دیکتاتۆر و فاشی نەبووبێت و شەڕی عێراق و ئێرانی هەڵنەگیرساندبێت و پەلاماری کوەیتی نەدابێت و کیمیابارانی هەڵەبجەی نەکردبێـت و ئەنفالـی نەکردبێت و هەزاران کەسـی بێتاوانی نەکوشتبێ و دەربەدەر نەکردبێ!

شتێک بنووسێت و هەست بە بەرپرسیارێتی نەکات و مۆتیڤێکی تایبەت پاڵی پێوە بنێت، هەر نەنووسێت چاکتـرە، چونکە ڕۆژێک دێت، ئەو نووسـینە وەکو مارەکەی شـێخ هۆمەر لە گەردنـی دەئاڵێت و لێی نابێتەوە! من بزانم نووکی قەڵەمەکەم کەپەرە و هیچ ئامانجێک ناپێکێت، نە سەری خۆم دەئێشێنم و نە سێتاشی پێوە دەبەستم!

### مەبەستی ڕاستەقینە لەم کۆپلەیە چییە؟

ئەگـەر مەبەسـتی بنچینەیـی ڕەوانەکردنـی پەیامێکـی ئاشـتەوایی و نۆژەنکردنـەوەی دیکۆر و درز و کەلێنەکانی تەلار و باڵەخانەی ڕابردووە، ئەوە دەیتوانـی لە کۆڕێک یان بۆنەیەک یان گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا پەیامێک ئاراسـتەی گۆڕان بکات. هەر کەسێک سـەرقاڵی پەیامنووسـین بێت، دەبێ ئەو ڕاستیە بزانێت، گۆڕانی ئەمڕۆ، گۆڕانی دوێنێ نییە، با لەدیوی دەرەوەش بەسـەر ڕەنگ و ڕوخسارەکاندا کەمترین گۆڕان ڕوویدابێت.

گریمان مەبەست گێڕانەوەی ڕاستییەکانە، چونکە دەرخسـتنی ڕاسـتی، گەورەترین خزمەتە بە گەل و مێژوو. ئەوە ڕاسـتی بەم شـێوەیە لەخاچ نادرێت و ڕێگـە و جێگـەی خۆی هەیە. ئەو ڕاسـتیانەی مەلا بەختیـار دەیانزانێـت و ئەوەی من پێـش (1982) زانیومـە، من خۆم نامەوێ لەسـەر هەمووی بدوێم، گێڕانەوەیـان ڕەنگـە سـوود بەکـەس نەگەیەنێت. ڕاستیەکان زۆر تاڵن و ئەرکی من نییە برینە کۆنەکان بکولێنمەوە!

ئەم پێشنیاز و بڕیارە کە مەلا بەختیار لە شوباتی 1978 داویەتی و پاش چل ساڵ لێی پەژیوان نییە، پێشـنیاز و بڕیارێکی ئەوەندە سادە و سـاکار بوو، هەروەکو ئەوەی کەسێک بڕیار بدات جگەرە نەکێشێت یان چای شیرین نەخواتەوە.

ئۆلف پاڵمـە دەکوژرێت و ئینگڤار کارلسۆن جێگای دەگرێتەوە؟

دەستاودەسـتکردنی سەرکردایەتی هەروا بەخۆشی و بەجوانی تێپەڕی و هیچ قوربانی و سەرئێشەی لێنەکەوتەوە؟

ئەگـەر بەم پێودانگەی مەلا بەختیار بێت، دەبێ منیش هەر بۆ خۆشی بنووسم:

(مـن نەمبیسـتووە لەنێـوان 1980 ــــ 1988 کەسـێک لە گوڵێک کاڵتری پێ گوترابێ و لەسـەر جیاوازیی بیروڕا زیندانی کرابێت) ئایا ئەو و مامۆستا پشکۆ نەجمەدین قسەکانم دەسەلمێنن؟

گریمان لە ساڵی 1978 بەدواوە هیچ ڕووینەداوە، نە کەس لووتی پڕاوە و نە لە هەرسێ کۆنفرانسەکەی کۆمەڵـەدا قرەقـرِ و ژاوەژاو بـووە و گـورگ و بەرخ بـە یەکەوە ئاویان خواردۆتەوە! بەڵام یەک ڕاسـتی هەیە و کەس ناتوانێت سـێ و دووی لەسـەر بکات: پاش زەمینەخۆشـکردن و پاکتاوکردنـی ریزەکانی کۆمەڵـە لـە دەنـگ و ڕەنـگ و ئـاوازی جیـاواز، کۆمەڵە هەڵوەشێنرایەوە! پاش تێپەڕبوونی نزیکەی بیسـت ساڵ بەسـەر هەڵوەشـاندنەوەی کۆمەڵەدا، نەوشیروان پەشیمان بووەوە لەو بڕیارەی داویەتی [2]. پرسیارەکەی من ئەمەیە: ئایا مەلا بەختیار زانیویەتی نەوشیروان دەیەوێت کۆمەڵە هەڵبوەشێنێتەوە؟

### لە ئەنتی کۆمۆنیستەوە بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە

من دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە: کۆمەڵە بەشـێکە لـە مێـژوو، کەسـایەتی و ڕووداوەکانیش بەشێکن لە ڕابردوو. نووسینەکانی من خوانەخواستە، پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمڕۆوە نییە و بابەتەکەی من، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لایەک، تەنیا ڕوونکردنەوە و هەوڵی تێگەیشـتنی ڕووداوەکەیە، نەک دادگایی و بەشینەوەی تاوان و بێبەریکردن و پاکانەی سیاسی بۆ ئەم و ئەو.

سـاڵی 1975 کاتێـک لـە شـام (ی.ن.ک) دادەمەزرێـت، نەوشـیروان لە ڤییەنـا دەبێت، نەک لە شـام. مام جەلال داوا لە ئازاد خۆشـناو دەکات پەیوەندی بە نەوشـیروان مسـتەفا و دکتۆر کەمال فوئادەوە بکات. ئازاد سەردانی نەوشیروان دەکات، بۆ ئەوەی قۆڵی لێ هەڵماڵێت و بێتە ریزی یەکێتییەوە، ماوەیەکی زۆر نەوشـیروان خۆی بەدەسـتەوە نادات و دەڵێت: ((ئازاد من ئێسـتا ترۆتسـکیم و لەگەڵ ترۆتسکییەکانی ڤییەنا ژیانێکی خۆش بەسەردەبەم، بڕۆ وازم لێبێنە..))

نەوشـیروان لـە بیرەوەرییەکانیـدا ئامـاژەی بۆ ئەوە نەکردووە کە ترۆتسـکی [3] بـووە. بە درێژایی ئـەو ماوەیەی پێکـەوە لە ناوەنـدی کۆمەڵە و (م. س) کارمان کردووە، ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کە لـە ڤییەنا ترۆتسـکی بووە و لای کەسـیش ئەوەی نەدرکاندووە!

لە کتێبی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی نێوزەنگ) باسـی چرکـەی یەکتربینینی خـۆی دەکات لەگەڵ بەشـێک لە کادرەکانی کۆمەڵە کـە داوای لێدەکەن لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا کار بکات. ئەو لە داواکەیان هەڵدەپرینگێتەوە و ڕاشـکاوانە پێیـان دەڵێت: من بـڕوام بـە کۆمۆنیزم نییە! مـەلا بەختیار خۆی لەم دانیشـتنەدا بووە. یەکێک ڕاشکاوانە لە مانگی ئابی 1977 خۆی بە کەسـێک پێناسە کردووە کە بڕوای بـە کۆمۆنیزم و (مارکسـیزم) نییـە، بۆیە نایەوێت لەنـاو ڕێکخراوەکەی ئەوانـدا کاربکات، کەچی پاش شـەش مانگ، لـە (1978/1/31) بە دڵفراوانییەوە ڕازی دەبێت ببێتە دەمڕاست و سکرتێر و هەمەکارەی ناو کۆمەڵە !

لە ماوەی شەش مانگدا چی ڕوویداو چۆن توانی سیستێمی ئایدیۆلۆژیی خۆی بەو ئاسانییە بگۆڕێت؟ هەر بەڕاسـت بیروبـاوەڕی گۆڕا، یان ئـەو بە پلان و بـە ڕووکەش خۆی بە مارکسـی دادەنا و لەبنەوە هەرکەس دڵسـۆزی کۆمەڵە بووایە، ئەو هەوڵی دەدا لووتی بشکێنێ و ریسوای بکات و دەریپەڕێنێ؟

لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەدا (مالیمۆس) لە ساڵی 1981 ، نەوشیروان لەبەردەم (180) ئەندامی کۆمەڵەدا گوتی: کۆمۆنیزم گەڕوگول بووە. سەبارەت بە دروشمی کرێکارانی جیهان یەکبگرن و هاوپەیمانیی کرێکارانی کـورد و عەرەبیش گوتی: ((من عەرەب بەهەشتیشم بۆ دروست بکات نامەوێت)).

لە کۆنفرانسـی سـێیەمی کۆمەڵەدا (مێرگەپان) لە سـاڵی 1984 ، لە کاتی شـیکردنەوە و گفتوگۆ دەربـارەی هەندێ بابەتی پەیـڕەوی ناوخۆ، دەگەنە سەر ئەم خاڵە:

(کرێکارانـی جیهان ئامانجی هاوبەشـیان هەیە لە دیموکراسـی و سۆسـیالیزمدا..) زۆربـەی زۆری کۆنفرانسـەکە ئەم خاڵە پەسـەند دەکەن و بەشێک پێیانوایە: دەبێ چەمکی کۆمۆنیزمیش بخرێتە پاڵی. پێنـج کادری کۆمەڵـە هەڵدەسـتن و داوا دەکـەن (کۆمۆنیزم)یش دابنرێت.

(ئومێد سـەعید گەوهەر، د.هـەژار، دارا جەمیل محەممـەد، د.حەسـان و کادرێکی تـر کە ناوەکەیم بیر نەماوە..) پێداگری لەسەر چەمکی (کۆمۆنیزم) دەکەن. نەوشـیروان هەڵدەچێت و لە کۆنفرانسەکە دەچێتـە دەرەوە. مـەلا بەختیـار دوای دەکەوێت و دەیهێنێتەوە و ناهێڵێت کەشـوهەوای کۆنفرانسەکە گرژی و پشێوی تێبکەوێت.

نەوشیروان ڕوودەکاتە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە و دەڵێت: "ئەگەر مەلا بەختیار نەبووایە هەرپێنجتانم هەر لێرە ڕەمی دەکرد".

ئایا نەوشیروان سکرتێری وەکو عەزیز محەممەد، د.قاسملۆ، یان وەکو ئۆجەلان بووە..؟

نەوشـیروان هـەر لـە سـاڵی 1978 تـا هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو. هەمیشـە مـام جەلال نیوەی ئەو چـەک و پارەیەی دەسـت (ی. ن. ک) دەکەوت، لەبەردەسـتی ئەوی دادەنا، ئیدی چۆن سەرف دەکرا و بە کێ دەدرا و بە کێ نەدەدرا ئەوە هەر خۆی و خوا دەیانزانی!

مەبەسـتمە بڵێم: هیچ سـنوورێک بۆ دەسەڵاتی ڕەهـای ئـەو دانەنرابـوو. ئەندامـی سـەرکردایەتی زیندانی دەکـرد و کادری دارکاری دەکرد و بیانووی بـۆ کوشـتنی خەڵک لەنـاو شـارو لەناو شـۆڕش دەدۆزییەوە، دەسەڵاتێک نەبوو ڕێگری لێبکات!



> دەزگای ڕاگەیاندنی گەورەی ئەم وڵاتە ویستیان بە دەهۆڵ و زوڕنا و دابەشکردنی شیرینی و دەمچەورکردن، کەسێک وەکو پەپوولە و غاندی و ماندێلا وێنا بکەن، نە کەس بڕوای پێکردن و نە دڕکەکان گوڵیان گرت

> پاش زەمینەخۆشکردن و پاکتاوکردنی ریزەکانی کۆمەڵە لە دەنگ و ڕەنگ و ئاوازی جیاواز، کۆمەڵە هەڵوەشێنرایەوە

> پاش تێپەڕبوونی نزیکەی بیست ساڵ بەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەدا، نەوشیروان پەشیمان بووەوە لەو بڕیارەی داوێەتی

(1) ئەمیرە محەممەد: ئازاد هەورامی.. کەرکوکییەکی کوردستانی. ناوەندی مێژووی (ی. ن. ک) سلێمانی 2018

(2) بڕوانە ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کراوە: دیمانەی تایبەت: ئێمە خەریکین بیر هەڵدەکەنین و خانوو دروستدەکەین، ئێمە بەتەمای پرۆسەیەکی زۆر هێمن و دیموکراتین. گۆڤاری گوڵان ژ (707) هەولێر 2008/11/3 لاپەڕە 32

(3) ماوی و تەیاری ترۆتسکی زۆر دژی یەکتربوون. نەوشیروان لەماوەی گۆڤاری (ڕزگاری) و پاشتریش هەر ماوی بووە. دیارە بۆ مەبەستێکی تری ناسیاسی بە ترۆتسکی و ئینتەرناسیۆنالی چوارەم خۆی ناساندووە!

* تێزە: These: دەربڕینێکە، کە مرۆڤ دەیەوێت وەکو ڕاستییەک بیسەلمێنێت.

** بنهۆش: بن هۆش Unterbewusstsein بریتییە لە unter: بن (das) Bewusstsein: هۆش: واتە بن هۆش: بنهۆش. فرۆید ئەم چەمکەی بەکارهێناوە. بەکارهێنانی نەست بۆ (اللاوعی) هەڵەیەکی زەقە. چونکە هەستی و نەستی: (هستی و نستی) فارسی مانای بوون و نەبوون: (الوجود والعدم) بە عەرەبی دەگرێتەوە.



هونەر رێبوار

## بە قسەی دکتۆر مەکە!!

لە نەخۆشخانەی راپەڕینی تایبەت بە منداڵان وەک پزیشک ئێشکگر بووم، منداڵەکە تایەکی زۆری هەبوو، دایکەکەشی جگە لە من، گوێی لە هەموو کەس دەگرت، بۆیە منداڵەکەی هیچ سوودی لەو دەرمانانە نەبینی کە بۆم نووسیبوو.

نزیکەی سێ مانگە لە نەخۆشخانەی راپەڕین وەک پزیشکی نیشتەجێ کاردەکەم، چەندین حاڵەتی نامۆم بەرچاو کەوتوون کە دایکان بۆ منداڵەکانیانی دەکەن، بەڵام لە هەمووان نامۆتر ئەو دایکە بوو کە منداڵەکەی بە دەست تایەکی زۆرەوە دەیناڵاند.

تا یان بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، زۆربەی جار نیشانەی نەخۆشییەکی دیکەیە، واتە بۆ ئەوەی چارەسەری تا بکەیت، دەبێت بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی پشت بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی جەستەی منداڵەکە بکەی کە رەنگە هۆکارەکەی هەوکردنی سییەکان، هەوکردنی میزەڕۆ، سکچوون و رشانەوەیەکی زۆر کە هەوکردنی ریخۆڵەکان بێت و تای لەگەڵ بێت، یان هەر هەوکردنێکی دیکە کە سادە بێت یان ئاڵۆز و زەحمەت لەڕووی دەستنیشانکردن و چارەسەر.

کاتێک منداڵێک یان کەسێک تووشی تا دەبێت، زۆرجار باوانی منداڵەکە هەوڵ دەدەن بە دەرمانێکی دژە تا منداڵەکە چارەسەر بکەن، بەڵام لە زۆر باردا ئەمە تەنیا نەخۆشییەکە قورستر دەکات و دەستنیشان و چارەسەری گرفتە سەرەکییەکە دوادەخات.

کاتێکیش منداڵێک دەهێنرێتە نەخۆشخانە، کە پزیشکەکە دەڵێت پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت، زۆرجار خێزانی منداڵەکە رازی نابن و دەڵێن پێویست بەو پشکنینانە ناکات و منداڵەکەیان بەس تای هەیە. یان دەڵێن پێویست بە خەواندن ناکات و دەیبەنەوەماڵەوە، بەڵام بۆ رازیکردنی خێزانەکە، زۆرجار پزیشکەکە و توانای گفتوگۆی پزیشک بۆ رازیکردنی خێزانەکە رۆڵی هەیە.

کاری پزیشکی نیشتەجێ لە قاوشی منداڵان لە نەخۆشخانە چاودێریکردنی دۆخی تەندروستیی منداڵەکانە، ئەمەش پێکدێت لە سەردانی نەخۆشەکان و نووسینی هەموو ئاماژەکانی پەیوەست بە دۆخی منداڵەکە، دواتریش هەر کاتێک نەخۆشەکان هەست بە گرفتێک بکەن داوات لێدەکەن و پزیشک چارەسەریان دەکات.

من لەکاتی سەردانی نەخۆشەکان، زانیم منداڵەکە تای هەیە و پلەی گەرمی بەرزبووەتەوە، منداڵەکە هەوکردنی سییەکانی هەبوو، تایەکەی بەرز بوو، منیش جگە لەوەی کە دەرمانەکەم بۆ نووسی، بە دایکی منداڵەکەم گوت کە دەبێت بە پەڕۆیەکی تاڕادەیەک تەڕ منداڵەکەی سارد بکاتەوە.

دوای ئەوەی خێزانی منداڵەکە دەرمانەکەیان بەکارهێنا، پاش ماوەیەک تای منداڵەکە دابەزی، بەڵام پاش ماوەیەک کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبوو ژەمی دووەمی دەرمانەکەی بدرێتێ، تای منداڵەکە زیادی کردبوو، منیش دووبارە پێمگوت کە دەبێت منداڵەکە بە پەڕۆیەک یان پارچە قوماشێک سارد بکاتەوە. ئینجا لێم پرسی، باشە کە پێتمگوت منداڵەکە سارد بکەوە، ساردت کردەوە؟

دایکەکە دوای ئەوەی ماوەیەک سەیری کردم، بە ناچاری وەڵامی دایەوە و گوتی، دکتۆر تۆ پێتگوتم منداڵەکەت سارد بکەوە، بەڵام ئەو ژنەی لە تەنیشتمان منداڵەکەی خەواندووە، گوتی بە قسەی دکتۆر مەکە، منداڵەکەت سارد مەکەوە خراپە، منیش بە قسەم کرد.

# شەکر باشترین دۆستی شێرپەنجەیە

رووداو – ئاژانسەکان

قسەی پسپۆڕێکی بەناوبانگی خۆراک لە ئەمەریکا لەبارەی کاریگەرییە ترسناکەکانی شەکر لە نێوەندە تەندروستییەکانی ئەو وڵاتەدا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. پاتریک کویڵین کە پسپۆڕی خۆراک و بەڕێوەبەری ریژیمە خۆراکییەکانی سەنتەرەکانی چارەسەری شێرپەنجەیە لە ئەمەریکا، رایگەیاند: "شەکر و خانە شێرپەنجەییەکان نزیکترین هاوڕێن". ئەمە ماوەیەکی زۆر نێوەندە ئەمەریکییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد، پاتریک پێنج هۆکاریشی دەستنیشان کرد کە پاڵپشتی لە قسەکەی دەکەن.

### 1 - پەیوەندیی شەکر و خانەی شێرپەنجە

خانەکانی شێرپەنجە وەڵامدەرەوەیەکی زۆر باشی شەکرن، خانە تووشبووەکان بە شێرپەنجە 12 هێندەی خانەی ئاسایی شەکر دەخۆن، بۆیە پێت سکان کە نوێترین رێگەی سکان و دەستنیشانکردنی نەخۆشیی شێرپەنجەیە، زۆر بە روونی ئەوە دەردەخات، ئەمەش بە تێکەڵکردنی ماددەیەکی تیشکاوەر و شەکر، خانە شێرپەنجەییەکان بە خێراییەکی زۆر شەکرەکە هەڵدەمژن، بەمەش ئاشکرا دەبن و نەخۆشییەکە دەستنیشان دەکرێت.

### 2 - ترشی

توێژینەوەکان لەسەر شێرپەنجە دەریانخستووە کە خانە شێرپەنجەییەکان لە کەشی ترشدا باشتر گەشە دەکەن، شەکریش رێژەیەکی ترشیی بەرزی هەیە. ئەمە خاڵێکی دیکەیە کە وا لە پاتریک دەکات بەوپەڕی دڵنیاییەوە جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە خانە شێرپەنجەییەکان باشترین دۆستی شەکرن.

### 3 - لاوازکردنی بەرگری

قەپگرتنی خانەی "فاگۆسایتۆسس" یەکێک لە رێگەکانی هێرشی سیستمی بەرگریی جەستەیە بۆ سەر خانە دوژمنەکانی، بەدواداچوونە تاقیگەییەکان دەریانخستووە 10 کەوچکە چای شەکر بەڕێژەی 50% توانای فاگۆسایتۆسسی خانەکانی بەرگریی جەستە کەمدەکاتەوە.

پاتریک دەڵێت ئەگەر شیرینی رۆژانەی نێو چا، قاوە، خۆراکەکان، ئایسکرێم، شەربەتەکان، خواردنەوە گازییەکان، بسکویت، خۆراک و خواردنەوەکانی دیکە لە رۆژێکدا لێکبدەینەوە، زۆر بە باشی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن رۆژانە خەریکی لاوازکردنی سیستمی بەرگریی جەستەی خۆمانین.

توێژینەوەیەکی ئەمەریکی ئەم حاڵەتەی وردتر کردبووەوە، ئەو دەریدەخات کە خواردنی شەکر توانای قەپگرتنی خانە بەرگرییەکان بەڕێژەی 38% کەمدەکاتەوە تاوەکو یەک کاژێر دوای خواردنی شەکرەکە، دوو کاژێر دواتر رێژەکە بۆ 44% بەرزدەبێتەوە، پاتریک دەڵێت هەر بڕێکی شەکر بۆ ماوەی پێنج سەعات سیستمی بەرگریی جەستە لاواز دەکات.

### 4 - چالاکیی خانە شێرپەنجەییەکان

کاتێک کەسێک هەر بڕێکی شیرینی دەخوات، پەنکریاس ئینسۆلین دەردەدات، ئینسۆلینیش هۆکارێکی بەهێزی خێراکردنی گەشەی خانەکانە، ئەمە جگە لەوەی لە نێو مەمکدا وەرگرەکانی ئینسۆلین بەڕێژەیەکی بەرز هەن. گروپێکی توێژەرانی شێرپەنجە لە ئوسترالیا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە گەشەکردنی خانە شێرپەنجەییەکان لە مەمک، پرۆستات، پەنکریاس و منداڵداندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ئینسۆلین هەیە.

پوختەی توێژینەوەیەکی بەرفراوان کە لە 21 وڵاتی ئەورووپی، ئەمەریکای لاتین و ئاسیا کرابوو، بە روونی ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان ئینسۆلین و خانەی شێرپەنجەیی دەکات. پێشتریش پزیشکە توێژەرە هۆڵەندییەکان لە توێژینەوەیەکی چوار ساڵیدا هەمان ئەنجامیان دەستکەوتبوو.

### 5 - قەڵەوی

شەکر تاوانبارێکی سەرەکی تووشبوونە بە قەڵەوی، ئەمە فاکتێکی زانستییە و دەمێکە پشتڕاست کراوەتەوە. داتا جیهانییەکانی شێرپەنجە دەریدەخەن ساڵانە 100 هەزار کەس بەهۆی قەڵەوییەوە تووشی شێرپەنجە دەبن.

### جێگرەوەی شەکر

پاتریک کویڵین پسپۆڕی خۆراک و دایرێکتەری رێژیمە خۆراکییەکانی سەنتەرەکانی چارەسەری شێرپەنجە لە ئەمەریکا دەڵێت تکایە وا بیرمەکەنەوە کە لە کۆتاییدا پێتان بڵێم پەنا بۆ شیرینکەرە دەستکردەکان "سویتنەرز" ببەن لە جیاتی شەکر، پاتریک ئەمانەش بە هۆکاری تووشبوون بە شێرپەنجە دەزانێت، پسپۆڕە ئەمەریکییەکە دەڵێت پێویست ناکات خۆت لە دوژمنێک رزگار بکەیت و پەنا بۆ دوژمنێکی دیکە ببەیت، "بەدوای جێگرەوەی شەکردا مەگەڕێن، دوژمن هەر دوژمنە".



**دوای خواردنی شەکر، بۆ ماوەی پێنج سەعات سیستمی بەرگریی جەستەت لاواز دەبێ**
پسپۆڕێکی خۆراک

# رۆژانە دەبێ چەند شیرینی بخۆین؟



رێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت باشتر وایە شەکر تەنیا 5%ی وزەی رۆژانەمان پێکبهێنێ. بۆ کەسێکی پێگەیشتووی ئاسایی 5%ی وزەی رۆژ دەکاتە 25 گرام شەکر. ئەگەر سادەتر بڵێین 5%ی وزەی رۆژ دەکاتە شەش کەوچکە چا شەکر.

**ئاگاداری ئەمانە بە**

1 **مەبەست تەنیا شەکری سپی** نییە: هەموو شەربەت، خواردنەوە گازی و شیرینییەکانی دیکەش دەگرێتەوە، ئینجا بیر لەوە بکەرەوە کە یەک قوتوو لە خواردنەوە گازییەکان 9 کەوچکە چا شەکری تێدایە!

2 **شیرینی:** ئەگەر بە خێرایی بە چالاکیی جەستەیی نەسووتێنرێ، بەشێوەی شەکر یان چەوری لە جەستەدا هەڵدەگیرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی قەڵەوی.

3 **شەکری سپی:** هیچ بەهایەکی خۆراکی (ڤیتامین و کانزا)ی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا وزەیە، ئەمەش تەنیا قەڵەومان دەکات و ددانمان کلۆر دەکات.

4 **زێدەڕۆیی لە خواردنی شیرینی دەستکرد:** تووشبوون بەم نەخۆشییانە زیاد دەکات
- شەکرەی جۆری دوو
- چەند جۆرێکی شێرپەنجە
- نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن

ئەگەر هەر سووری لەسەر ئەوەی شیرینی بخۆی، ئەوە بزانە کە شیرینی سروشتی تا رادەیەک لە هی دەستکرد سەلامەتترە، ئەمەش جیاوازییەکانیان.



| شیرینیی سروشتی | شیرینیی دەستکرد |
| --- | --- |
| بەشێوەی ئاڵۆز هەیە | بەشێوەی سادە هەیە |
| جەستە بە خێرایی هەرسی ناکات | جەستە بە خێرایی هەرسی دەکات |
| هەستی تێربوون دروست دەکات | هەستی تێربوون دروست ناکات |
| نابێتە هۆی قەڵەوی | هۆکاری سەرەکیی قەڵەوبوونە |

# بۆچی پیاوان لە سێکسدا زوو تەواودەبن؟

رووداو- ئاژانسەکان

سێکسۆلۆژیی پزیشکی، یان زانستی سێکسزانیی پزیشکی لە جیهاندا لە پەرەسەندنی بەردەوامدایە، لەگەڵ پێشکەوتنی زانستەکەشدا کێشە سێکسییەکان بەشێوازێکی زانستی چارەسەر دەکەن، لە پیاواندا تەواوبوونی پێشوەخت "زوو رەحەتبوون" کێشەیەکی گەورەیە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خانمەکە نەگاتە ترۆپکی چێژ، پیاوەکەش وەکو پێویست چێژ لە سێکسەکە وەرناگرێت، ئەمە دەبێتە هۆی ساردبوونەوە و زۆرجار سەردەکێشێ بۆ جیابوونەوە.

### تەواوبوونی پێشوەخت چییە؟

تەواوبوونی پێشوەخت ئەوەیە کەسێک ماوەیەکی کەم دوای دەستکردن بە سێکس بگاتە لوتکەی چێژ، بێئەوەی خۆی بیەوێ. ئەمە گرفتێکی گەورەیە بۆ هەردوو هاوبەشەکەی سێکس. ئەو دڵەڕاوکێیەی حاڵەتەکە دروستی دەکات، وادەکات پیاو زوو لە سێکسکردن تەواو ببێ و دابمرکێتەوە.

### هۆکارەکانی تەواوبوونی پێشوەخت

1- لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هۆکارێکی روونی نییە.
2- لە سەرەتای پێگەیشتن بڵاوە، لەگەڵ زیادبوونی تەمەن و پەیداکردنی ئەزموون، پیاوان فێردەبن ئۆرگازم دوابخەن.
3- سێکسکردن بۆ یەکەمجار لەگەڵ کەسێک ئەگەری حاڵەتەکە زیاتر دەکات.
4 - حاڵەتە دەروونییەکانی وەک دڵەڕاوکێ و خەمۆکی زیاتری دەکەن.
5- هەندێکجاریش لە ئەنجامی گرفتی هۆرمۆنی یان لێکەوتەی نەخوازراوی هەندێک دەرمان روودەدات.

### نیشانەکانی

نیشانەی سەرەکی خۆبەخۆ فڕێدانی ئاوە بێئەوەی کەسەکە خوازیاربێ. حاڵەتەکە بە کەمترین وروژانی سێکسی و لەوانەیە بەر لە دەستکردن بە سێکس یان ماوەیەکی زۆر کورت دوای ئەوە رووبدات.

### دەستنیشانکردن

لە رێگەی پرسیاری رووبەڕوو، پشکنینی جەستە و پشکنینی تاقیگەییەوە پزیشک لە هۆکاری پشت حاڵەتەکە لە هەر کەسێکدا دەکۆڵێتەوە.

### چارەسەر چییە؟

- لە بەشێکی زۆری حاڵەتەکاندا لەگەڵ چوونەسەری تەمەن و کەڵەکەبوونی ئەزموون، بەرەو باشبوون دەچێت و پێویست بە چارەسەری تایبەت ناکات.
- یۆگا و تەکنیکە هاوشێوەکانی بۆ بەشێکی تووشبووان کاریگەریی ئەرێنی هەیە.
- هەندێک تەکنیکی دەروونیش هەن بۆ دوورخستنەوەی سەرنجی کەسەکە لە خەمی زوو گەیشتنە ئۆرگازم.
- پشوودانی کورت، بەشێوەیەک کە کاتێک کەسەکە هەست بکات خەریکە دەگاتە ئۆرگازم، چەند چرکەیەک دەوەستێت و دەستپێدەکاتەوە.
- دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و خواردنەوە کحولییەکان و دەرمانە هۆشبەرەکان، حاڵەتەکە بەرەو باشبوون دەبەن.
- ئەگەر هەموو ئەوانە ناکارا بوون، هەندێک دەرمانی دژەخەمۆکی بە کەسەکە دەدرێن، ئەویش چونکە یەکێک لە لێکەوتە نەخوازراوەکانیان رێگەگرتنە لە ئۆرگازم، کە لەم بارەدا خوازراو دەبێ.
- جگە لەوانە کرێم و جێڵ و بەرهەمی دیکە هەن کە لە رێگەی سڕکردنی چووکەوە ئۆرگازم دوادەخەن.



# ئەمریکا سیستەمە مووشەکییەکانی لە ناوەڕاست دەکێشێتەوە


وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کار بۆ دەستکەوتنی سیستمی مووشەکی دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

زۆربەی شارەزایان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەرەو لاوازی دەچێ و هاوکاتیش ڕووسیا شوێنی خۆی لەناوچەکەدا بەهێزتر دەکات. فۆکەسی ئەم لێکدانەوەیە زیاتر لەسەر هاوسەنگیی دەسەڵاتی زلهێزە جیهانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، بەڵام ئەوەی بەدەگمەن باسی کراوە، ئەوەیە پاشەکشەی ئەمریکا لەناوچەکە دەتوانێ زلهێزی ناوچەیی دروستبکات کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نێوخۆییەکانی خۆیان سیاسەتی بەرگری و ئەمنیی خۆیان دابڕێژن. بەرنامەی مووشەکیی پێشکەوتووش یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەبێ.

هەفتەی ڕابردوو، ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی لە زاری گەورە بەرپرسانی پێنتاگۆنەوە ئاشکرای کرد کە ئەمریکا بەنیازە چوار سیستەمی مووشەکی لە ئوردن، کوەیت و بەحرەین بکشێنێتەوە، لە کاتێکدا فۆکەسی وەزارەتی بەرگریی واشنتن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بۆ هەڕەشەکانی ڕووسیا و چین گۆڕاوە. ئەم هەنگاوە کە مانگی داهاتوو جێبەجێ دەکرێ، قەڵغانی بەرگریی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە لاوازتر دەکات.

ساڵانێکە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە کەنداو و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ زامنکردنی ئاسایشی خۆیان پشت بەو سیستەمانە دەبەستن، بەتایبەتیش بۆ ڕێگەگرتن یان وەڵامدانەوەی ئەو هەڕەشانەی ئێران لەسەر ئەو وڵاتانە دروستی دەکات. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، جەیمز ماتیس چەند مانگێک دوای دەستبەکاربوونی وەکو وەزیری بەرگری، داوای لە فەرماندەیی ناوەندی کردبوو ژمارەی سەرباز و بنکە و تەکنۆلۆژیای سەربازیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەم بکرێتەوە، ئەو هێزانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی ڕووسیا و چین بەکاربهێنرێن. بەشێک لەو گۆڕانکارییە بۆ تێکشکانی داعش و نەمانی مەترسیی ئەو ڕێکخراوە لەسەر ناوچەکە و وڵاتانی دیکەی جیهان دەگەڕێتەوە.

بیلال سەعب، لێکۆڵەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن (MEI)، پێیوایە گەورەترین کاریگەری ئەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییە لە ناوچەکە دروستبوونی زلهێزی لۆکاڵییە کە لە دەرەوەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا سیاسەتی بەرگریی خۆیان دادەڕێژن لە کاتێکدا وڵاتانی ناوچەکە لەوە بێ هیوا بوون ئەمریکا بتوانێ ڕێگە لە پەرەسەندنی سیستەمی مووشەکیی بالستیکیی ئێران بگرێ یان بەرەنگاری هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی بنکەی سەربازی و مووشەکیی لە سووریا ببێتەوە.

مانگی ڕابردوو، ئاڤیگدۆر لیبەرمان، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بەنیازە سیستەمێکی نوێی مووشەکی دروستبکات کە توانای ئەوەی هەبێ لە کاتی پێویستدا هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بپێکێ. حکومەتی تەلەڤیف دەستی بە دروستکردنی ئەو سیستەمە کردووە و بەشێکیشی لەدوایین قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندندایە. ئیسرائیل بە حوکمی ئەوەی لەڕووی جوگرافییەوە بچووکە و لەلایەن دراوسێ عەرەبەکانییەوە گەمارۆ دراوە، ناچارە بۆ بەرگری لە خۆی پشت بە هێزی ئاسمانی، مووشەکی و چەکی سایبیری ببەستێ.

بەڵام ئیسرائیل لەم هەنگاوەدا تەنیا نییە، بەڵکو وڵاتانی نیمچەدوورگەی عەرەبیش بەرەبەرە بیر لە سیستەمی مووشەکی دەکەنەوە، هەرچەندە

> **کێبڕکێی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەسەر سیستەمی مووشەکی دەبێ**
>
> تەیژەرێک

# ڕووسیا بە سیستمی دژەفڕۆکە ئاسمانی سووریا زامن دەکات




سیستەمی دژەفڕۆکەی ئێس 300 دەتوانێ ڕوومالّی هەموو ئاسمانی سووریا بکات

**ڕووداو- هەولێر**

ڕووسیا لە حەوت ساڵی ڕابردووی شەڕی نێوخۆی سووریادا پەیوەندی و هاوکاریی نزیکی لەگەڵ ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان هەبووە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەش توانیبووی پەرە بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل بدات، بەڵام کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی ڕووسی و جێگیرکردنی سیستەمی دژەفڕۆکەی ڕووسی لە سووریا دەشێ گۆڕانکاریی گەورە لە پەیوەندییەکانی تەلەڤیف و مۆسکۆ و هاوکێشە نێوخۆیی و ناوچەییەکانی شەڕی نێوخۆی سووریادا دروستبکات.

هەفتەی ڕابردوو، بەرپرسانی سەربازیی مۆسکۆ ڕایانگەیاند کە سیستەمی دژەفڕۆکەی ئێس 300 لە سووریا دادەنێن، ئەم سیستەمە دەبێتە بەشێک لە تۆڕی بەرگریی ئاسمانیی سووریا. هەرچەند حکومەتی ڕووسیا جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیستەمەکە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریادا دەبێ، بەڵام شارەزایان پێیانوایە هەر لەژێر چاودێریی ڕووسەکاندا دەبێ.

ئەو هەنگاوەی ڕووسیا دوای ئەوە هات کە فڕۆکەیەکی سیخوڕیی ڕووسیا بە 15 سەرنشینەوە بەهۆی مووشەکێکی سوورییەوە خرایە خوارەوە. هێزی ئاسمانیی ڕووسیا فڕۆکەی جەنگیی ئیسرائیلی بە سەبەبکاری ئەو ڕووداوە دەزانێ، لەبەر ئەوەی فڕۆکە ئیسرائیلییەکە خۆی لە پشت فڕۆکە ڕووسییەکە شاردبووەوە. ئیسرائیلییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە فڕۆکەکانی ئیسرائیل گەڕابوونەوە بۆ سنووری ئاسمانیی ئیسرائیل کاتێک مووشەکەکەی سووریا فڕۆکە ڕووسییەکەی کردە ئامانج.

ڕووسیا ڕایگەیاندووە کە سیستەمەکە لە ماوەی دوو هەفتەدا دادەنرێ و دەکەوێتە کار، ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوە نەک هەر ئیسرائیلییەکان، بەڵکو تورکیا و هەموو ئەندامانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیش ناچار دەبن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆیان لە سووریا دانوستاندن لەگەڵ ڕووسیا بکەن، ئەگینا ڕووبەڕووی مەترسیی گەورەی پێکدادان لەگەڵ دووەم گەورەترین هێزی سەربازیی جیهان دەبنەوە.

وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا ڕایگەیاندووە کە پلانی پاراستنی سنووری ئاسمانیی سووریا بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێ. قۆناغی یەکەمی جێگیرکردنی سیستەمی ئێس 300 ـە. قۆناغی دووەم پەرەپێدانی کۆی تۆڕی بەرگریی ئاسمانیی سووریا دەبێ، بۆ ئەوەی وردتر لە جاران ئامانجەکان دیاری بکات و بیانپێکێت. بەڵام قۆناغی سێیەم کە ئیسرائیلییەکانی نیگەران کردووە، بریتییە لە بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ بەرپەرچدانەوەی فڕۆکە دژە ڕادارەکان کە ئیسرائیل بەکاریاندەهێنێ.

پلانی جێگیرکردنی ئەو سیستەمە دژەفڕۆکەیە شتێکی نوێ نییە، بەڵکو لە ساڵی 2013ش ڕووسیا بیری لە فرۆشتنی سیستەمەکە بە سووریا کردەوە، ئەو کات ئیسرائیل داوای لە لایەنی ڕووسی کرد بۆ پاراستنی "سەقامگیریی ئەمنیی ناوچەکە" پلانەکە بوەستێنن. بەڵام ڕووداوەکەی 17ی ئەیلول لە نزیک بنکەی ئاسمانیی حمێمیم لە سووریا هاوکێشەکانی گۆڕی.

ئیسرائیل لە 18 مانگی ڕابردوودا 200 هێرشی ئاسمانیی لە سووریا کردووە، هەموو هێرشەکان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ڕووسیا بوون و ئامانجیشیان لێدان لە بنکە و کاروانی چەکی حیزبوڵڵای لوبنان و ئێران بووە. ئەو هاوئاهەنگییە سەربازییە لەسەر بنەمای پەیوەندیی دۆستانەی ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا و بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بووە. شارەزایان پێیانوایە دوای ڕووداوەکانی حمێمیم ئیسرائیل پێویستی بە ڕێککەوتنێکی دیکەیە کە تەنیا لەسەر نیازپاکیی پوتین نەوەستابێ.

ئالۆن لیل، بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل، لە دیمانەیەکی ماڵپەڕی (کریسچن ساینس مۆنیتەر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئەم سیستەمە دژەفڕۆکەیە یاساکانی یارییەکە دەگۆڕێ، چیدی ناتوانین بەو متمانەیەی جارانەوە هێرش بکەینە سەر سووریا و کارئاسانییەکی زۆر بۆ ئێرانییەکان دەکات. ئیسرائیل پێویستی بە ڕووسیایە و خۆی تووشی مەترسی شەڕ لەگەڵ ئەو وڵاتە ناکات".

ئەو سیستەمەی کە ڕووسیا بەنیازە لە سووریا جێگیری بکات لە دوایین ڤێرژنەکانی سیستەمی ئێس 300 ـە کە لە چەندین دەیەی ڕابردوودا قۆناغ بە قۆناغ پەرەی پێدراوە و لە سیستەمی بەرگریی ئەمریکادا هیچ هاوشێوەیەکی نییە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا پێویستی بە سیستەمێکی لەو شێوەیە نەبووە کە بەرگری لە سنوورە ئاسمانییەکانی بکات. ئەم سیستەمە ڕووماڵی هەموو سنووری ئاسمانیی سووریا دەکات.

حکومەتی ڕووسیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئامانج لە ناردنی ئەو سیستەمە بەرگرییە ئاسمانییە پاراستنی هێزەکانیەتی لە خاکی سووریادا، پوتین هەمان پەیامی بە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕاگەیاندووە. ئیسرائیل ڕۆڵێکی سەرەکی لە جێبەجێبوونی خەونی ڕووسیا بۆ قایمکردنی شوێن پێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە.

بەرپرسان و شارەزایانی سەربازیی ئیسرائیل دەڵێن وڵاتەکەیان ساڵانێکی زۆرە خۆی بۆ ئەو سیستەمە دژەفڕۆکەیە ئامادە دەکات، بۆیەش ناتوانێ بەربەستێکی گەورە بۆ چالاکییەکانی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل لە سووریا دروستبکات، بەم حاڵەشەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە میکانیزمی نوێی پەیوەندیی لە نێوان هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل و سوپای ڕووسیادا دروست بکرێ.

سەرەڕای بڕیارەکەی هەفتەی ڕابردووی وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا، حکومەتی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە واز لە هێرشکردنە سەر بنکە سەربازیی و مووشەکییەکانی ئێران و حیزبوڵڵا لە سووریا ناهێنێ، بە تایبەتیش کە ئیسرائیل فڕۆکەی ئێف 35ی هەیە، کە سیستەمێکی دژەڕاداری یەکجار ئاڵۆزی هەیە.

ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی پێیوایە هەنگاوەکەی ڕووسیا نەک هەر ناتوانێ گیانی کادر و ڕاوێژکارە ڕووسییەکان بپارێزێ، بەڵکو بە تێکەڵکردنی ستافی ڕووسی و سووری دەتوانێ ئەو مەترسییە زیاتر بکات، لە کاتێکدا ئیسرائیلییەکان سوورن لەسەر لێدانی هەر سیستەمێکی مووشەکی کە فڕۆکەکانی بکەنە ئامانج. جیا لەمە فڕۆکە ئیسرائیلییەکان دەتوانن باترییەکانی ئەو سیستەمە لەکار بخەن و بەمەش ناوبانگی سیستەمی ئێس 300 بخەنە ژێر گومانەوە، لە کاتێکدا ڕووسیا بۆ فرۆشتنی ئەم سیستەمە و سیستەمە هاوشێوەکانی گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەک وڵات واژۆکردووە.

سیستەمی دژەفڕۆکەی ئێس 300 تاوەکو ئێستا لە شەڕدا تاقی نەکراوەتەوە، بۆیەش شارەزایان پێیانوایە ئەگەر ڕووسیا بیەوێ لە ڕێگەی ئەو سیستەمەوە ئیسرائیل و هێزەکانی دیکەی بەشدار لە شەڕی نێوخۆی سووریا بهێنێتە سەر مێزی دیالۆگ، ئەوە گرەوێکی گەورەی کردووە کە ئاکامەکەی دیار نییە و تاقیکردنەوەکەشی دەشێت ئاکامی کارەساتباری بۆ سووریا و هەموو ناوچەکە بەدواوە بێ.

# ـە ڕۆژهەڵاتی

تاوەکو ئێستا بە کردەوە هەنگاویان بۆ نەناوە. سەعب لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ فەرماندە و بەرپرسە سەربازییەکانی کەنداو قسەی کردووە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە هەوڵەکان بۆ ڕێگری لە پەرەسەندنی سیستەمی مووشەکیی ئێران شکستیان هێناوە، بۆیە پێویستیان بە هێز و چەکی فرەجۆرە بۆ ئەوەی بەرپەرچی هەڕەشەکان بدەنەوە. هەندێک لە بەرپرسانی سەربازیی وڵاتانی عەرەبی بە دووری نازانن لە داهاتوودا وڵاتەکانیان بیر لە دروستکردنی سیستەمی مووشەکی بکەنەوە.

تاوەکو ئێستا ئەمریکا هۆکاری سەرەکی بووە کە وڵاتانی عەرەبی دەستیان بۆ کڕینی سیستەمی مووشەکی باڵستیک نەبردووە، ململانێی سیستەمی مووشەکی مەترسیی گەورە لەسەر وجوودی هێز و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروستدەکات و تەنانەت ئەگەری جەنگی ڕووسیا و ئەمریکا دەهێنێتە ئاراوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، ئەمریکا دوو سیستەمی مووشەکی لە کوەیت، یەک سیستەم لە ئوردن و یەکێکی دیکەش لە بەحرەین دەکشێنێتەوە. ئەو سیستەمە بە پاتریۆت ناسراوە کە سیستەمێکی جووڵاوە و توانای خستنەخوارەوەی مووشک و فڕۆکەی هەیە و لەکاتی پێویستدا بۆ هێرشی مووشەکیش بەکاردەهێنرێ. هەرچەندە ژمارەیەک پاتریۆتی دیکە لە ناوچەکەدا دەمێننەوە، بەڵام بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا بە ڕۆژنامەکەیان ڕاگەیاندووە کە کشاندنەوەی ئەو چوار پاتریۆتە گۆڕانکارییەکی گەورەیە.

سعودیە و ئیمارات دوو لەو وڵاتانەن کە بەهۆی پەیوەندیی ئاڵۆزیان لەگەڵ ئێران بیر لە دامەزراندنی سیستەمی مووشەکیی باڵستیک دەکەنەوە، بەتایبەتیش ئەو جۆرە لە سیستەم کە بۆ هێرشکردن بەکاردەهێنرێ. ئەمریکا، ڕووسیا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی ناتوانن ئەو سیستەمە بەو دوو وڵاتە بفرۆشن لەبەر ئەوەی پەیماننامەی کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیای مووشەکییان واژۆ کردووە، بۆیەش چین و پاکستان دەتوانن فرۆشیاری سەرەکیی ئەو چەکانە بە کەنداو بن.

هەڵبەت سعودیە ئێستا کۆمەڵێک مووشەکی باڵستیکی چینی هەیە و لە ساڵی 2014شدا بەشێک لەو چەکانەی نمایش کرد، بەشێک لەو هەنگاوە بۆ ئەوەیە پەیامێک بۆ ئێران بنێرێ و بەشێکیشی پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە ئیدارەی پێشووی ئەمریکا تێبگات لەوەی سعودیە بیر لەوە دەکاتەوە خۆی ئاسایشی خۆی زامن بکات.

ساڵانێکە وڵاتانی کەنداو چەکی پێشکەوتوو لە ئەمریکا دەکڕنەوە، وەبەرهێنانی گەورەشیان لە سیستەمی دژەمووشەکی ئەمریکیدا کردووە، بەڵام تێکچوونی دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و فراوانبوونی بازنەی دەسەڵاتی ئێران لە ئەفغانستانەوە بۆ دەریای نێوەڕاست و دەریای سوور، ئەو وڵاتانەی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی سیستەمی بەرگری بە تەنیا بەس نییە و پێویستیان بە سیستەمی هێرشبەریشە.

مووشەکی باڵستیک توانایەکی لەڕادەبەدەری تێکدانی سەقامگیری هەیە، لەبەر ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو جۆرە چەکە پێویستی بە میکانیزم و تەکنەلۆژیایەکی ئاڵۆزە، جگە لەمە توانای وێرانکارییەکەی و خێرایی جووڵەکەشی یەکجار زۆرە.

بیلال سەعب جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو ململانێی سیستەمی مووشەکیی باڵستیکی هەنگاو دەنێ "ئەمریکاش تاکە ئەکتەرە کە بتوانێ ڕێگەی لێبگرێ یان هەر هیچ نەبێ جڵەوی بکات، بەڵام وادیارە ئەمریکا ماوەیەکی زۆرە ماڵئاوایی لە ناوچەکە کردووە".

## دەیانەوێ ئێران لە ڕێککەوتنەکەدا بهێڵنەوە

# ئەورووپا بە هیوای ڕۆیشتنی ترەمپە

**رووداو – هەولێر**



ئاماژەکان دەڵێن ئەستەمە یەکێتیی ئەورووپا بتوانێ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بپارێزێ

لە دوای دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی پێنج کۆ یەک لەگەڵ ئێران، سیاسەتکاران و کۆمپانیا ئەورووپییەکان بەدوو ئاراستەی جیاواز بیر لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران دەکەنەوە. حکومەتەکان خوازیاری بەردەوامبوونی پەیوەندیی بازرگانین لەگەڵ تاران تاوەکو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بپارێزن، بەڵام سەرۆک کۆمپانیاکان بیر لە هەڕەشەی سزاکانی ئەمریکا دەکەنەوە، لە کاتێکدا حکومەتی وڵاتەکانیان ئامادەنین قەرەبووی ئەو زیانە بکەنەوە کە بەر کۆمپانیا ئەورووپییەکان دەکەوێ. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دیپلۆماتەکانی ئەورووپا چاویان لە هیندستان، چین و تورکیا بێ، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بە زیندوویی ڕابگرن.

مانگی ئاباری ئەمساڵ، کۆشکی سپی بە فەرمی لە ڕێککەوتنەکەی 2015ی ڤیەننا لە نێوان ئێران و کۆمەڵی 5+1 کشایەوە، لەو کاتیشەوە ئێرانییەکان هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر مانەوە لە ڕێککەوتنەکە قازانجی دارایی بۆ تاران پێوە نەبێ، ئەوە تاران دەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی دەکاتەوە، تەنانەت هەڕەشەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئاستێکدا دەکەن کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا قەدەغەی دەکات.

بەرپرسانی ئەورووپی کە قسەیان بۆ ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کاریگەریی هەنگاوەکانی ئەورووپا بۆ ڕاگرتنی ڕێککەوتنەکە یەکجار لاوازن، یەکێک لەو بژارانەش کە بیری لێدەکەنەوە ئەوەیە تاوەکو کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە 2020 ئێران لە ڕێککەوتنەکەدا بهێڵنەوە، چونکە ئەو کات چانسی ئەوە هەیە سەرۆکێکی نوێ لە ئەمریکا بێتە سەر حوکم و گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ئێران و ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکات.

دیپلۆماتێکی باڵای ئەورووپی ڕایگەیاندووە: "دەزانین کاریگەرییە ئابوورییەکانی هەوڵەکانی ئێمە کەم دەبێ، بەڵام پەیامە سیاسییەکە گرنگە. ئێمە کات دەکڕینەوە، هیواداریین هەوڵەکانی ئێمە ئێرانییەکان قایل بکات کە بڕیاری شێتانە نەدەن". تاوەکو ئێستاش ئێرانییەکان وا ڕادەگەیێنن کە وڵاتەکەیان پابەندی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەیە، بەڵام لاوازبوونی زیاتری ئابووریی ئێران و ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران لەدوای مانگی تشرینی دووەم، دەشێ هاوکێشەکانی نێوخۆی ئێران بگۆڕێ.

پێش مانگی ئایار 67 کۆمپانیا لە 500 کۆمپانیا هەرە گەورەکەی جیهان لە ئێران چالاکییان هەبوو، لە چوار مانگی یەکەمی دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە، نزیکەی نیوەی ئەو کۆمپانیایانە کشاونەتەوە کە بەشی زۆریان ئەورووپین. لە نێوان مانگی ئایار تاوەکو ئابی ئەمساڵ هەناردەی نەوتی ئێران بۆ ئەورووپا 30٪ کەمی کردووە، لە هەمان ماوەش فرۆشی نەوتی ئێران بە چین 21٪ دابەزیوە. لەلایەکی دیکەوە نیوەی ئەو کۆمپانیا هیندییانەی نەوتی ئێران دەکڕنەوە سەر بە کەرتی تایبەتن و ڕایانگەیاندووە ئەگەر ئەمریکا وەکو حاڵەتی تایبەت سەیری هیندستان نەکات، ئەوانیش دەکشێنەوە.

وەکو ڕێکارێکی کاتی بۆ ڕاگرتنی ئێران لە ڕێککەوتنەکەدا، هەفتەی ڕابردوو یەکێتیی ئەورووپا، چین، ڕووسیا و ئێران پلانێکیان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی کاریگەریی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەسەر کۆمپانیاکان و کڕیاری کاڵای ئێران کەمبکەنەوە. ڕێکارەکە کە لە پەراوێزی کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیەندرا، بە "ئامرازی ئامانجی تایبەت" ناوی دەکردووە و بە گوتەی فیدریکا مۆگێرینی، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا، ئەم ڕێکارە کارئاسانی دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی پارە لە مامەڵە بازرگانییەکانی هاوردە و هەناردەی ئێراندا، مۆگێرینی جەختی لەوەش کردووە کە ئەو ڕێکارە کۆمپانیاکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپاش دەگرێتەوە.

یەکێک لە هەنگاوانەی لە چوارچێوەی ڕێکارەکەدا بیری لێکراوەتەوە ئەوەیە پشت بە مامەڵەی بازرگانی "کاڵا بەرامبەر کاڵا" ببەسترێ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە هیچ پارەیەک لە ڕێگەی سیستەمی بانکی پەیوەندیدار بە بانکەکانی ئەمریکاوە نەگوازرێتەوە. ڕیچارد نێفیو، بەرپرسێکی باڵای ئیدارەی پێشووی ئەمریکا، لە تویتێکدا هۆشداری داوە ئەو کۆمپانیا ئەورووپی و نائەورووپییانەی لەگەڵ ئێران مامەڵە دەکەن دەبێ ئاگایان لەوە بێ کە ئەمریکا دەتوانێ سزا لەسەر مامەڵەی "کاڵا بەرامبەر کاڵا"ش دابنێ. نێفیو ماوەی پێنج ساڵ لە بەشی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و کۆمەڵکوژی وەزارەتی دەرەوە کاری کردووە و دەستی باڵای لە سزا ئەتۆمییەکانی ئیدارەی ئۆباما لەسەر ئێران هەبووە.

لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ هەموو کۆمپانیا و بزنسمانەکانی جیهان لەگەڵ دوو بژارەدا بەرەوڕوو دەبنەوە، یەکەمیان مامەڵەکردنە لەگەڵ ئابوورییەکی 400 ملیار دۆلاریی ئێران و بژارەی دووەمیش پاراستنی پەیوەندییە بازرگانییەکانە لەگەڵ ئابووریی ئەمریکا کە قەبارەکەی زیاتر لە 20 تریلیۆن دۆلارە.

ماسیو کرۆنیگ، شارەزای کاروباری سزاکان لە زانکۆی جۆرجتاون و بەرپرسی پێشووی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، لەمبارەیەوە بە (فۆرین پۆلسی) ڕاگەیاند "دەتوانم بڵێم ئەمە وەکو ئەوەیە یەک بژارەت لەبەردەست بێ و تەواو. ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە مردووە. ئەورووپییەکان لە وەهمدا دەژین ئەگەر پێیانوابێ دەتوانن ڕێککەوتنەکە بپارێزن".

بە دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا، سەنگی ڕێککەوتنەکە بۆ جێبەجێکردنی لەلایەن ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمییەوە کەمبووەتەوە، لەگەڵ تێپەڕینی کاتیش دەستی موحافزکارەکان و لایەنگرانی دەستپێکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکە بەهێزتر دەبێ، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵەوە دەستکەوتێکی ئابووریی ئەوتۆی بۆ ئێران پێوە نابێ.

دەیڤید ئۆڵبرایت، شارەزای کاروباری ئەتۆمی و سەرۆکی پەیمانگای زانست و ئاسایشی نێودەوڵەتی، پێیوایە "ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە ئەورووپییەکان خۆیان دەسەڵاتی ئەوەیان نەبێ ئێران ناچار بکەن بە تەواوەتی پابەندی ڕێککەوتنەکە بێ. بۆیەش ڕەنگە ئێرانییەکان لە پەراوێزدا خەریکی پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە بن. ئەورووپییەکان دەیانەوێ ڕێککەوتنەکە بپارێزن، بەڵام بە ئێرانیشیان گوتووە کە ئەگەر ڕێککەوتنەکە پێشێل بکەن ئەوە سزاکانی یەکێتیی ئەورووپا دەگەڕێنەوە".

ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران یەکێک لەو دەگمەن خاڵانەیە کە یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ چین و ڕووسیا لەسەری هاوڕان، لە کاتێکدا هەر سێ لایەن پێیانوایە پەراوێزخستنی ئێران ناتوانێ کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام زۆربەی شارەزایان پێیانوایە سێ زلهێزەکە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ کاتیان بەدەستەوە ماوە و ئاماژەکان باس لەوە دەکەن ئەستەمە هەوڵەکانی ئەورووپا بتوانێ ڕێککەوتنەکە بپارێزێ.



## زۆربەی پڕۆژە بازرگانییەکانی ڕاگرتوون

# بن سەلمان پەڕوباڵی خێزانی بن لادن دەکات

**رووداو- هەولێر**

لە چەند دەیەی ڕابردوودا، خێزانی بن لادن یەکێک لە بەهێزترین خێزانە سەرمایەدارەکانی سعودیە بوون، بەجۆرێک گەشەکردنی ژێرخانی شارە گەورەکانی سعودیە بە پڕۆژەکانی ئەم خێزانەوە گرێدراون، بەڵام لەگەڵ زۆربوونی دەسەڵاتی محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشین، دەسەڵات و کاریگەریی خێزانی بن لادن ڕووی لە کزی کرد.

ساڵی 2015، بن سەلمان پەیوەندی بە بەکر بن لادنەوە دەکات کە ئەوکات سەرۆکی کۆمپانیای زەبەلاحی بن لادن بوو. شەش کەس کە قسەیان بۆ ئاژانسی (ڕۆیتەرز) کردووە، دەڵێن بن سەلمان داوای لە بەکر کردبوو لە کۆمپانیاکەدا پشکی بدەنێ. خێزانی بن لادن هەمیشە گوێڕایەڵی خێزانی شاهانە بوون، بەڵام ئەمجارەیان بەکر داوای لە بن سەلمان کردبوو کاتی بداتێ، بۆ ئەوەی ڕاوێژ بە ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی بکات.

دوو ساڵ دوای ئەو ڕۆژە، پلەی محەممەد بن سەلمان بۆ شازادەی جێنشین بەرزبووەوە و پلانی چاکسازیی ئابووری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕاگەیاند، لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتەشدا زیاتر لە 200 شازادە، بەرپرسی پایەبەرز و بازرگانی سعودی دەستبەسەرکران کە لە نێویاندا سێ برای خێزانی بن لادن (بە ناوەکانی بەکر، سەعد و ساڵح) هەبوون. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕۆیتەرز، سێ براکە لە نیسانی ئەمساڵدا زیاتر لە 36٪ی پشکەکانی خۆیان لە کۆمپانیا خێزانییەکەیان بە حکومەت بەخشی، بەم حاڵەشەوە بەکر بن لادن هەر لە گرتووخانە ماوەتەوە.

ئاژانسە بەریتانییەکە لەگەڵ دەیان فەرمانبەر، کەسانی نزیک لە خێزانەکە، بەرپرسانی حکومەت و سەرۆک بانک و بازرگانی سعودی قسەی کردووە و هەموویان پێیانوایە ئاوابوونی ئەستێرەی بەختی خێزانی بن لادن لە دانوستاندنەکەی 2015ی نێوان بن سەلمان و بەکرەوە دەستیپێکرد.

بەهێزکردنی کەرتی تایبەت توخمێکی سەرەکیی پلانەکەی بن سەلمان پێکدەهێنێ کە بە ڕوئیای 2030 ناوی دەرکردووە، بەڵام بازرگانێکی سعودی پێیوایە چیرۆکی تەمومژاویی بن لادنەکان "ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی بزانین لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەتدا چی ڕوودەدات، ئەوەی هەیە شکانی متمانەیە لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا". بەڵام بەرپرسێکی باڵای حکومەتی ڕیاز ڕەتیدەکاتەوە بن سەلمان لە 2015دا بەدوای وەرگرتنی پشک لە کۆمپانیای بن لادنەوە بووبێ، بەڵکو ئامانجی ئەوە بووە ڕێ لە داڕووخانی دارایی کۆمپانیاکە بگرێ، چونکە لەو کاتەدا گروپی بن لادن بە دۆخێکی سەختدا تێدەپەڕی.

گروپی بن لادن کە بە ئیمپراتۆریەتی بن لادنیش ناسراوە، لە 1931ەوە بە هەوڵی بچووک دەستیپێکرد، بەڵام پەیوەندیی ئەو خێزانە لەگەڵ پاشا یەک لەدوای یەکەکانی سعودیە هۆکاری سەرکەوتنیان بووە. ئەوکات گرێبەستەکان بەشێوەیەکی نافەرمی ڕادەستی خێزانەکە دەکران. لە دوایین مانگەکانی ژیانی شا عەبدوڵڵا، پاشای پێشووی سعودیەدا، نرخی نەوت لەسەرووی 100 دۆلارەوە بۆ خوار 60 دۆلار دابەزی.

کاتێک شا سەلمان، پاشای ئێستای سعودیە، حوکمی سعودیەی وەرگرت، پڕۆژە زەبەلاحەکانی پاشای پێشوو وەکو بارێکی قورسیان لێهاتبوو، لەوانەش ناوچەی بازرگانیی ڕیاز، فڕۆکەخانەی جەددە و شاری ئابووریی سەر دەریای سوور. لەو کاتەدا شا سەلمان کوڕەکەی خۆی کرد بە وەلی وەلیعەهدی سعودیە و کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئابووری و بەرگریی سعودیەی دایە دەستی.

یەکەم هەنگاوی شازادەی جێنشین ئەوە بوو بە گرێبەستەکانی حکومەتدا بچێتەوە، بە تایبەتیش ئەو پڕۆژە زەبەلاحانەی گروپی بن لادن کاری لەسەر دەکردن. بە گوتەی حەوت سەرچاوەی ئاژانسە بەریتانییەکە، بن سەلمان داوای لە بن لادنەکان کردبوو پشکەکانی کۆمپانیاکەیان بفرۆشن، بەڵام خێزانەکە بەو داوایە قایل نەبوون، چونکە پشکەکانیان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و تێکچوونی دۆخی بازاڕەکانی سعودیە یەکجار هەرزان ببوون.

لە ئەیلولی 2015 و چەند ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی مەراسیمەکانی حەج، کرێنێکی زەبەلاحی کۆمپانیای بن لادن کەوت و لە ئاکامدا 107 کەس لە مزگەوتی گەورەی مەککە مردن. بەرپرسێکی باڵای کۆمپانیای بن لادن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕووداوەکەی مەککە بیانوویەکی بە حکومەت دا بۆ ئەوەی لەدژی گروپی بن لادن هەڵوێست وەربگرێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە پاش ئەو ڕووداوە، حکومەت پێدانی گرێبەستی بە گروپەکە ڕاگرت، گەشتی دەرەوەی وڵاتیشی لە کاربەدەستانی باڵای کۆمپانیاکە قەدەغە کرد، فەرمانیش بە وەزارەتی دارایی کرا بەهەموو گرێبەستەکانی کۆمپانیاکە لەگەڵ حکومەتدا بچێتەوە.

خێزانی بن لادن هەوڵێکی زۆریان دا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەت ئاسایی بکەنەوە، بۆ ئەمەش بەکر سەرۆکایەتی گروپەکەی ڕادەستی ساڵحی برای کرد، بەڵام حکومەت ئامادە نەبوو وەکو جاران پارەی پڕۆژەکان بدات، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بن لادنەکان چیدی نەتوانن هەقدەستی کرێکارەکان بدەن و لە ناوەڕاستی 2016 بەشێکی گەورەی پڕۆژەکانیان وەستاند.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە پێشتر لە پڕۆژەکانی بن لادندا کاری کردووە بە (ڕۆیتەرز) دەڵێ: "بەرپرسان و محەممەد بن سەلمان خێزانی بن لادنیان وەکو زەروویەک دەبینی کە خوێنی سعودیە هەڵدەمژن و لەبەرامبەریشدا هیچ بە سعودییەکان نادەن، ئەمەش وایکرد چیدی خۆیان پێ نەگیرێ".

لە شەوی چواری تشرینی دووەمی 2017، هێزە ئەمنییەکانی سعودیە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی بەکر لە جەددە، هەژماری بانکیی دەیان ئەندامی خێزانەکە سڕکران و ڕێگەی گەشتی دەرەوەی وڵاتیان لێگیرا، ئەو برایانەش کە لە دەرەوە بوون بانگی سعودیە کرانەوە. براکانی دیکەی بن لادن بۆ ماوەیەکی کورتتر لە هۆتێلی ڕیتز کارڵتن لە ڕیاز دەستبەسەر بوون، بەڵام بەکر ئەوە 10 مانگە لە حاڵەتی دەستبەسەریدا ماوەتەوە، بێ ئەوەی شوێنەکەی دیار بێ.

ئێستا حکومەت دەستی بەسەر موڵک و ماڵی براکانی بن لادندا گرتووە، لەوانەش ڤیلایەکی بەکر کە بەسەر دەریای سووردا دەڕوانێ، فڕۆکەی تایبەت، خشڵ و پارە و کۆلێکشنێکی 90 ملیۆن دۆلاریی ئۆتۆمبێلەکانی سەعد و کۆلێکشنی مازارێتییەکانی نەوافی کوڕی بەکر دەستیان بەسەردا گیرا. ساڵح لەگەڵ ژمارەیەک لە براکانی گەڕاونەتەوە جەددە و داوای هاوکاری لە بانکەکان دەکەن.

ئامانجی سەرەکی حکومەتی سعودیە دەستگرتن بوو بەسەر پشکەکانی ساڵح، بەکر و سەعد لە گروپی بن لادن کە 32.6٪ی پشکەکان پێکدەهێنێ و لە مانگی نیسانی ئەمساڵەوە ئەو پشکانە بۆ کۆمپانیایەک بەناوی ئیستیدامە گوازراونەتەوە.

خێزانی بن لادن، کە لە ساڵی 1920 لە یەمەنەوە هاتوونەتە سعودیە، 93 پڕۆژەیان لەبەردەستە و ڕێککەوتنیان لەگەڵ 1400 کۆمپانیای دیکەدا هەیە، بەڵام زۆربەی پڕۆژەکان و ڕێککەوتنەکانیان ڕاگیراون. ئێستا کۆمپانیاکە فۆکەسی خۆی خستووەتە سەر ناوچە بازرگانییەکەی سەر دەریای سوور کە گومان دەکرێ 500 ملیار دۆلار بودجەکەی بێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# سەرۆككۆمارێكی بەبارمتەگیراو

كاتێ ئەم وتارە بڵاو دەبێتەوە، تەنها 24 سەعات كات لەبەردەم كورد ماوە بۆ ئەوەی بەسەر ئەو پەرتەوازەییەی خۆیدا زاڵ بێت لە دیاریكردنی بەربژێرێك بۆ سەرۆكایەتی عێراق. بەڵام هیچ ئاماژەیەكی دڵخۆشكەر نییە هێزە سیاسییەكانی كوردستان لەناو خۆیاندا ڕێكبكەون بۆ ئەوەی دیمەنی یەكگرتوویی كورد بخەنە بەرچاوی دونیا، بەپێچەوانەوە چاوەڕوانی ئەوە دەكرێت لەسەر ڕێگەی چوون بەرەو كۆشكی كۆماری، كورد پەرتەوازەتر ببن.

كورد ئەمڕۆ لە هەمووكات زیاتر پێویستی بەوەیە پێگەی لە عێراق بەهێزبێتەوە. چونكە بەهێزبوونی پێگەی كورد نەك هەر بەتەنها پێویستیی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردە لە عێراق، بەڵكوو دەرفەتی هەستانەوەی كوردە لە پارچەكانی تری كوردستانیش كە ئێستا گلۆڵەی ئەوانیش ڕوو لە لێژییە. هەروەك ئەوەش حەقیقەتێكی چەسپاوە كە لاوازیی زیاتری كورد لەم بەشەی كوردستان، ئاو دەكاتە ئاشی هاڕینی بزووتنەوەی كوردایەتییەوە لە بەشەكانی تری كوردستان.

ڕێگەی بەهێزبوونەوەی كورد بۆ دۆخ و هەلومەرجێكی وەك دوای ڕووداوەكانی پارساڵ كە نیوەی جوگرافیای كوردستان كەوتەوە دەستی بەغدا، ڕووكردنە بەغدایە بەهێز و قورساییەكی زۆرەوە. تا كورد واتەنی شەڕ ببڕێتەوە شەڕگە و لەوێوە ململانێ لەگەڵ ئەو عەقڵیەتە شۆڤینی و ناوەندگەرایە بكرێت كە ئەگەر بواری بدرێتێ، دەرفەتی ژیان بۆ كورد لەم وڵاتە ناهێڵێتەوە. ئەوەی زەمینەی بەهێزبوونەوەی پێگەی كورد خۆش دەكات لە بەغدا، ئەو پشكانەیە كە وەك ئیستحقاقی نەتەوەیی لە پۆست و پلە باڵاكانی عێراق بەر كورد دەكەون.

كورد دەتوانێ ئەو پۆست و پلە باڵایانە بكات بە ئامرازی هەستانەوە و بۆ ئایندەیەكی دوورتریش زامنی بەهێز مانەوەی كورد بێت لە بەغدا. بەڵام مەرجی سەرەكی بۆ باش بەكاربردنیان ئەوەیە بە پلەی یەكەم كورد پێكەوە بێت و پاشان كەسانی شایستە و متمانەپێكراو دیاری بكرێن. ئەوەی ئێستا گرفت و لە هەمان كاتتدا مەترسیی گەورەیە، ئەوەیە كە كورد نەك پێكەوە نین، بەڵكوو بە ململانێیەكی توندەوە، بە پەرتەوازەیی دەچنە بەغدا.

سبەینێ بەپێی ئەو ڕێكارە دەستووریانەی بۆ دیاریكردنی سەرۆككۆمار پەیڕەو دەكرێن، دەبێ پەرلەمانی عێراق هەڵبژاردن بۆ سەرۆككۆمار بكات. ئەو پۆستەش وەك عورفێكی پەیڕەوكراو پشكی كوردە، پێویست وابوو هێزە كوردییە براوەكانی هەڵبژاردن، بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن و تەوافوقی نێوانیان، كەسێكیان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە بەربژێر بكردایە، تا ئەگەر كەسانێكی تریش لە دەرەوەی ڕێككەوتنی هێزە براوەكانی هەڵبژاردن خۆیان پاڵاوت، هێزە سیاسییەكان دڵنیایی ئەوەیان دەستەبەر كردبێت كە ئەو بەربژێرەی ئیجماعی لەسەرە، سەركەوتنی بۆ مسۆگەر بكەن. بەڵام ئێستا كورد هیچكام لەو دڵنیاییانەی دەستەبەر نەكردووە، بە شەش كاندیدەوە دەچێتە ناو پرۆسەیەكەوە و سەرجەمی كاندیداكانی دەكاتە بارمتەی بەردەستی هێز و كوتلە گەورە عەرەبییەكان. چونكە ئەو پەرتەوازەیی و ململانێیەی دروستبووە وادەكات پۆستەكە لە ئیستحقاقی نەتەوەیی كوردەوە بگۆڕێت بۆ خەڵاتی لایەنە عەرەبییەكان بۆ هەركام لەو كاندیدایانەی خۆیان بە پەسەندی دەزانن.

بەواتای ئەوەی ئەوە كورد نییە كارەكتەرێك دەستنیشان دەكات، بەڵكوو لایەنە عەرەبییەكانن كوردێك دیاری دەكەن بۆ سەرۆككۆمار. ئەمەش وادەكات باشترین كارەكتەری كورد بەلای كوردەوە نەتوانێ ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵكو باشترین كورد بەلای عەرەبەوە پۆستەكەی بەنسیب دەبێت و هەركەسێك بێ دەبێتە سەرۆككۆمارێكی بە بارمتەگیراو لە كۆشكی كۆماری. ئەمە سلبیەتێكی گەورەتریشی دەبێت كە بۆ داهاتوو نەك هەر ئەو كارەكتەرە سیاسیانەی خواستی وەرگرتنی پۆستیان هەیە لە بەغدا، تەنانەت حیزبە سیاسییە كوردییەكانیش دەكات بە حیزبی وابەستە و پاشكۆ بۆ كوتللە گەورەكانی ناو هێزە عەرەبییەكان. چونكە شەرعیەت دەدات بەوان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن كام حیزب و كام كەسایەتی كورد سەردەخەن.

نەدەبوو بەهیچ جۆرێك ڕێگە بدرێت ململانێكە بگاتە ئەو ئاستەی كە لەناو ماڵی خۆمان كێشەكەمان پێ چارە نەكرێت و بڕیارەكە بدەینە دەستی هێزە سیاسییەكانی عێراق كە بەدڵنیاییەوە ئاكامەكانی ئەوەندە مەترسیدار دەبن، بەشدارینەكردنی كورد لە پرۆسەی سیاسی باشتر دەبێ لەو شێوازە بۆ پڕكردنەوەی پۆستەكان. هێشتا درك بەوە ناكرێت پێگەی كورد چەند لاواز دەبێت و چوار ساڵی داهاتوو چەند كەمبایەخانە لەو پۆستانەی كورد دەڕوانرێت. خولی ڕابردوو تەنها بەهۆی ئەوەی بە نابەدڵی و لە سەفقەیەكی گوماناویی نێوان كوتلە كوردییەكاندا سەرۆككۆمارمان دیاری كرد، بینیمان لایەنە عەرەبییەكان بە چ چاوێك لێیان دەڕوانی.

لە دوای كشانەوەی ئەمریكاوە هەموومان ئەوە دەبینین كە ململانێكان لە عێراق بە چ ئاقارێكدا ڕۆیشتوون، هۆكارەكەشی لای هەمووان زانراوە كە پێكهاتەیەك دەیەوێ هەژموونی خۆی بەسەر عێراقدا بسەپێنێ، ئەو پرەنسیپانەی عێراقی لەسەر بینا كرا لە سازان و هاوبەشیی بەڕێوەبردنی وڵات، نەك هەر فەرامۆش كراون، بەڵكوو خراونەتە سەر ڕەفەی مێژوو. ئەوەی بۆ هەریەك لە پێكهاتەكانی تری كورد و سوننە ماوەتەوە دەستی پێوە بگرن، بەكاربردنی ئەو پشك و پۆستانەیە كە وەك ئیستحقاقێكی نەتەوەیی و مەزهەبی بەریانكەوتووە. بەڵام خەریكە بۆ هەریەك لە كورد و سوننە ئەمەش دەبێتە واقیعێكی تاڵ، كە ناكۆكییە ناوخۆییەكانیان وایكردووە بە لاوازییەوە بكەونە بەرپێی شیعە و شیعە وەك زۆرینەی پەرلەمانی بڕیار لە چارەنووسیان بدات. بێگومان ئەنجامەكەی ڕوونە كە لایەنی شیعیش بە چ مەرجێك و كێ زۆرتر سازشیان بۆ بكات ئەوەیان لاپەسەند دەبێت.

پۆستی سەرۆككۆمار سەرباری ئەوەی كراوە بە پۆستێكی ڕووكەش و دەسەڵاتەكانی تا ئەندازەیەكی زۆر كەمكراوەتەوە، بەڵام ئەگەر كارەكتەری دڵسۆز بە مەسەلەی كورد دیاری بكرێت و چاوی لە ئیمتیاز و پارەوپول نەبێ، دەتوانێ بۆ هەلومەرجێكی وەك ئێستا ڕۆڵی زیاتری هەبێت لەوەی لە دەستووردا بۆی دیاریكراوە. بە تایبەت كە چاوەڕوان دەكرێت كێشە و ململانێی ئەمریكا و ئێران قووڵتر ببنەوە، بەو هۆیەشەوە هەژموونی ئێران لەسەر بەغدا كەمتر دەبێتەوە و ئەمەش دەرفەت دەدات بە ڕاستكردنەوەی ئەو ناهاوسەنگییەی لە بەڕێوەبردنی عێراقدا دروست بووە.

بۆیە گرنگە كورد خۆی ئەو پۆستە یەكلابكاتەوە و وەك ڕیسكێك نەیخاتە ناو پەرلەمانی عێراقەوە كە زۆرینەی ڕەهای عەرەبن. لەم دۆخەدا پێویستمان بە سەربەخۆیی زیاتر هەیە تا نوێنەرەكانی كورد لە بەغدا لەژێر هەژموونی كەسدا نەبن و نوێنەری ڕاستەقینەی مەسەلەی كورد بن لە بەغدا. ئەوەش ڕوونە كە ئەگەر خۆمان نوێنەرەكان دیاری نەكەین و لایەنی بەرانبەر بڕیاری لێبدات، دەبێ دەست لەوە بشۆین كە چاوەڕوانی ئەنجامی باش بكەین. بە پێچەوانەوە دەبێ چاوەڕوانی مەترسی و لێكەوتەكانی بین لە ناوخۆی كوردستان كە هیچ بەدوور نازانرێ بەغداش ئەو ناكۆكی و ململانێ ناوخۆییە بقۆزێتەوە و پۆستی سەرۆككۆمار و دیاریكردنی بەو ئالیەتە بكاتە دەرفەت بۆ قووڵكردنەوەی كێشەكانی هەرێم و پۆستەكەش بخاتە خزمەتی لاوازكردنی پێگەی كوردەوە لە عێراق.



مامەند ڕۆژە
m.roje@rudaw.net

# كۆدەكانی دووجەمسەری

لەم هەڵبژاردنەدا بەشێوەیەكی ئەندازیاری بۆكراو، هەوڵی بەدووجەمسەركردنی پرۆسەی سیاسیی كوردستان دەدرێت. ئەم پرۆسەیە ئەوەندە زەقبووەتەوە كەوا بۆنی گوتاری سەردەمی جەنگی ناوخۆیشی لێدێت. ئەم دۆخە بە هەموو حسابێك پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی كوردستان بەسەر دوو جەمسەری سەرەكی سەوز و زەردا دابەش دەكات. ئەمە چ واتایەك هەڵدەگرێت؟ ئەو واتایە هەڵدەگرێ كەوا نیگەرانیی هەندێك لە هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆن بەڕاست وەردەگەڕێت: لە سیاسەتی دووجەمسەریدا دەنگدەرانی نەریتیی یەكێتی و پارتی زیندوو دەبنەوە و بەشێكیان كە بەسەر دەنگە خۆڵەمێشییەكاندا ڕۆكرابوون، دیسان بۆ مەرجەعی سەوز و زەرد دەگەڕێنەوە. لەمەدا تەنێ ئۆپۆزیسیۆن باریك هەڵدەگەڕێت.

سیاسەتی دووجەمسەرگیری زیاتر بەسوودی یەكێتی دەبێت. لەلایەكیش پارتی سوودی لێوەردەگرێت. ئەگەری هەیە ئەم بابەتەش یەكێك لە ئەندازیارییە سەركەوتووەكانی گەنجە بڕیاربەدەستەكانی ی.ن.ك بێت. ئەوان لەو ڕێسایە گەیشتوون كەوا چەندی لە پ.د.ك نزیك دەبنەوە، ئەوە ڕووبەڕووی تووڕەیی دەنگدەرانیان دەبنەوە. لەئەنجامدا بەشێكی زۆر لە دەنگەكانیان لەدەستدەدەن. ئەم دەنگانە لە هەڵبژاردنەكانی 2009 و 2013 بەشی زۆری بۆ بزووتنەوەی گۆڕان چووە. بەڵام هەركاتێك لەگەڵ پ.د.ك ڕووبەڕووی تەنگژە و بەریەككەوتن بوونەوە، ئەوە دەنگێكی زۆریان لێ خڕبووەتەوە. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەكانی 30ی نیسانی 2014دا، كاتێك سەمایەكی هاوبەش لەنێوان پارتی و گۆڕان هاتبووە كایەوە، یەكێتی هەستی بە مەترسی دەكرد و لەمەشدا بەتوندی لەڕووی پارتی و گۆڕان وەستایەوە. ئەمەش ڕێژەی دەنگەكانی یەكێتی هەڵكشاند. لەم هەڵبژاردنەدا دۆخێكی هاوشێوە هەستی پێدەكرا!

دەتوانین كۆدەكانی ئەم دووجەمسەرگیرییە لە گوفتاری سەركردە گەنجەكانی یەكێتیدا بخوێنینەوە. ئەوان لە سەردەمی گشتپرسی و 16ی ئۆكتۆبەریشدا بەردەوام جەختیان لەوە دەكردەوە كەوا تەرازووی هێز لە هەرێمی كوردستان بە زیانی یەكێتی تێكچووە و پێویستە هاوسەنگی بۆ هێزە سەرەكییەكان بگەڕێتەوە. بۆیە كاتێك لە جفرەكانی گوفتاریان ورد دەبینەوە، تێدەگەین: ئەوان لەوە نیگەران بوون گشتپرسی لەلایەك بەریەككەوتنی جددی لەنێوان یەكێتی — عێراق بهێنێتە كایەوە و لەمەشدا یەكێتی بەشێكی زۆر لە ناوچەكانی نفوزی لەدەستبدات. لەلایەكیش لەئەگەری سەركەوتنی پرۆژەی گشتپرسیدا پارتی جومگە ستراتیژییەكانی پرسی كورد مۆنۆپۆل بكات. بۆیە بەهەموو شێوەیەك لە هەوڵدابوون گشتپرسی دوابخرێ یاخود ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی قبوڵ بكرێت.

لەم سەردەمەشدا سەركردە گەنجەكانی یەكێتی، دەیانەوێ بە هێنانەوەی بەرهەم ئەحمەد ساڵح، تای تەرازووەكە بەسوودی یەكێتی بشكێننەوە. ئەوان دەیانەوێ بەم هەنگاوە لەسەر ئاستی عێراقیش وەكوو هێزێكی سەرەكی كوردستانی ڕۆڵیان لە داڕشتنی سیاسەتەكاندا هەبێت. بۆیە كاتێك جفرەكانی گوتاریان دەخوێنینەوە، دەزانین كەوا هەم و خەمیان ئەوەیە تای تەرازووی هێزەكان لە كوردستان ڕاست بكەنەوە. ئەوان هەموو ڕیزبەندییەكانی خۆیان بەپێی پارتی پێناسە دەكەن و هۆكاری نیگەرانییەكانی پارتیش لەمەدا خەوتووە. بۆیە ئەویتری پارتی ئێستا عێراقە و ئەویتری سەركردە گەنجەكانی یەكێتی لە حاڵی حازردا پارتییە.

پارتی كەوا سەرمەستی سەركەوتنی هەڵبژاردنەكانی 12ی ئایارە و بە یەكەمی كوردستان و یەكەم حیزبی عێراق دەرچووە، دەیەوێ بە هەر شێوەیەك بووە بەرهەمی ئەم سەركەوتنە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكانی هەرێمی كوردستاندا بچنێتەوە. بۆیە جەختی لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەكان دەكردەوە. لەلایەكیش لەوە نیگەرانە سەركردە گەنجەكانی یەكێتی بیانەوێ بەرەیەك لەدژی پارتی پێكەوەبنێن. ئەم فۆبیایە هەتا ئێستاش لای هەردوو هێزەكە هەیە. لای یەكێتی پارتی—فۆبیا هەیە و لای پارتیش یەكێتی—فۆبیا هەیە. بۆیە هەردوو هێزەكە متمانەیان بە یەكتری نییە و هەر جووڵەیەكی پێچەوانەی لایەكیان ئەولاكەیتر ڕادەچڵەكێنێ.

بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان دوودڵە و سەرباری ئەمەش بەشداریی هەڵبژاردنی كردووە. بەڵام گۆڕان لەوە نیگەرانە دیسان ڕووبەڕووی گێچەڵی گەورە ببێتەوە. ئەوان هەست بەوە دەكەن هەندێك هێزی دەرەكی دەیانەوێ لەسەر حسابی ئەوان یەكێتی بەهێز بكەن. یەكێتی كەوا بێ كەركووك، لە كوردستان دەست و بازووی لەدەست دەدا، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان دەترسێ مەبادا ڕووبەڕووی نوسخەی تازەی هەڵبژاردنەكانی 2009 و 2013 ببێتەوە. بۆیە بەپەلە لە هەوڵدایە بەرهەم ئەحمەد ساڵح بۆ ناو ڕیزەكانی بگێڕێتەوە. گۆڕانیش بۆ ڕاستكردنەوەی تای تەرازووەكەی 12ی ئایار، دەیەوێ بە مەیلنەرمی بەلای پارتیدا فشارێك بخاتە سەر یەكێتی. ڕاستییەكەشی یەكێتی لەوە دەترسێ دیسان لە كوردستان گۆڕان پلەی دووەم بەدەست بهێنێ، بۆیە نهێنی دژایەتییەكانی بۆ پارتی لەمەدا خۆی مەڵاسداوە.

هەرچی بەرەی بەرەو ئیسلاحە، بە نابەدڵی و بەئارامی پێشوازییان لە هەڵبژاردنەكان كرد. ئەوان، بەتایبەت یەكگرتوو باجی بەشداریكردن و پشتیوانیكردن لە حكومەتی هەرێمی كوردستان و گشتپرسی دەدەن. لەبەر ئەمە بەشێكی زۆر لە دەنگەكانی خۆیان لەدەستداوە. بەڵام كۆمەڵ دۆخێكی جیاوازتری هەیە و هەست بەوە دەكرێ تۆزێك دەنگ بەدەستبخات. كۆمەڵ كەوا گوتارێكی ڕادیكاڵی بەرامبەر بە حكومەت هەبووە، دەیەوێ بەری ئەم گوتارەی لە مەزرای سیاسەتدا بچنێتەوە.

هەندێك لە چاودێرانیش لەو بڕوایەدان كە نەوەی نوێ ڕێژەی دەنگەكانی بەرز دەكاتەوە. بەڵام هەندێكیش پێیانوایە ئەمە ڕوونادات و بگرە كەمیش دەكات. بەهەرحاڵ نەوەی نوێ لە دەنگەكانی گۆڕان دەبات. ئەگەری هەیە نەوەی نوێ بەهەردوو حاڵەتی ئەرێنی و نەرێنیش سەمەرە بخوڵقێنێ. بەڵام لە هەمووی ئاشكراتر ئەوەیە كەوا پارتی دەنگەكانی زیاد دەكات و ئەمەش لە مەزرای سیاسەتی كوردستاندا ڕەنگدەداتەوە.

ئاكام: ئەم هەڵبژاردنە لە ئەزموونی دیموكراتاندن و بەشداریی سیاسی هەرێمی كوردستاندا بە خاڵی وەرچەرخان دەناسرێت. گەلێك دیاردەی دڵخۆشكەر هەن كە وا دەردەخەن ئەم هەڵبژاردنە تارادەیەك تای تەرازووی هێزەكان دەگۆڕێت. لەوەش خراپتر سەردەمێكی دووجەمسەری بەڕێوەیە كەوا بە فاكتەری ناوچەیی بارگاوی دەكرێت. ئەمەش ئەگەری هەیە هەموو كایە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان لە بازنەی دووجەمسەری سەرەكیدا گل بداتەوە، ئەمەش ناوقەدی ئۆپۆزیسیۆن تەسك دەكاتەوە. لە حاڵێكدا هەرێمی كوردستان لە ڕۆژگارێكدایە كە پێویستی بە "یەكێتیی دژەكان" هەیە. تەنها سەركردەی گەورەش دەتوانێ لەم یەكێتی دژانە تێبگات و یەكیانبخات. واتە: هەرێمی كوردستان لەم ڕۆژگارەدا هەم دەسەڵاتێكی بەهێزی پێویستە و هەم ئۆپۆزیسیۆنێكی بەهێز. تەندروستیی پرۆسەی سیاسیش بەمەوە بەندە.



زوبێر ڕەسوڵ
biyar_zubir@yahoo.com

# پاڤڵ تاڵەبانی، كاراكتەرێكی تازەی گۆڕەپانی سیاسی

بە پێچەوانەی بەشێكی زۆری كاراكتەرە سەرەكییەكانی گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی كوردستان كە تەمەنی كاری سیاسییان نزیكەی نیو سەدە دەبێت، پاڤڵ تاڵەبانی تەمەنی سیاسی لە سێ مۆمەساڵ تێپەڕ ناكات، بەڵام لەم دوو ساڵەی دواییدا كاریگەرترین كاراكتەری گۆڕەپانی سیاسی بووە لە هەرێمی كوردستاندا. ئەم كاراكتەرە سیاسیە تازەیە ئەگەرچی هیچ پۆستێكی فەرمی نە لە حكومەت و نە لە حیزبیشدا هەیە، بەڵام بەهێزترین پیاوی پشت ڕووداوە گەورەكانی ئەم دوو ساڵەی دوایی بووە لە هەرێمی كوردستاندا. پاڤڵ ئەگەرچی لای زۆرینەی سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان كەسێكە هیچ حسابێكی سیاسی وای بۆ ناكرێت، بەڵام جووڵە و هەنگاوە سیاسییەكانی شتێكی ترمان پێدەڵێن كە ناكرێت نادیدەی بگرین. سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم كە ئامانجی ئەو نووسینە هەڵسەنگاندنی كارە سیاسییەكانی ئەو كاراكتەرە نییە كە ئایا هەنگاوی دروستن یاخود لە بەرژەوەندیی پرۆسەی سیاسین لە هەرێمی كوردستاندا، بەڵكو لەڕاستیدا ناساندنی كاراكتەرێكی تازە و گرنگی گۆڕەپانی سیاسییە كە لەتوانایدا هەیە هەر كاتێك ڕەوتی ڕووداوەكان بە ئاراستەیەكی تردا بگۆڕێت، ئاراستەیەك كە بە ئەستەم دەتوانرێت پێشبینی بكرێت.

پرۆسەی سیاسی لە كوردستان، یاخود ڕوونتر بڵێین ململانێی سیاسی لە هەرێمی كوردستان، ئەگەرچی لە چوارچێوەی چەند دامەزراوەیەكی بەناو "پارتی سیاسی" ئۆرگانیزە كراوە، بەڵام بەداخەوە چوارچێوەی ململانێكان قەت لە لایەن حیزب وەك دامەزراوەیەكی سیاسی ئیدارە نەدراون، بەڵكو هەمیشە لەلایەن كەسایەتیە سیاسییەكان و سەركردەی یەكەمی حیزبەكانەوە یەكلاكراونەتەوە. بۆیە بوونی كاراكتەرێكی سیاسیی كاریگەر لەسەر پرۆسەی سیاسی شتێكی تازە نییە، هەمیشە ئامادەیی هەبووە لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی كوردستاندا، بەڵام ئەوەی تازەیە ئەوەیە كە كەسایەتییەك نە كەسی یەكەمی حزبە و نە كەسی یەكەمی بنەماڵەیەكی سیاسیشە، بتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت لە سەركردایەتیكردنی پشتەوەی ڕووداوەكاندا، بەجۆرێك كە لە ماوەیەكی زۆر كورتدا بتوانێت چەند سەفقەیێكی سەخت و ئاڵۆزی سیاسی ئەنجام بدات و ئامانجەكەشی بپێكێت! لێرەدا هەوڵ دەدەم جووڵە سیاسییەكانی ئەم كاراكتەرە تازەیە لە سێ وێستگەی سەرەكیدا شرۆڤە بكەم!

## وێستگەی یەكەم

لە دوای نەخۆشكەوتنی مام جەلال یەكێتی بە قۆناغێكی زۆر سەختدا تێپەڕی، بەجۆرێك ئێستاشی لەگەڵدا بێت یەكێتی ئەو قۆناغەی بە تەواوی تێنەپەڕاندووە. بەڕای زۆر لە چاودێران پێشبینی نەدەكرا یەكێتی تا ئێستاش بتوانێت بەوشێوەیەی كە هەیە بمێنێتەوە و دواتریش لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە دوای پارتی زۆرینەی دەنگەكان بهێنێت. ئەو كاراكتەرە تازەیەی گۆڕەپانی سیاسی ڕۆڵێكی خەلاقی بینی لە دوورخستنەوەی هەموو ئەو كاراكتەرانەی تر جگە لە بنەماڵەی تاڵەبانی كە دەیانویست سەركردایەتی یەكێتی لە دوای تاڵەبانیی باوك بگرنە ئەستۆ، تا ئاستێك یەكێتی بە ڕۆیشتنی جێگری یەكەم و دووەمیش كێشەیەكی وای نەبێت. نەك ئەوە، بەڵكو ئێستا ئەگەر كۆنگرەش بكرێت هیچیان هێندەی بنەماڵەی تاڵەبانی دەنگ ناهێنن. پاڤڵ تاڵەبانی دەكرێت پشكی شێری بەربكەوێت لە هێشتنەوەی هەژموونی بنەماڵەی تاڵەبانی بەسەر یەكێتیدا، تا ئاستێك ڕۆیشتنی دكتۆر بەرهەم وەك چاوەڕوان دەكرا نەك نیوەی یەكێتی لەگەڵ خوێ نەبرد، بەڵكو خەڵكی تریشی بردەوە بۆ ناو یەكێتی.

## وێستگەی دووەم

سەفقەیەكی تری زۆر كاریگەر كە پاڤڵ تاڵەبانی توانی ڕۆڵی سەرەكیی تێدا هەبێت بریتی بوو لە بەلاڕێدابردنی پرۆژەی ریفراندۆم بە ئاراستەیەكی تەواو جیاواز لە مەبەستی ئەنجامدانی، تا ئاستێك كەس پێشبینی ئەوەی نەدەكرد پاڤڵ تاڵەبانی ئەو كەسە بێت كە بتوانێت ئەو سەفقە سیاسیە قورسە بكات. نەك تەنیا ئەوە، بەڵكو كاریگەری زۆریشی بەجێهێشت لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی كوردستان كە تا چەند ساڵێكی تریش نەك تەنیا لێكەوتە سیاسییەكانی، بەڵكو لێكەوتە ئابوورییەكانیشی دەمێنێتەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو كە جگە لە پارتی، هێزە ئۆپۆزسیۆنەكانی هەرێم كە هەمیشە تیریان لە سێبەری یەكێتی و پارتی دەكێشا، بۆ ئەم یاریەی پاڤڵ تاڵەبانی هیچ بەرسڤێكی وایان نەبوو، بەڵكو هەندێكیان بەپێچەوانەوە پارتییان زیاتر لە یەكێتی تاوانبار دەكرد لەو ڕووداوەدا. ڕاستە ئەمە بەشێكی زۆری پێوەندی بە كۆدی ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەكانەوە هەیە لە كوردستاندا، بەڵام لە هەمان كاتدا پێوەندی بە تەوقیت و ئاگایی ئەنجامدەرەكانیشیەوە هەیە، چونكە بە پێچەوانەی مەزەندەی زۆر لە چاودێران، نەك دەنگی یەكێتی كەمی نەكرد بەڵكو زیادیشی كرد و ئێستا یەكێتی لە چوار ساڵی ڕابردووی بەهێزترە.

## وێستگەی سێیەم

ئەو وێستگەیەی كە ڕۆڵێكی باڵای بینی لە هەڵكشانی پێگە و دەركەوتنی ئەستێرەی پاڤڵ تاڵەبانی چەند هەفتەیەك پێش هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان، بریتی بوو لە گەڕاندنەوەی بەرهەم ساڵح بۆ ناو یەكێتی كە پاڤڵ تاڵەبانی ئەندازیارە سەرەكییەكەی بوو. ئەو (بەرهەم) ـەی كە بەدیدی زۆرێكمان بە ڕۆیشتنی چاوەڕێی كەوتنی یەكێتیمان دەكرد، بەڵام دواتر لەڕێگەی سەفقەیێكی ئاڵۆزی سیاسی توانی بیگەڕێنێتەوە بۆ ناو یەكێتی، بێ ئەوەی پۆستی سەرۆك كۆماریشی بۆ گەرەنتی بكات.

ئەم سێ وێستگەیەی ژیانی سیاسی پاڤڵ تاڵەبانی پێماندەڵێن كە كاراكتەرێكی سیاسی تری بەهێز بەڕێوەیە و دەیەوێت ئاراستەی ڕووداوەكان لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت. پێمان خۆش بێت یان نا، جووڵە و سەفقە سیاسییە نهێنییەكانی ئەو كاراكتەرە تازەیە كاریگەریی زۆریان دەبێت لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی و ئایندەی ململانێ سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان، بە تایبەتیش پێوەندی نێوان پارتی و یەكێتی. بەجۆرێك لە دوای 16ی ئۆكتۆبەر تاوەكو ئێستا درزی نێوان پارتی و یەكێتی هەروا گەورەتر دەبێت، بەشێكی هەرە زۆریشی پێوەندی بە باڵابوونی كاریگەریی پاڤڵ تاڵەبانییەوە هەیە كە تا ئێستاش پارتی و لایەنەكانی تر نایبینن، یاخود نایانەوێت ببینن. ناكۆكییەكانی ئێستای نێوان یەكێتی و پارتی لەسەر پۆستی سەرۆككۆماری عێراق یەكێكە لە دیارترین ئەو دەرئەنجامانە.

تاوەكو مام جەلالیش لە ژیاندا مابوو، كاندیدی پۆستی سەرۆككۆمار هەمیشە بە ڕاوێژی نێوان بارزانی و تاڵەبانی یەكلادەكرایەوە، بە مەرجێك ئەو كەسەی كە دەبوو بە سەرۆككۆمار دەبووایە بە فلتەری بارزانیشدا تێپەڕێت، بەڵام كاریگەریی سەفقەكەی پاڤڵ تاڵەبانی بەبێ گەڕانەوە بۆ بارزانی و ڕاوێژكردن بەلایەنەكانی تر، توانی بەرهەم بخزێنێتە ناو ئەو یاریە و یەكلایەنە بۆ پۆستی سەرۆكی كۆمار كاندیدی بكات، بە جۆرێك لە دوای 2003 وە ئەمە یەكەمجارە پارتی و یەكێتی دوو كاندیدی جیاوازیان دەبێت بۆ ئەو پۆستە. ئەمە دەكرێت سەرەتای قۆناغێكی تری ململانێ سیاسییەكان بێت لە هەرێمی كوردستان. پارتی و لایەنەكانی تریش وا باشە وریاتر و ئارامتر مامەڵە لەگەڵ هەڵكشانی پێگەی ئەم كاراكتەرە تازەیەی گۆڕەپانی سیاسی هەرێم بكەن، ئەگەرنا گوشاری زۆر لەوانەیە دەرئەنجامی خراپتری لێبكەوێتەوە و دواجاریش كاریگەری خراپی هەبێت بۆ سەر ئایندەی مانەوەی هەرێمی كوردستان بە یەكگرتوویی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەكانیان دەكەن و بەهیچ شێوەیەك دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# بەرهەم ساڵح دەکشێتەوە؟

**1**

پێشنیازەکەی سەرۆک بارزانی، دوای دیداری ڕۆژی هەینیی لەگەڵ دکتۆر بەرهەم ساڵح، بەربژێری یەکلایەنەی یەکێتی نیشتمانی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری وڵاتی بەناو عێراق بۆ دیاریکردنی بەربژێری هاوبەشی کورد لە ڕێگەی دەنگدان لەناو فراکسیۆنە کوردستانییەکان (کە هەر زوو لەلایەن بەرهەم ساڵح و یەکێتی ڕەتکرایەوە)، هەمان ئەو پێشنیازەیە کە دوو ڕۆژ بەر لەو دیدارە، لەلایەن قاسم سولەیمانی بە یەکێتی درا، بەو جیاوازییەی کە سولەیمانی ئەوەشی بە یەکێتی گوتبوو لەو پرۆسەیەدا نابێ دڵی بارزانی بشکێت! هاوکات لە دوا ساتەکاندا، هێرۆ برایم ئەحمەدیش هەمان میکانیزمی پێشنیاز کرد و بەوەش هەم دانی بەوەدا نا کە ئەو پۆستە ئیستیحقاقی یەکێتی بەتەنها نییە و هەمیش قەدەری بەرهەم ساڵحی حەواڵەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کرد کە لە زەرەری بەرهەم ساڵحە.

ئەگەرچی چەندینجار دکتۆر بەرهەم ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە کاتێک بەربژێری بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار قەبوڵ دەکات توانیبێتی پشتیوانیی پارتی و بەتایبەتیش بارزانی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە دەستەبەر بکات، بەڵام ئێستا ڕێک بە پێچەوانەی ئەوە، لە کاتێکدا کە بارزانی نەک هەر ڕازی نییە، بگرە بەربژێریشی هەیە، بەرهەم ساڵح سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو کێبڕکێیە لەناو پەرلەمانی بەغدا ساغ بکاتەوە.

لەڕاستیدا، دوای قسەکانی پاڤڵ تاڵەبانی کە گوتی "یەکێتی هیچ هێڵێکی سووری نییە"، بۆنی ڕێککەوتنێکی ژێربەژێری نێوان پارتی و یەکێتی لێدێت، بەڵام ڕەنگبێ هەردوولا چاوەڕێی ئەوە بووبن ئەو ڕێککەوتنەکە کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلول نەبێت، یان لانیکەم چاوەڕێی ئەنجامەکان بکەن. بۆیە لە ئێستاوەڕا تا ئەو کاتەی کە بەربژێرەکان دەچنە نێو کێبڕکێوە، ئیحتیمالی کشانەوەی دکتۆر بەرهەم هەیە، سەرباری ئەوەی کە ڕایگەیاندووە ناکشێتەوە. دوایین پێشنیازی پارتی بۆ دکتۆر بەرهەم ئەوە بووە کە لە بەرامبەر کشانەوەیدا بە مسۆگەری پۆستێکی سیادی بۆ ئەو (وەزارەتی دەرەوە) مسۆگەر بکەن، ڕەنگبێ بەشێکی دیدارەکەی ڕۆژی هەینیی نێوان سەرۆک بارزانی و بەرهەم ساڵحیش پەیوەست بووبێت بەو سەودایە، بەڵام ڕانەگەیەندرابێت. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، پارتی بەڵێنی بەماڵباتی تاڵەبانی داوە لەبەرامبەر ئەوەدا، چاوپۆشی لە هەموو ئەو دەستکەوتە مادديیانە بکەن کە لە ڕێگەی ئەو پۆستەوە تا ئێستا بۆ خۆیانیان دەستەبەر کردووە، بۆیە ماڵباتی تاڵەبانی بە حوکمی ئەوەی هێشتا مەجبووری پارتین لە حوکمڕانیی کوردستان و ناشتوانن وا بە ئاسانی لە قسەی ئێران دەرچن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلول، ڕەنگبێ لە کۆتاییدا تەنازولێکی شەرافەتمەندانە بۆ پارتی بکەن و، بڵێن لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی کوردستان و ڕێگری لە دوو ئیدارەیی لەو بابەتە دەکشێنەوە.

## دەربچی هەر وەی، دەرنەچی هەر وەی!

**2**

لە 2012 کە جەلال تاڵەبانی نەخۆشکەوت، لێوەشاوەترین کەسێک کە دەبوو دوو ساڵەکەی دیکەی تاڵەبانی لەو پۆستەدا درێژە پێبدات، دکتۆر بەرهەم بوو. ئەو کاتە ماڵباتی تاڵەبانی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئێران و مالیکیدا و، بۆ بەردەوامیی خێر و بێری پۆستەکە و، ڕاگرتنی باڵانسی ناوخۆیی ناو یەکێتی، ڕێگەیان نەدا ئەو پۆستە پڕ بکرێتەوە. دواتریش لە گەلەکۆمەیەکی ناوخۆییدا دکتۆر بەرهەمیان شکاند. ئێستا حیکمەت چییە کە بەشێکیان (جگە لە هێرۆ و شانازی برایم ئەحمەد) بەو شێوەیە پێداگرن لەسەر بەربژێرکردنی دکتۆر بەرهەم؟ هەمووی چەند هەفتەیەک پێش ئێستا بوو کە هێرۆ و دوو کوڕەکانی بەیعەتیان بۆ بارزانی دووپات کردەوە، خێرە ئێستا ئاوا مەیدانخوازی دەکەن؟

ئەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی، بە هاودەستی لەگەڵ جووتە برا و زڕ ئامۆزا بەڕێوەی دەبەن، پرۆژەی لەناوبردنی دکتۆر بەرهەمە وەک کەسایەتییەکی سیاسی، چونکە بۆ یەکەمجار لە مێژووی تەمەنی سیاسیی دکتۆر بەرهەمدا، ئەو کارەکتەرە لێبوردەیەیان کە هەردەم بیری لە تەجاوەزی مەدرەسەی جەلالی و مەلایی دەکردەوە، بەرەوڕووی سەرۆک بارزانی کردەوە. بەواتایەکی دیکە بە تیرێک دوو نیشانیان پێکا؛ دەکرا دکتۆر بەرهەم کاندیدی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بووایە، بەڵام ئەو پەلەپەلە لە ڕاگەیاندنی ناوی دکتۆر بەرهەم جێگەی پرسیارە. هاوکات لە ڕوویەکی دیکەشەوە، ئەگەر دکتۆر بەرهەم سەربکەوێ، خێر و بێری پۆستەکە بۆ خۆیانە، خۆ ئەگەر سەریشنەکەوت، هەم کەسایەتیی دکتۆر بەرهەمیان تێکشکاندووە و، هەمیش هێرۆ ئیبراهیم هەردوو کوڕەکەی بۆ لای بارزانی گاڵ دەدات و تەڵەبی مەغفیرەت دەکات! نە بارزانی و نە پارتی هیچ ئەمری واقیعێکیان نە قەبوڵ کردووە و نە لەمەودواش قەبوڵی دەکەن. بۆیە تەنانەت ئەگەر دکتۆر بەرهەم ساڵح دەریشبچێ، نابێتە واجیهەی سیاسەت لە سلێمانی و پتر لە جاران پێگەی ماڵباتی تاڵەبانی بۆ درێژەپێدان بەو حوکمەی ئێستایان جێگیر دەکات و، بارزانیش دانی پێدا نانێ و مامەڵەی لەگەڵ ناکات.

## کۆمیسیۆن بردییەوە

**3**

ئەم گوڵە زێڕینە کە بە پاسی پارتی و لێدانی گۆڕان و لایەنەکانی دیکەی کۆمیسیۆن لە یەکێتی کرا، دەستبەجێ کاردانەوەی بەرفراوانی یەکێتیی بەدوای خۆیدا هێنا. تەنانەت وەکو پیلانگێڕییەک لەدژی یەکێتی وێنا کرا، هەموو کەس دەیزانی (دیارە هاوپەیمانییەکەی دکتۆر بەرهەم هەر لەبەر ئەو هۆکارە بایکۆتی هەڵبژاردنی ڕاگەیاند) کە یەکێتی بەتەمای تەزویرێکی بەرفراوانە و تەنانەت دکتۆر بەرهەمیش لە پێگە تازەکەیدا، دەنگی نەدا و بایکۆتەکەی نەشکاند!

پارتی زیرەکانە گەڕایەوە بۆ پشتیوانیکردن لە لایەنەکانی دیکەی دەرەوەی یەکێتی تا هەم ڕێگری لە گەورەبوونی نائاسایی یەکێتی بگرێت و، هەمیش توانای ئەوەی هەبێ لە ئەگەری ترازان لەگەڵ یەکێتی، بێ یەکێتیش حکومەت پێکبێنێت، یان هەر نەبێ یەکێتی نەبێتە کارەکتەری سەرەکی لە پێکهێنانی حکومەتدا.

ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا، ڕێژەیەکی ئاساییە و دەرکەوت کە ڕێژەکانی پێشوو خەیاڵی بوونە. بۆیە براوەی ئەم هەڵبژاردنانە بە پلەی یەکەم کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنە کە توانی لە یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردندا بە ڕووسووری لە پرۆسەکە دەربچێت.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# ساڵیادی پێغەمبەری عەشق و ڕاستی

ڕۆژی 2 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1869 واتە ڕێک سەدوپەنجا ساڵ لەمەوبەر، منداڵێک چاوی بەدنیا هەڵهێنا کە زۆر لە لایەنگرە شەیداکانی دواتری، ئەویان تا ئاستی پێغەمبەرێکی ئاسمانی بەرز دەنرخاند: مۆهانداس کارامچاند گاندی. ئەگەرچی گاندی، وەک لە نامەیەکیدا بۆ ڕۆمەن ڕۆلان بەڕاشکاوی بێزاریی خۆی لەم جۆرە نرخاندنە ڕاگەیاندووە و "بەبێ هیچ تەوازوعێک" خۆی تەنیا بەمرۆڤێکی ئاسایی، بە "ڕێبوارێکی ڕێگەی حەقیقەت" زانیوە، بەوەشەوە "پەیامی پێغەمبەرانە"ی گاندی بۆ جاڕدانی "خۆشەویستی و ڕاستی"، ئەویش وەک ئەجندا و پلاتفۆرمی سیاسی و هەوێنی بزووتنەوەیەکی مەزنی ڕزگاریخوازانە، ڕێبازەکەی ئەویان بەهەق کردووەتە "ڕۆحی جیهانێکی بێ ڕۆح".

### توندوتیژی وەک ڕیزپەڕ

گاندی لەهەمووشتێ زیاتر بە خەباتە ناتوندوتیژانەکەیەوە بە ناوبانگە. هەڵبەت گاندی داهێنەری پرێنسیپی ناتوندوتیژی نییە، نە لەجیهاندا و نە تەنانەت لەهیندوستانیشدا. ناتوندوتیژی کە لە زمانی سانسکریتیدا "ئاهیمسا"ی پێدەگوترێ، ڕیشەی هەزاران ساڵەی لە ئایینە کەونارا هیندییەکانی هیندوویزم، بوودیزم و جەیینیزمدا هەیە. هونەری گاندی ئەوە بوو کە ئەندیشەی کەونارای ئاهیمسای لە قووڵایی فەلسەفەی هیندییەوە هەڵگوازت و متوربەی بیرۆکەی کۆمەڵێک بیریاری هاوچەرخی ڕۆژاوایی کرد. گاندی؛ بنەمای ناتوندوتیژیی لە پرێنسیپی "خەڵوەتنشینی و دوورەپەرێزییەکی عارفانەوە" گۆڕی بۆ "دینامیکیەتێکی کۆمەڵایەتی" و هێزی لەبڕاننەهاتووی جووڵێنەری مێژوو. گاندی بەپێچەوانەی کەسانی وەک هانا ئارنت، پێیوایە کە ئەوەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دیاردەی زاڵە، ناتوندوتیژییە نەک توندوتیژی. گاندی دەڵێ؛ "ئەوەی لە مێژوودا ڕێسایە ناتوندوتیژییە، توندوتیژی ڕیزپەڕێکە لەو ڕێسایە". ئەو دەڵێ ئێمە بۆیە مێژووی تۆمارکراومان پڕ لە توندوتیژی دەنوێنێ، چونکە مێژوونووسەکان تەنیا توندوتیژییەکانیان بە شیاوی تۆمارکردن زانیوە! گاندی دەڵێ؛ "میللەتان هەزاران ساڵە زۆربەی تەمەنیان ئاشتیانە لەتەنیشت یەکترەوە ژیاون، بەڵام ئەم ژیانە ناتوندوتیژانەیە بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەمدراوە و کەس بە شیاوی تۆمارکردنی نەزانیوە!

### ساتیاگراها، شیرەی ئەندێشەی دوو دنیا

گاندی ساڵی 1893 تا 1914 لە ئەفریقای باشوور ژیا. لەم قۆناغەدا بوو کە گاندی لە پارێزەرێکی شەرمنەوە بوو بە ڕێبەرێکی چاونەترسی خەباتی مەیدانی. ئەمە قۆناغی فراژینی گاندی بوو، چ وەک کەسایەتی چ وەک ڕێبەرێکی کۆمەڵایەتی. لە ڕەوتی ئەم ئاڵوگۆڕە دەروونی و دەرەکییەدا، چەمکە جمگەییەکەی فەلسەفەی سیاسیی گاندی واتە "ساتیاگراها"ش خەملی. ساتیاگراها کە جەوهەری فەلسەفەی خەباتی ناتوندوتیژانەی گاندییە، لەسەر دوو بنەما داڕێژراوە: عەشق و حەقیقەت. تێڕوانینی گاندی بۆ چەمکی حەقیقەت ڕیشەی لە فەلسەفەیەکی هیندیدا هەیە، بەڵام ئەو هەرگیز حاشای لەوە نەکرد کە ڕەگەزی دووهەمی ساتیاگراها، واتە "عەشق" بەرهەمی ئاڵوگۆڕی فکری لەگەڵ بیریارە ڕۆژاواییەکان بووە. لەڕاستیشدا تێگەیشتنی گاندی بۆ "عەشق" هەڵگری ڕەهەندێکی بەهێزی کریستیانەتییە و پێدەچێ بەرهەمی خوێندنەوەی "حوکمڕانیی خوا لە دەروونمدا" لە نووسینی لیۆ تۆلستۆی بێت. هەڵبەت کاریگەریی پاسیفیست و ئانارشیستی مەزنی ڕووس، لیۆ تۆلستۆی لەسەر خەملینی بیرۆکەکانی گاندی زۆر لەمە زیاترە. هێندێک جمگەی بەناوبانگی تێڕوانینی خەباتی دژی داگیرکەران کە لەسەر زاری گاندییەوە ناوبانگی جیهانییان پەیدا کردووە، لەڕاستیدا لەو بیرۆکانەن کە تۆلستۆی لە ماوەی نامەئاڵوگۆڕکردنەکانیدا بۆ "کابرا هیندووەکە"ی ناردبوون. گاندی دەیگوت؛ "بەریتانییەکان وڵاتی ئێمەیان داگیرنەکردووە، ئێمە خۆمان وڵاتەکەمان ڕادەست کردوون!". ئەمە یەکێک لەو نموونانەیە. لێرەدا گاندی ئەو ئەندێشە شۆڕشگێڕانەیەی تۆلستۆی دەقۆزێتەوە کە لە نامەیەکدا بۆی نووسیبوو: "کۆیلایەتی هیچ نییە جگە لە ڕادەستکردنی ئیرادە"!

### مەکینە نەفرەتلێکراوەکان!

گاندی وەک هەر ڕێبەرێکی ڕاستەقینەی مێژووساز، لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی مەشخەڵی پێشەوایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هیندەوە، بەشی زۆری جیهانبینییە سەراپاداگرەکانی خۆی لە چوارچێوەی کتێبی "هیندسواراج" (واتە، خۆبەڕێوەبەریی هیند)دا بڵاوکردەوە. هیندسواراج لەڕاستیدا مانیفێستی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گاندییە. گاندی تا کۆتاییەکانی تەمەنی بە زۆربەی ئەو بنەمایانە وەفادار مایەوە کە لە "هیندسواراج"دا بانگەشەی بۆکردبوون. لەبەر ئەوەی ئەم وتارە جێی وەردانەوەی هەموو بیرۆکەکانی گاندی نییە، لێرەدا تەنیا چەند نموونەی باڵکێش دەهێنمەوە:

گاندی دژایەتییەکی ئاشتیهەڵنەگری لەگەڵ پیشەسازی و هەر جۆرە مەکینە و ئامرازێکی مێکانیکی هەبوو. ئەو دەیگوت "بەختەوەری ئەوەیە شەش مانگ لە شوێنێک بمێنیتەوە کە قەت ئەو شەمەندەفەرە بەنەفرەتکراوە پێی تێنەکەوتبێ!". گاندی خوازیاری پەرەپێدانی خۆجێیی گوندەکان و ئابووریی سەربەخۆی ئەوان بوو. ڕەخنەگران ناکۆکییەک لەم بیرۆکەیەی گاندیدا دەبینن، چونکە چاویلکەکەی چاوی گاندی و، بگرە پێمەڕە و لەویش زیاتر ئەو مەکینە سادەیەی چنین کە گاندی ئیشی پێ دەکرد، ئەوانیش ئامرازێکی مێکانیکی بوون! دیارە دژایەتیی پیشەسازی لەلایەن گاندییەوە حیکمەتی خۆی هەبوو. ئەو لەلایەکەوە پێیوابوو کە کار تا ئەو کاتە پیرۆز و بەبەرەکەتە ڕاستەوخۆ بە دەستوپێی مرۆڤ خۆی ئەنجام بدرێ. لەلایەکی تریشەوە پێیوابوو، خەیاڵی خاوە ئەگەر پێمان وابێ دەتوانین پیشەسازی لە ڕۆژاواییەکان وەربگرین، بەڵام لە ئاسەوارە خراپەکانی "شارستانیەتە گەندەڵە مەعنەویەت ڕزێنەکەیان" پارێزراو بین.

ئەوەی گاندی لەگەڵی نەیار بوو شێوازی بیرکردنەوە و نوێبوونەوەی کۆمەڵگە تاکگەرا ڕۆژاواییەکان بوو. گاندی باوەڕێکی قووڵی بە بەهاداریی شارستانیەتی هیندی هەبوو. ئەو پێیوابوو شارستانیەتی هیندی لەو دەگمەن شارستانیەتانەیە کە توانیویەتی بەرگەی پەلاماری وێرانکەری شارستانیەتی ڕۆژاوایی بگرێت. کولتووری هیندی بەڕادەیەک بۆ گاندی گرینگ بوو کە دەیگوت "بەریتانییەکانیش کە ئێستا ئێمە بە داگیرکەریان دەزانین، ئەگەر کولتووری خۆجێیی ئێمە پەسند بکەن و خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن، دەتوانن لێرە بمێننەوە، بەڵام ئەگەر بیانەوێ کولتوورەکەی خۆیان بپارێزن، ئەوە دەبێ لێرە بڕۆن". کێشەی گاندی لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژاوایی زۆر قووڵ بوو. ئەو تەنانەت نەیارایەتیی پێڕی پزیشکان و ئەندازیاران و زانستوانە هاوچەرخەکانی تریشی دەکرد. هۆیەکەشی کەم تا زۆر هەر ئەو شتە بوو کە دەیان ساڵ دواتر میشێل فۆکۆ لە پێوەندیی زانست و دەسەڵاتدا ئاماژەی پێ دەکا؛ گاندی بەزمانێکی سادە دەیگوت، پسپۆڕی بۆ ئەوە نییە بیکەیتە ئامرازی خۆسەپاندن بەسەر خەڵکی تردا. ئەو دەیگوت؛ نە پزیشکی و نەهیچ پیشەیەکی تر، لە پیشەیەکی دیکەی مرۆڤ بەهادارتر نین. هەڵبەت گاندی دەیگوت، من دەزانم هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستیی بە زانا و پسپۆڕ هەیە، بەڵام نەک ئەو پسپۆڕانەی لە سۆنگەی زانایییەکەیانەوە دەکەونە لوتبەرزی و جۆرێکی تازەی هیێرارشیەتی دەسەڵات بەرهەم دەهێنن. گاندی بۆ خۆیشی ئەوپەڕی سادەپۆشی و سادە ژینیی هەڵبژاردبوو، بەشێک لە سۆنگەی باوەڕە ئایینییەکانیەوە و بەشێکیش بۆ ئەوەی هیچ کەس پێیوانەبێ گاندی لەو زیاترە و، ناتوانێ پێ لە شوێنپێی گاندی بنێ.

سادەژینی و سادەنیشاندانی بنەما فەلسەفییەکان، نەریتێکی باوی گاندی بوو. ئەو هەمیشە ئەوەی وەبیردەهێنایەوە کە "ئەو شتێکی نەکردووە خەڵکی تر پێیان نەکرێت". گاندی نهێنیی سەرکەوتنی خۆی تەنیا لە پرۆڤە و زاڵبوون بەسەر نەفسی خۆیدا دەبینی. تەنانەت لە باسی ئەندێشە فەلسەفییەکانیشیدا هەروا ئاسانئنوێنیی دەکرد. بۆ وێنە سەبارەت بە "ساتیا" (هەقیەت) یاخود ئاهیمسا (ناتوندوتیژی)، ئەو دوو پرێنسیپەی کۆڵەکەی فەلسەفە سیاسییەکەی پێکدەهێنن، زۆر بە سادەیی دەیگوت، ئەمانە هیچیان نوێ نین و "من شتێکی نوێم پێ نییە پێشکەشی دنیای بکەم". ئەو ڕاشکاوانە دەیگوت "هەقیقەت و ناتوندوتیژی ئەوەندەی ئەو کێووکەژانە کۆنن"!

### ڕەخنە لە گاندی

گاندی سەرەڕای ملیۆنان هەوادار، ڕەخنەگرێکی زۆریشی هەبوو. ڕەنگە گرینگترین ڕەخنە لەو، ئەو پشتگوێخستنەی پرسی دالیتەکانی هیند بێ. دالیتەکان ئەو کەمینە هیندییەن کە لە پەیڕەبەندی ئایینی هیندوودا دەکەونە بنی بنەوەی کاستەکان. کەسانێک کە بە گڵاو لەقەڵەم دەدران و دەکەوتنە دەرەوەی هەموو ڕێز و بەهایەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی. هەڵبەت گاندی حاشای لە کێشەی دالیتەکان نەبوو. گاندی بە دالیتەکانی دەگوت "هاریجان" واتە منداڵی خوا. ئەو نانی لەگەڵ دەخواردن و دەیویست بە زمانێکی نەرم زۆرینەی هیندوو لەوە تێبگەیەنێ کە "منداڵانی خوا"ش موستەحەقی ژیانێکی ئاساییین. بەوەشەوە گاندی ملی بۆ ئەو ڕیفۆرمە ڕادیکاڵانە ڕانەدەکێشا کە بۆ وێنە دکتۆر باباساحێب ئامبێدکار ڕێبەری پێشەنگی مافەکانی دالیتەکان داوای دەکرد. گاندی نەیدەویست لەبەر دالیتەکان، کاستە باڵاکانی هیند لە بزووتنەوەکەی بسڵەمێنەوە. ئەو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە، پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی هیندووستان لەخەباتی دژی کۆلۆنیالیزمدا بۆ ئەو ئەولەویەتە. "یەکیەتی لە فرەیەتیدا" دروشمی گاندی بوو. پاراستنی یەکیەتیی هیندووستان بۆ ئەو زۆرگرینگ بوو، ئەمە ڕاستییەکە لە شێوەی مامەڵەی گاندی لەگەڵ مسوڵمانەکانیشدا ڕەنگی دابووەوە. وای لێهات هێندێک لە هیندووە توندڕەوەکان لەبری "ماهەتما گاندی" ناتۆرەی "مۆهەمەد گاندی"یان شوێن خستبوو! هەڵبەت پێداگریی "حیزبی لیگ"ی مسوڵمانەکان بەسەرۆکایەتیی محەمەد عەلی جیناح بۆ جیاکردنەوەی پاکستان لە هیند، وای کرد گاندی نائومێدانە مل بۆ جیابوونەوەی مسولمانەکان ڕابکێشێ. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هیندووە توندڕەوەکان تۆمەتی ناپاکی بدەنە پاڵ گاندی. هەرلەو سۆنگەیەشەوە بوو کە هیندوویەکی توندڕەو لە ژانویەی ساڵی 1948دا، دڵی گەورەی گاندی، ئەو ڕۆحە مەزنەی ناتوندوتیژی بە سێ فیشەک پێکا و، خڵتانی خوێنی کرد.

ئەو ڕەخنانەی لە ماهەتما گاندی دەگیران هەموویان بێ پاساو نەبوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بڕێک لە ئەندێشەکانی گاندی و، هەستیارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، بەگوێرەی تێپەڕینی کات خەملین و گەشەیان سەند. گاندی لە پێشەکیی سێهەمین چاپی "هیندسواراج"دا دەڵێ "من لە نووسینەکانمدا کۆڵ بە هەڤگیری و یەکانگیریی بیرۆکەکانمەوە هەڵناگرم. هەر کات دوو بۆچوونی جیاوازی منتان سەبارەت بە یەک بابەت بەرچاوکەوت، پشت بەودانەیان ببەستن کە نوێترە". گاندی دەڵێ" من لە ڕەوتی گەڕان بەدوای هەقیقەتدا جار هەیە واز لە بیرۆکەیەک دێنم و یەکی تر هەڵدەبژێرم. ئەوەی بۆمن گرینگە گوێڕایەڵییە بۆ هەقیقەت". هەقیقەت بەلای گاندییەوە "بانگی خوایی" بوو. ئەو دەیگوت "هەقیقەت، خوایە". هەڵبەت لێرەدا پێویست نییە خۆمان سەرگەردانی وێنایەکی مێتافیزیکی بکەین. مەسەلەکە ڕەهەندێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەیە. بۆوێنە، بەڕوونی دیارە کە لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا گاندی هەستیارییەکی ئەوتۆی بەرامبەر بە پرسی چەوساندنەوەی دالیتەکان نەبوو. پرسێک کە بۆ چەوساوە بێکاستەکانی هیند پرسی سەرەکیی ژیان بوو، بۆ گاندی پرسێکی لاوەکیی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی بوو. ئەمەش پێش ئەوەی پێوەندیی بەو پاساوە ئایینی و سیاسییانەوە هەبێ کە گاندی دەیهێنانەوە، پێوەندیی بە جیهانبینیی ئایینی–کۆمەڵایەتیی گاندی و زۆر لە ڕێبەرە براهماییەکانی حیزبی کۆنگرەی گەلی هیندەوە هەبوو.

یان بۆ وێنە، لەباسی خەباتی چینایەتیدا، جەواهێرلەعل نەهرۆ، کەخۆی یاوەری نزیک و هاوسەنگەری بزووتنەوەکەی گاندی بوو، ساڵی 1927 لای ڕۆمەن ڕۆلان، پشتەملە، گازندە لە گاندی دەکا کە "خەڵک نانی نییە بیخوا، کەچی ئەو هەر باس لە تەزکیەی نەفس و پاکژیی دەروون بۆ خەڵک دەکا!". لەو ڕۆژانەدا، نەهرۆ نیگەرانیی ئەوە دەردەبڕێ کە خەڵکی خەریکە وردەوردە لە گاندی و جیهانبینییەکەی دڕدۆنگ و نائومێد دەبن. هەرچەند دواجار هەر هێڵی ناتوندوتیژانەی گاندی بوو کە سەرکەوت و بۆ وێنە ڕێک سێ ساڵ دواتر، لە"ڕێپێوانی خوێ"ی سەدان کیلۆمەتریدا، بەبەشداریی سەدان هەزارکەس، لە ئەحمەدئابادی گوجەراتەوە تا کەنارەکانی زەریای هیند، بنیاتی حوکمڕانیی ئینگلیزییەکانی وەلەرزەخست. بەوەشەوە، ڕاستییەک لە ڕەخنەکەی نەهرۆدا هەیە کە ڕەنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕیشەکەی پێویست بێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پڕکەندولەندی پیشەسازی هیندوستان و ئەوەی کە، گاندی لە سۆنگەی لووتەلابوونی لە مادیات و پیشەسازی، تا درەنگانێک لە ئاست دەرکەوتە کۆمەڵایەتی–سیاسییەکانی پیشەسازی و، هەروەها دینامیکیەتی ناکۆکییە چینایەتییەکان کەمتەرخەم بوو. گاندی لەو قۆناغەدا تەنیا لەبیری خەبات بۆ سەربەخۆیی و "یەکیەتی لە فرەیەتیدا" بوو، بە یەکیەتیی نێوان کرێکاران و سەرمایەدارەکانیشەوە! لە خۆوە نەبوو کە ڕەوتێکی بەهێزی چەپ لە هەناوی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی هیندوستانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵدا.

### هیندوستانی پۆست - گاندی

سەرەڕای هەموو کێشە و کەموکوڕییەکان، گاندی بزووتنەوەی مەزنی دژی کۆلۆنیالیزمی وڵاتێکی هەزارتیکەی وەک هیندی گەیاندە کەناری سەربەخۆیی. گەورەیی گاندی، بەڕای من، لەدوای سەربەخۆیی زیاتر دەرکەوت، ئەوکاتەی لە لوتکەی خۆشەویستی و هێزدا، هەروا سادە و خاکەڕا مایەوە؛ پیاوێکی ژیری وەک جەواهێرلەعل نەهرۆی بەسەرۆک وەزیر هەڵبژارد و لەویش زیاتر، یەکێک لە سەرسەختترین ڕەخنەگرانی خۆی واتە دکتۆر ئامبێدکاری پێشەوای دالیتەکانی کردە وەزیری داد و، سەرپەرشتیاری نووسینەوەی دەستووری بنچینەیی، تا بەوپەڕی دەستئاوەڵاییەوە و بەدڵی خۆی، مافی بەرابەر بۆ چەوساوەکانی هیند لە دەستووری بنچینەیی هیندوستانی سەربەخۆدا بچەسپێنێت!

هەڵبەت باسکردن لە هیندوستانی پۆست–گاندی هەویرێکە ئاو زۆر دەبا. هەرچەند گاندی لە هیندوستاندا بەفەرمی وەک "باوکی نەتەوە" ناوی دەهێنرێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیندوستانی خاوەن بۆمبی ئەتۆمی، خاوەن هێزێکی چەکداری هەردەم ڕوولەگەشە، ئەو هیندە نەبوو کە ڕێبازە ناتوندوتیژانەکەی گاندی دەبووایە پێی بگات. هیندوستانی قانگدراو بە تێکنۆلۆژیای سەردەم و هێشتاش پڕلە نابەرابەریی کاستی، ئێتنیکی، ڕەگەزی و تاد. ئەو هیندوستانە نییە کە گاندی خەونی پێوە دەبینی. بەوەشەوە، شوێنپێی ئاواتەکانی گاندی لە هیندی ئەمڕۆشدا حاشاهەڵنەگرە. ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین لەوبارەیەوە، گرێدراویی سەیری هیندییەکان بە دابونەریتە دێرینە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانیانەوە بێ، ئەویش نەک هەر لە ناوخۆی وڵاتدا بەڵکو لەهەر شوێنێکی ئەم دنیا گلۆباڵەدا کە هیندییەکان ڕوویان تێکردبێ! لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە کەم بزووتنەوەی ناتوندوتیژی جیهانی هەیە کە ئەندێشەکانی گاندی ڕێنیشاندەری ڕاستەوخۆ یان ئیلهامدەری نەبووبێت، هەر لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ڕەشەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی مارتین لۆتەرکینگەوە بگرە تا بزووتنەوەی دژەهەڵاواردنی ئەفریقای باشوور بە سەرۆکایەتیی نێلسۆن ماندێلا و، بزووتنەوەی دژە تۆتالیتاریسمی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بە پێشەنگیی کەسانی وەک ڤاسلاڤ هاڤێل و تاد. ڕەنگە هەر ئەوەندە بەس بێ کە بڵێین کەسایەتیی وەک دالای لامای پێشەوای تێبیتیەکان، کە بۆخۆی پێشەوای ڕۆحی و سیاسیی نیوسەدە خەباتی لاشەڕانەی تێبیتییەکان بووە، گاندی بە هاندەر و ئیلهامدەری خۆی ناودەبا. گاندی ئیتر لەمێژە تەنیا موڵکی هیندییەکان نەماوە. ئەمە ئیتر تەنزێکی شیرینە کە لەسەردەمی گلۆباڵیزەبوونی کولتووری ڕۆژاواییدا، گاندی کە نەیارێکی سەرسەختی ئەو کولتوورە بوو، بۆ خۆی بووەتە ئایکۆنێکی گلۆباڵ!

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# گۆرانییەکی تورکی لە هەولێر کلیپ دەکەم

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی کە 8 لقی لە ئەمریکا هەیە و دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لە حکومەتی هەرێم، لقی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە و تاکە زانکۆی راستەقینەی ئەمریکی یە لە ئێراق و کوردستان. ئەم زانکۆیە خاوەنی 10 دانپێدانانی ئەمریکی و جیهانی یە و سەرجەم سیستمی خوێندن، مەنهەج، کامپێسی ئەلکترۆنی و بڕوانامەکانی لە ئەمریکاوە دێن. ئەم زانکۆیە ئەمساڵ 2 سکول بە چەندین بەشەوە دەکاتەوە:

- سکولی بیزنس و بیزنسی نێودەوڵەتی بەم بەشانەوە:
- ژمێریاریی و دارایی
- سەرچاوە مرۆیی یەکان
- بەڕێوەبردنی کار
- بەڕێوەبردنی گاز و نەوت

**سکولی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر بەم بەشانەوە:**
- ئەندازیاری پرۆگرامەکانی مۆبایل و وێب
- ئەندازیاری سایبەر سکیوریتی
- ئەندازیاری تێلێکۆمیونیکەیشن
- ئەندازیاری نێتوۆرک
- ئەندازیاری داتابێیس
- ئەندازیاری سۆفتوێر

هەروەها ئەم زانکۆیە ئینستیتوتی زمانی ئینگلیزی کردۆتەوە بۆ خوازیارانی فێربوونی زمان کە 6 ئاستی هەیە و قوتابییان ئامادە دەکات بۆ خوێندنی ئاکادیمی، بیزنس، گفتوگو یان بۆ تاقیکردنەوەی ئایل و تۆفل.

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەی خوارەوە:**
1616 970 750 00964
1616 980 750 00964

ئادرێس: هەولێر- شەقامی گوڵان